# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژماره ٨٠٢ ▪ سێشەممە ١٥ی پووشپەڕی ١٤٠٠ _ ٦ی جوولای ٢٠٢١

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## مستەفا مەولوودی: ناتوانن پاشەکشە بە مافخوازیی خەڵک بکەن

مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە دیمانەیەکدا لەگەڵ «کوردستان» ڕەخنەی لە سیاسەت و هەڵسوکەوتی کۆمەڵگەی جیهانی بەنیسبەت کۆماری ئیسلامی گرتووە و دەڵێ ئەگەر کۆی گشتیی کۆماری ئیسلامی خرابایە نێو لیستی گەمارۆکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەو ئێقدامەش بە جیددی جێبەجێ کرابا؛ ئەوکات ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران نە ئەوەندە دەستئاوەڵا دەبوون ئەمنییەتی ناوچە ناسەقامگیر بکەن و نە بۆیان دەکرا دەرحەق بە خەڵکی ئێران ئەو هەمووە تاوانە بکەن و بۆ دنیای دەرەوەش شێوەیە ببنە سەرئێشە.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لەو دیمانەیەدا دەڵێ بزووتنەوەی سیاسیی کورد دەبێ زەمینەی کۆکردنەوەی هەموو زەرفییەتەکان بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەی مافخوازی خەڵکی کوردستان دروست بکا و لە بیری هەماهەنگی و هاوکاری بە یەکەوە خەبات کردندا بێ بۆ دابینکردنی دێموکراسی لە وڵات و وەدەستخستنی مافی ڕەوای سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان.



**«دەقی تەواوی ئەم دیمانەیە لە لاپەڕەکانی ٢ و ٣دا بڵاو کراوەتەوە»**

## ٢٢ی پووشپەڕی هەموو ساڵێک

# داینەمۆیەکی نوێ بۆ درێژەدانی خەباتە




سەروتار

## Failed State

## دەوڵەتی شکستخواردوو

**عەلی بداغی**

ناوەندی بڕیار لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دیاریکردنی ڕەئیسی وەک سەرۆککۆمار و دانانی موحسینی ئێژەیی لە لوتکەی دەسەڵاتی داد و تەنانەت وەلانانی هەموو ئەو خۆییانەش کە لە قۆناغی ئێستادا شکیان لە کارایی و خزمەتەکانیان بە پرۆژەکانی حکوومەت هەیە، بازنەی دەسەڵاتی خۆی تەواو یەکدەست کردووە. دەسەڵاتی سەرەکی لە ڕێژیم بەو نەفەسەی دوای بەڕێوەبردنی پرۆژەی بەناو هەڵبژاردنەکانەوە و وەک ئەوەی لە مونازیرەکانیشدا باس دەکرا، سوورە لەسەر ئەوەی تاوانی هەموو نەهامەتیی خەڵک و قەیرانەکانی کۆمەڵگە بخاتە ئەستۆی دەوڵەتەکانی پێشوو، بێ ئەوەی وەسەر خۆیانی بێنن کە سەرۆکەکانی پێشووتری دەوڵەتەکانیش هەر بە ویست و بڕیاری ڕێبەری ڕێژیم دەستبەکار بوون و بێ ئیزنی ئەو قامکیان لە ئاو ڕۆ نەکردووە.

ڕێژیم بەو گاردەوە و دوای یەکخستنی ڕەهای گوتاری حکوومەت لە هەموو جومگەکانی دەسەڵات، ئێستا چاو لە داهاتووی دانیشتنەکانی ژیاندنەوەی بەرجام دەکا بۆوەی لەلایەک گوشاری سزاکان لەسەر خۆی لاببا و لەلایەکی دیکەوە بە توانایەکی دیکەی ماددییەوە لە پرۆژە ستراتیژییەکانی لە ناوچەدا بەردەوام بێت. بەڵام ڕێژیم لە هەردوو گۆڕەپانەکەدا بەرگژەی زۆری لەبەردەم ڕیز کراون:

یەکەم ئەوەی ژیاندنەوەی بەرجام بەو ئاسانییە نییە کە کۆماری ئیسلامی دەخوازێ و، لابردنی هەموو سزاکان و ئاساییکردنەوەی هەموو پێوەندییەکان بەو پێشینەیەی ڕێژیم کە لە دوای بەرجام بەجێی هێشت، بۆ ڕێژیم خەیاڵێکی خاوە. ڕاستە دەوڵەتی بایدێن -بەپێی سەرچاوە نافەرمییەکان- ئامادە بووە سزاکانی سەر ئێران لە شەش بواری وزە، بانکەکان، پێترۆشیمی، پاپۆڕەوانی، بیمە، ئۆتۆمبیلسازیدا و سزاکانی سەر ٧٤٨ کەسایەتیی حەقیقی و حقووقیی ڕێژیم هەڵپەسێرێ؛ بەڵام سوورە لەسەر ئەوەی سزاکانی دیکە کە ٥١٧ خاڵن و بەشی هەرەزۆریان پێوەندییان بە پرسی مووشەکی، تێرۆریزم و مافی مرۆڤەوە هەیە، لەجێی خۆیان دەمێنن.

دووهەم ئەوەی پرسی مووشەکیی ئێران کە خامنەیی بە بڤەی داناوە، بووەتە بەشێکی سەرەکی لە بابەتەکانی پێوەندیدار بە بووژانەوەی بەرجامدا. بێگومان نە وڵاتانی ئەندام لە بەرجام – ئەویش پاش بەناو هەڵبژاردنەکانی ٢٨ی جۆزەردان- هێندە کاڵفامن کە نەزانن بەو ئیمتیازانەی دەیاندەنە ئێران و بەو گوێ خەواندنەی لە پرۆژە مووشەکییەکانی ڕێژیم ...


درێژە لە لاپەڕەی ٢



بۆ قاسملوو لە ڕێبازیدا بە زیندوویی مایەوە؟ ٤
سمایل شەرەفی

پێشمەرگە و مافی بەرگریی ڕەوا ٥
زانیار حوسێنی

ئەوەی گرفتە ئێرانە نەوەک ڕێککەوتنی ئەتۆمی ٦
جەیمز جێفری و دێنیس ڕاس

جیاوازییەکانی سیستمی دێموکراتیک و مۆبۆکراتیک ٧
شۆڕش شاباز

ڕوانینی سەلەفییەکان بۆ پرسی نەتەوایەتی ٨
لوقمان مۆئمینی

◆ دریژەی سەروتار

## Failed State
## دەوڵەتی شکستخواردوو

... چ دەرەنجامێک هەڵدەگرنەوە؛ نە ولاتانی هاوبەش و هاوپەیمانە سیاسییەکانیان بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست –ئیسرائیل و ولاتانی عەرەبی– دەست لەسەر دەست دادەنێن کە کۆماری ئیسلامی بە کەیفی خۆی دریژە بە تەڕاتێنەکانی بدا. هاوکات پێگەی ئێران لەنێو ولاتانی ناوچەش دابەزینێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە. تەنانەت لە عێراقی زۆرینە شیعە خەڵک لە دەستوەردانەکانی ئەم ڕێژیمە بێزراون و دەیانەوێ لە دەستی ڕزگاریان بێت. شەڕ لە یەمەن لەجێدا چەقیوە و لەو ولاتە و لە لوبنانیش خەڵک لە دەستی حوسییەکان و حیزبوڵلا کە هاوبەشی سیاسیی ئێرانن وەزاڵە هاتوون. ڕێژیم سووریەشی بە ڕووسەکان دۆڕاندووە و خەڵکی ئەم ولاتەش ئێران بە شەریکی تاوانەکانی بەشدار ئەسەد دەزانن.

سێهەم ئەوەی کە دیاریکردنی ڕەئیسی وەک سەرۆککۆماریش کە لە لیستی ڕەشی گەمارۆکان‌دایە، بەرگژەیەکی دیکەی بەردەم کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دایە. وەک چۆن لە تازەترین کاردانەوەکان بە ناساندنی ناوبراو وەک سەرکۆماری نوێی ئێران، ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ‌سنوور (RSF) کەمپەینێکی بۆ پشتیوانی لە داواکەی جاوید ڕەحمان سەبارەت بە ڕەئیسی ڕاگەیاندووە. جاوید ڕەحمان، ڕێپۆرتێری تایبەتیی شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئێران حەوتووی ڕابردوو داوای کرد کە کۆمیسیۆنێکی دۆزینەوەی ڕاستییەکان لەبارەی ئێعدامی هەزاران زیندانیی سیاسی لە ئێران لە ساڵی ٦٧ی هەتاوی پێک بێ و ڕوون بکرێتەوە کە ڕۆڵی ئیبراهیم ڕەئیسی لەو کۆمەڵکوژییەی بەندییە سیاسییەکاندا کە ئەوکات جێگری داواکاری گشتیی ئێران بووە، چی بووە. بەڵام خۆ باسەکە هەر بەوەندە نابڕێتەوە. بەو گۆڕانکارییانەی لەو ماوەیەدا دەوڵەت و لە دەزگای قەزایی ڕێژیمدا کران، ئێستا جیا لە سپای پاسداران وەک باسکی چەکداری ڕێژیم، لە ٦ کۆڵەکەی سەرەکیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییش سەرۆکی پێنجیان لە لیستی گەمارۆکانی ئەمریکا و ئورووپا دان. بە واتایەکی دی جگە لە قالیباف سەرۆکی مەجلیس، هەموو ئەرکانی کۆماری ئیسلامی، واتە ڕێبەری، سەرۆکی دەزگای داد، سەرۆکی دەوڵەت، سەرۆکی مەجلیسی خوبرەگان و سەرۆکی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام لە ڕیزی ئەو سزا و گەمارۆیانە دان کە بە سەر ڕێژیمی ئێراندا سەپاون. عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم وێڕای موجتەبای کوڕی کە بە بڕیاری دۆناڵد ترامپ خرایە لیستی گەمارۆکانەوە. ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆککۆماری نوێی ولاتیش کە هەر لە یەکەم مانگەکانی دیاریکرانی بە سەرۆکی دەزگای داد خرابووە لیستی سزاکانەوە. سەرۆکی نوێی دەزگای داد موحسینیی ئێژەییش چەندە سەرە، هەم لە لیستی گەمارۆکانی ئەمریکا و هەم سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لیستی سزاکانی یەکیەتیی ئورووپا و بریتانیا دایە. ئەحمەد جەننەتی، سەرۆکی مەجلیسی خوبرەگان و سادق لاریجانی، سەرۆکی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزامیش هەردووکیان زیاتر لە ١٠ ساڵە لە لیستی گەمارۆکانی یەکیەتیی ئورووپا و ئەمریکا دان. بەمجۆرە کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا ولاتێکە لە دنیادا کە ڕێبەرانی و ئەرکانی حکوومەتەکەی لە لیستی سزاکانی ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا دان و ئەمە بەرگژەیەکی جیددی لەبەردەم داهاتووی پێوەندییەکانی ڕێژیم لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانییە.

لە نێوخۆی ولاتیش بەرگژەکان کەم نین و ڕەنگبێ هەرکام لەوان بەتەنیا بۆ دارمانی حکوومەتێکی دێموکرات کیفایەتی حاڵ بێت: لەلایەک لە زۆر و شار و ناوچە خەڵک تەنانەت ئاوی خواردنەوەیان نییە و ڕێژیم بۆوە دەستەوەستانە. بڕینی کارەبا لە هەموو شار و ناوچەکانی ولات کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ماوەکەی زیاتریش دەبێ، هەم خەڵکی لەو وەرزی گەرمایەدا وەزاڵە هێناوە و هەمیش بووەتە هۆی گەیاندنی زیان و خەساری مادی بە زۆر توێژ و سینفی کۆمەڵگە کە ئیدی خەریکی بەرەیەکی دیکەی نارەزایەتییە گشتییەکان بە دژی کۆماری ئیسلامیی لێ دروست دەبێ. شەپۆلی پێنجەمی کۆرۆناش کە دەردی سەرباری دەردانە و لە حاڵێکدا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی هەر ڕۆژە و باس لە دروستکردنی جۆرێک واکسەنی خۆماڵی دەکەن، ڕۆژ نییە سەدان کەس بەو هۆیە نەمرن. کارەسات لەوە بانتر ئەوەیە کە کاربەدەستانی ڕێژیم لە حاڵێکدا شاتوشوتی بەرهەمهێنانی پێکوتەی خۆماڵی و واکسینەکردنی هەموو «موستەزعەفەکانی» جیهان دەکەن کە دوای دەستپێکی کوتانەکان لە دنیادا هەتا ئێستا کەمتر لە سەتا ٧ی خەڵکی ئێران واکسینە کراون.

لەگەڵ ئەوەدا بێکاری و گرانی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دەبن و لەو سۆنگەیەوە خەڵکێکی پتر دەکەونە ژێر هێڵی هەژارییەوە. نارەزایەتییە گشتییەکانیش بە تایبەت مانگرتنی کرێکاران لە زۆربەی کەرت و شوێن و ناوچەکانی ئێران دەستیان پێ کردووەتەوە و بەهۆی بارودۆخی هەرە خراپ و شپرێوی ئابووریی ولات چاوەڕوان دەکرێ پتر پەرە بستێنن. چارەسەری ئەو نارەزایەتییانەش بە وەڵامدانەوە بە ویست و داوای کرێکاران دەکرێ کە خۆیان لە بردنەسەرێی مووچە و حەقدەستەکان، هاوسەنگکردنی مزی کار، پێداچوونەوە بە گرێبەستەکانی کار و دامەزراندنی ڕێکخراوەی سینفیی سەربەخۆدا دەبیننەوە، بابەتێک کە ڕێژیم نە دەیهەوێ و نە لە توانای‌دایە کە ئاوڕیان لێ بداتەوە. چونکی چارەسەری ئەم قەیرانە و وەدیهێنانی داخوازی توێژە جۆراوجۆرەکانی نارازیی کۆمەڵ پێویستیی هەم بە سەرچاوەی دارایی و هەمیش ڕوانگە و ئیرادەی شێلگیری دەسەڵاتە، کە لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا ناتوانی بۆیان بگەڕێی و خۆی هەلومەرجەکە و قەیرانەکان بەرهەمی ئەم پێکهاتەیە و ڕوانگە چەوتەکانی دەسەڵات بۆ مافی خەڵک و پرسەکانیانە. ئاکامی هەڵبژاردنەکانیش کە گرینگترین پەیام بۆ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بوو، و نیشانی دا کە خاوەنی کەمترین پێگە و متمانە و ڕەوایی‌یەتن و کەمایەتییەکی زۆر بچووکی خاوەن بەرژەوەندیی لێ دەرچێ، زۆرینەی ڕەهای خەڵکی ولات چارەی ڕێژیمیان ناوێ.

لەو بارودۆخەدا ئەوە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییە کە دەبێ دەنگی بەرزی «نا»ی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بکەن بە هەوێنی یەکڕیزی و، بە پێکهێنانی بەرەیەکی بەهێزی دێموکراتیک ڕێبەریی نارەزایەتییەکان بگرنە ئەستۆ و بە ڕێکخستنی جەماوەری جووڵانەوەیەکی بەرین بۆ لادانی کۆماری ئیسلامی وەڕێ بخەن. بۆ ئەوەش کات درەنگە و زوو نییە.

### مستەفا مەولوودی:

# خەڵکی کوردستان بە باوەڕی ئایینی، سێکۆلار و نەتەوەیی لەسەر یەک ئامانج کۆکن، ئەویش خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەییە



**کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پرسی گرینگی دانانی سەرکۆمارێکی زۆر نیزیک لە خامنەیی بۆتەوە و بە دیاریکردنی ئێژەیی وەک سەرۆکی داد، تیمێکی تەواو ئەمنیەتی و سەرکوتگەریان لە لوتکەی دەسەڵاتدا دروست کردووە. هاوکات دانیشتنەکانی ژیاندنەوەی بەرجام هێشتا بە ئاکام نەگەیشتوون و لەنێوخۆی ولاتیشدا قەیرانە ئەمنیەتی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیش هەر لەجێی خۆیانن. "کوردستان" بۆ هەڵسەنگاندنی دوا بارودۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب پێک هێناوە.**

**ئێران بەرەو کوێ دەڕوا؟ دەبینین ڕەییسی بە هەموو قیمەتێک دەکرێتە ڕەئیسی دەوڵەت و جینایەتکارێکی دیکەی وەک ئێژەیی بە سەرۆکی داد دادەنرێ. سەرۆکی مەجلیسیش کە فەرماندەیەکی سپای پاسدارانە. بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی چین؟**

هەر جۆری بیرکردنەوە و ڕوانگە و سیاسەتی ئەو کەسانە و هاوبیرەکانیانە کە ولاتی دەوڵەمەندی ئێران و خەڵکی ئەم ولاتەی بەو ڕۆژ و چارەنووسە گەیاندووە و ئاکامی ئەو سیاسەتەش بووەتە هۆی گەلێک نەهامەتی بۆ خەڵکی ئێران لە هەموو بوارێکدا. هەر ئەوەشە کە دابڕانێکی قووڵی لە نێوان خەڵکی ئێران و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دروست کردووە کە من پێم‌وایە بە هیچ شێوەیەک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەو کەلێنەی بۆ پڕ نابێتەوە و لە دەرفەتی گونجاودا خەڵکی ئێران چارەنووسی خۆیان لەگەڵ ئەو نیزامە یەکلا دەکەنەوە. ئەوەش کە بازنەی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا ئاوا خۆی بچووک و یەکدەستتر دەکا، هەر لەوەڕا سەرچاوە دەگرێ.

ئەو یەکدەستکردن و تەنگەبەربوونەوەی ئاڵقەی متمانەی خامنەیی بە دەورووبەری هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێستا ڕێژیم پتر لە هەموو دەور و قۆناغەکان تووشی کێشە و قەیرانی جۆراوجۆری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ... بووە. مادام توانای چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانیشیان نییە، زۆرتر و یەکدەستتر و بێ‌باکتر لە ڕابردوو بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتیان بە هیدایەتی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و بە گوێ لە مستی زیاتریان بۆ خامنەیی بیر لە کۆنترۆڵ و سەرکوتکردنی زیاتری خەڵک دەکەنەوە. لە ئێستادا سێ کوچکەی خامنەیی، ڕەئیسی و ئێژەیی پتر لە هەموو کاتێک تەعبیر لە دەسەڵاتێکی سەرکوتگەر و خوێنڕێژ دەکەن و ئاکامی ئەوەش دەبێتە هۆی بێزراویی زیاتری کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە کۆماری ئیسلامی و هیچ دوور نییە هەر ئەوەش ببێتە هۆی جموجۆڵی زیاتری خەڵکی نارازی و ڕاپەڕینی گشتی و سەرانسەری لە ئێراندا.

**ئێژەیی سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ هەم لەلایەن یەکیەتیی ئورووپا و هەم ئەمریکاوە خراوەتە لیستی گەمارۆکانی دژی ئێرانەوە. بەڵام خامنەیی دەیکا بە سەرۆکی دەزگای داد و دەڵێ هیواداره ناوبراو "بە دانانی هێزی جیهادگەر" لە کاروبارەکاندا گۆڕانکاری دروست بکا. چ خوێندنەوەیەک لەو حوکمەی خامنەیی دەکا؟**

لەپێشدا هەم یەکیەتیی ئورووپا و هەم ئەمریکا زۆر درەنگ ئەو بڕیارەیان دا و، دەتوانین بڵێین ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەو پێوەندییەدا سەبارەت بە خەڵکی ئێران جەفایان کردووە، چونکی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا زۆر زوو بە کردەوە ماهییەتی ئەو نیزامە نیشانی دا کە ئەو ڕێژیمە پێبەندی هیچ بنەمایەکی ئینسانی، ئەخلاقی، دینی، حقوقی نێونەتەوەیی، ماف و حقووقی بەشەر نییە. بۆ سەپاندنی خۆیان بەسەر خەڵکی ئێراندا دەستیان بۆ هەموو جینایەتێک برد بە جۆرێک کە بەڕاستی جینایەتەکانیان لە ئەژمار نایەن؛ لە گرتن، کوشتن، ئێعدام، سووتاندن و وێران کردنی شار و گوندەکانەوە بگرە هەتا دەگاتە، خەوشدارکردنی غروور و کەرامەتی ئینسانەکان و بەو جۆرە لە ئێران جەهەننەمێکیان بۆ خەڵک دروست کردووە. سەیر ئەوە بوو کە ئەو جینایەتانە بە بەرچاوی دەوڵەتان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕوویان دەدا، بێجگە لەوەی ئەو ئیقدامە زۆر درەنگ و سنووردار کراوە، بەڵام پێویست و بەجێ و دروست دەبوو ئەگەر کۆی گشتیی کۆماری ئیسلامی خرابایە نێو لیستی گەمارۆکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەو ئێقدامەش بە جیددی جێبەجێ کرابا. ئەوکات ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوەندە دەستئاوەڵا نەدەبوون و نەیاندەتوانی دەرحەق بە خەڵکی ئێران ئەو هەمووە تاوانە بکەن و بۆ دنیای دەرەوەش بەو شێوەیە ببنە سەرئێشە.

من پێم‌وایە خامنەیی بە دانانی موحسین ئێژەیی کارێکی سەیروسەمەرەی نەکردووە، لەبەر ئەوەی هەموو پیاوەکانی کۆماری ئیسلامی و کاراکتێرەکانی ئەم ڕێژیمە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەستیان لە سەرکوتکردنی خەڵکی ئێراندا هەیە و دەستیان بە خوێنی خەڵک سوورە. دانانی ئێژەییش درێژەی هەمان سیاسەت و کردەوەی جینایەتکارانەیە و ئەوە ماهییەت و سرووشتی کۆماری ئیسلامییە کە دەبێ بە دەستی کەسانی خوێنڕێژ و جینایەتکار و دژی خەڵکی هەڵسووڕێندرێ. بۆیە من پێم‌وایە ئێژەیی وەک بڕواپێکراوی خامنەیی ئەرکی ئەوەیە کە لە دەزگای داد بە بێدادی دەنگە ئازادیخوازەکان سەرکوت بکا و ئەوەی ئێژەیی لە سەری دەڕوا، هەر هەمان شتە کە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە دەزگا ئەمنییەتی و بە ڕواڵەت دەزگای قەزاییدا دەرحەق بە خەڵکی ئێران بینیومانە. واتە بەردەوامیی گرتن، ئێعدام، سەرکوت و کوشتوبڕ.

**لە تەنیشت ئەو ڕووداوە نێوخۆییانە، ئەمریکا هەر جارێ هێندێک لە سزاکانی سەر ئێران سووک دەکا و بەوە دەستئاوەڵایی کۆماری ئیسلامی پتر دەکا. ئەمە چ کاریگەرییەک لە سەر دۆخی خەبات و تێکۆشانی خەڵک دادەنێ؟**

من پێم‌وانیە ئەو کۆمەڵە سزایانەی کە لە قۆناغی جۆراوجۆر و بە بیانووی جۆراوجۆر لە لایەن ئەمریکاوە خراونەتە سەر حکوومەتی ئێران وا بە ئاسانی لابچن و کۆتاییان پێ بهێندرێ، لەبەر ئەوەی کە ئەوانە بە مەبەستی تایبەت و بە ڕێوشوێنی تایبەتیی یاسایی و حکوومەتی لە ئەمریکا قەرار و بڕیاریان لەسەر دراوە. پێویستە ئەو مەبەستانەی کە ئەو سزایانەیان بۆ لەبەرچاو گیراوە زۆر و کەم بێنە دی کە ئەوەش زۆر هاسان نییە. جیا لەوەش ڕێوشوێنەکانیش ئاڵۆزن و حکومەتی ئەمریکا و خەڵکی ئەمریکا لەو پێوەندییەدا یەکدەست و یەکهەڵوێست نین. بەڵام خۆ ئەگەر بەشێک لەو سزایانەش لابردرێن ئەمە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر سیاسەتەکانی حکوومەتی ئێران و بارودۆخی خەڵکی ئێران نابێ:

یەکەم، لە کاتی سەرۆککۆماریی ئۆبامادا ئەمریکا سەبارەت بە ئێران ئەو کارەی کرد، بەشێک لە سزاکانی سەر ئێرانیان سووک کرد و ڕادەیەکی زۆریش دۆلار و پارە بلۆکە کراوەکان بە کاش کەوتنەوە دەست ئێران.

دووهەم، لەبەر ئەوەی ئەو پووڵ و پارەیە لە ئاوەدانی و خۆشگوزەرانیی خەڵکی ئێران خەرج نەکران. هیچ گۆڕانێکی لە ژیانی خەڵکدا دروست نەکرد و سەرباری ئەوە گرانی و بێکاری و ئاوسانی دراوی و ئابووری لە ئێراندا هەردەم لە بەرزبوونەوەدا بووە.

سێهەم، ڕێژیم ئەو دەرفەتەی قۆستەوە و ئەو پارە زۆرەی کە لە ڕێگەی سووککردنی سزاکانەوە دەستی کەوتبوو، لە دروستکردنی مووشەک و چەکو چۆڵی نیزامیدا خەرجی کرد و بە دەستوەردان لە کاروباری ولاتانی دەوروبەر سەنگ و قورسایی ئێرانی لە دنیای دەرەوەدا پتر هێنایە خوار و بوو بەهۆی ئاڵۆزیی زۆرتری ناوچەکە. بۆیە من پێم‌وایە بەو ئەزموونەی کە لەسەر سووککردنی سزاکان لەسەر حکوومەتی ئێران هەمانە و ڕەفتارێک کە ڕێژیمی ئێران لە خۆی نیشانی داوە، لابردنی گەمارۆکان کار ناکەنە سەر گۆڕینی سیاسەت و ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی بە لایەنی ئاوردانەوە لە کێشە و قەیرانە نێوخۆییەکانی ولات و کەمکردنەوەی گرژی لەگەڵ دنیای دەرەوە.

**ڕوحانی لە دوا دەرکەوتنەکانیدا وەک سەرۆکی دەوڵەت دەڵێ هۆکاری هەموو قەیرانەکانی ئەم ساڵانە کۆرۆنا و تەحریمەکانی ئەمریکا بووە. لە مونازیرەکانیشدا کێشەکان یان حەواڵە بە گەواڵە دەکران یان دەخرانە ئەستۆی ڕوحانی و دەوڵەتەکەی. ئەدی نیزامی مودیرییەتی ئەم ولاتە کێیە و کێ دەبێ بەرپرسایەتییەکان بگرێتە ئەستۆ؟**

سرووشتیە کە کۆرۆنا و گەمارۆکانی ئەمریکا شوێنەواری نەگەتیڤ لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵک و موودیرییەتی دەوڵەت و حکوومەت لە هەر ولاتێک بۆ نموونە ئێران دابنێن، بەڵام خۆ کێشەکانی ئێران ئی ئەو چەند ساڵەی سەرۆکایەتیی ترامپ و بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کۆرۆنا نین. کۆرۆنا دنیای بە خۆیەوە خەریک کرد و بینیمان زۆر ولات و دەوڵەت بە ئیمکاناتی زۆر کەمتر لە ئێران مودیرییەتی قەیرانەکەیان کردووە. بەڵام ئەمە لە کەس شاراوە نییە کە مودیرییەتی لاواز و ناعەقلانیی کۆماری ئیسلامی زۆر دەمێکە داوێنگیری خەڵکی ئێران بووە و پێوەندیی بە کۆرۆنا و گەمارۆکانیشەوە نییە، بەڵکوو لە توانای ئەو حکومەتەدا نییە کە ئیدارەی دروستی ئەو ولاتە بکات. بۆیە لە هەموو بەشەکاندا ئەو حەواڵە بە گەواڵە کردنە و دەست بە دەست کردنە لەو نیزامەدا تازە نییە. نەک لە دەوڵەت، لە بەشەکانی دیکەی ولاتیشدا ئەمە دەگوترێ. ئەگەر شاهرودی دەسەڵاتی دادوەریی لە یەزدی وەرگرت، گوتی: "وێرانەیەکم وەرگرتووە". ئەوانەی دوای ئەویش هەر یەکەی بە جۆرێک دووپاتی ئەو قسانەیان کردۆتەوە و دواجار کە ئەو ڕەئیسی‌یە بوو بە سەرۆکی دەزگای داد، هیچی بە لاریجانییەوە نەهێشت. بۆیە لە گشتییەتی خۆیدا نیزامی کۆماری ئیسلامی نیزامێکی ناکارامە و ناسەرکەوتووە. ئوسوولەن ئەو جۆرە حکومەتکردنە سەردەمی بەسەر چووە کە کەسێک وەک ڕێبەر بەو خوێندنەوە و باوەڕێک کە هەیەتی فەرمان بدا و ولاتێکی گەورەی وەک ئێران بە حەشیمەتێکی زیاتر لە هەشتا میلیۆنیەوە ئیدارە بکات. بۆیە ئاو لە سەرچاوەوە لێڵە و گۆڕین و حەواڵە بە گەواڵە کردن هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ.

**خەڵک بەشداریی باشی لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا کرد. مەبەستم لە بەشداری،**

←

**ئەگەر کۆی گشتیی کۆماری ئیسلامی خرابایە نێو لیستی گەمارۆکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەو ئێقدامەش بە جیددی جێبەجێ کرابا؛ ئەوکات ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوەندە دەستئاوەڵا نەدەبوون و نەیاندەتوانی دەرحەق بە خەڵکی ئێران ئەو هەمووە تاوانە بکەن و بۆ دنیای دەرەوەش بەو شێوەیە ببنە سەرئێشە.**

**بابەتی لەقاودانی دزەکردنەکانی ئیسرائیل لە هەموو بەشە ئەمنیەتییەکانی ئێران دەتوانێ وەسیلەی باش بێ بۆ پاکانە حیسابی نەیارەکان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ یەکتر بەو بیانووە و سێناریۆیانەوە و ئەو کەسانەی بە خودییان نازانن لە مەیدان وەدەریان بنێن و بێسەروشوێنان بکەن**

**خۆدیتنەوە و نەخشی خەڵک لەو پێشبڕکێیەی نێوان خەڵک و دەسەڵات بوو. کاتێک بە قسەی کاربەدەستانی دەوڵەت سەتا ٤٠ی خەڵک دەچنە سەر سندووقەکان و یەک لە چواری دەنگەکانی سندووقیش باتڵە بوون، ئەمە یانی خەڵک ڕۆڵی خۆیان لەو هەڵبژاردنانەدا بینیوە. خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم ڕوانگە و کردەوەیەی خەڵک چییە؟**

لە وڵاتانی دێموکرات و پێشکەوتوودا زۆر جاران زۆری و کەمیی بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردندا کەمتر پرسیار هەڵدەگرێ، لەبەر ئەوەی وڵات بۆتە وڵاتی قانوون و یاسا سەروەرە و خەڵک هیچ دڵەڕاوکێ و نیگەرانییان نییە. بەڵام لە وڵاتێکی بەڵالێدراوی وەک ئێراندا هەموو شتێک مانای تایبەت پەیدا دەکا. بۆیە ئەو بەناو هەڵبژردنە بۆ کۆماری ئیسلامی و خەڵکی ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆر پەیامی تێدابوو و پێویستی بە خوێندنەوەی هەمەلایەنە هەیە. لەپێشدا خەباتی مەدەنی لە وڵاتی ئێراندا پێشینەیەکی مێژوویی هەیە، کە نموونەی بەرچاوی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ئەو وڵاتە لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە پێش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا دیار و بەرچاوە.

بە بڕوای من خەڵکی ئێران بە گشتی پەیامێکی ڕوونی دا بە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی کە خەڵکی ئێران ئەو حکومەتەیان ناوێ. ئەو نیگەرانییە هەر لە پێش ڕۆژی شانۆی هەڵبژاردن بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە دیار بوو. بە پێشێلکردنی ئەو ڕێوشوێنەی کە خۆشیان دایانناوە کە ژن بەبێ پیاوی مەحرەم نابێ لە ماڵێ دەرکەوێ، بەڵام خامنەیی فتوای دا کە ژنان بەبێ ئیزنی پیاوەکانیش دەتوانن بچنە سەر سندووقی دەنگدان و دەنگ بدەن. تەنانەت گوتی کە یەک دەنگیش گرینگە. جیا لەوەش دەنگی سپیشی بە حەرام زانی. بەڵام بەو حاڵەش دیتمان بە پێی ڕێژەیەک کە خۆیان بڵاویان کردۆتەوە و ڕوونیش نییە چەند دروستە، خەڵکێکی کەم لە هەڵبژاردندا بەشداریی کردووە و زۆر کەسیش دەنگی سپیی داوە. ئەو کەسەی کە هەموو ساز و کارێکی بۆ بوون بە سەرۆککۆماری ئێران بۆ ڕێکخرابوو، تەنیا بە زیاتر لە دوو میلیۆن دەنگ لە ٤ ساڵ پێش کە دۆڕاندبووی بوو بە سەرۆککۆمار. بۆیە پێموایە خەڵکی ئێران ئەو جارە پەیامێکی زۆر ڕوونیان بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا. ئەو یەک دەستکردنەی حکوومەتیش هەر بۆ دابڕانی خەڵک لە حکومەت دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەوە ناتوانێ خەڵکی ئێران بێدەنگ بکا و لە فریای ڕێژیمی بێزراوی کۆماری ئیسلامی ناکەوێ.

**ڕێژیمی پێشوو بە مانگرتنە سەرانسەرییەکان ڕووخا. لە ئێرانیش مانگرتنەکان لە فۆڕمی جۆراوجۆردا سەریان هەڵداوە. چۆن دەکرێ و دەبێ مانگرتنەکان و ناڕەزایەتییەکان بەربڵاوتر بن و ئۆپۆزیسیۆن لەو پێوەندییەدا چ ئەرکێک بۆخۆی دادەنێ؟**

خەباتی مەدەنی لە ئێراندا لانیکەم مێژوویەکی سەد ساڵەی هەیە و هەروەک لە پرسیارەکەدا هاتووە ڕێژیمی پێشوو بە مانگرتن و خەباتی مەدەنی ڕووخا. خەڵکی ئێرانیش لەو بارەوە ئەزموونێکی زۆر و باشیان وەسەریەک ناوە. هەر بۆیە دەبینی ڕێژیم هەرچەندە هەوڵ دەدا بەربەست بۆ ئەو جۆرە خەباتە دروست بکا، بەڵام خەڵکی وڵات کۆڵ نادەن و بە شێوەی گونجاو و جۆراوجۆر، ڕۆژانە لە نێو توێژی جۆراوجۆری کۆمەڵ و لە نێوشار و شەقامەکاندا شاهیدی ئەو جۆرە لە خەباتین و ئەوەش ڕێژیمی تەواو نیگەران کردوە. بۆیە لەو چەندین ساڵەدا دەبینین بە شێوەی جۆراوجۆر لە بەرامبەر ئەو جۆرە خەباتە ڕاوەستاوە کە بە خۆشییەوە زەفەری پێ نەبردووە و نەیتوانیوە کپ و بێدەنگی بکات و ئەو شێوە خەباتەش بۆتە بەشێک لە فەرهەنگ و کەلتووری خەڵکی ئێران کە نموونەی لەو بەناو هەڵبژاردنەی ئەو جارەدا بۆ سەرکۆماری و شۆڕای شار و گوندەکان زۆر بە ڕوونی و زەقی خۆی نیشان دا.

لەبەر ئەوە پێویستە پێشکسوەتان و پێشەنگانی خەبات و ئۆپۆزیسیۆنی بەرپرس لە ئێراندا گرینگیی ئەو خەباتە باشتر دەرک بکەن و بە شێوەیەکی دڵخۆشکەر هیدایەتی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی و مافویستی گەلانی ئێران بکەن کە سەرکەوتنی خەڵکی مافویستی ئێران و گۆڕانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لێ بکەوێتەوە.

**لەو ماوەیەدا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە حوسێنی عەلا ڕا بگرە هەتا دەگاتە ئەحمەدینژاد، لە موحسین ڕەزایی ڕا بگرە هەتا دەگاتە عەلی یونسی هەموو باس لە نفووزی بەربڵاوی ئیسرائیل تەنانەت هەتا بن گوێی خامنەیی دەکەن. ئایا ئەوە بە مانای بردنە ژێر پرسیاری "ئەمنییەت" لە کۆماری ئیسلامییە یان دەکرێ سیناریۆیەک بێ بۆ هەندێ پاکانە حیساب؟**

وەک خۆم پێموایە دەکرێ هەر دووکیان بێ. یەکەم ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە دەزگای زانیاریی وڵاتان بە تایبەت ئیسرائیل زۆر باش نفووزی لە زۆربەی دامودەزگای ئەمنییەتی و نیزامی ئەو وڵاتەدا کردووە. کاتێک بەڵگەنامەی زۆر نهێنی ئەو دەوڵەتە بە ڕێژەیەکی زۆر بەرچاو بە تۆن لەو وڵاتە دەچێتە دەرەوە، کاتێک کە زانا ئەتۆمییەکانی ئێران دەکوژرێن و دوژمن هیچ شوێن پێیەکی بەجێ نامێنێ و وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرباز دەبێ، کاتێک هەر ناوەندێکی وزەی نهێنی لە وڵات بە هەموو قایمکارییەکەوە دادەمەزرێنرێ، بەڵام هەر لە سەرەتاوە بەرپرسانی ئیسرائیل شوێن و جێگای ئاشکرا دەکەن ڕوونە کە دەزگا گرینگەکانی ئەو وڵاتە نفووزی تێیدا کراوە و ناکرێ بشاردرێتەوە، بۆیە نەیارەکانیش لە دژی یەکتر کەڵکی لێ وەردەگرن.

دووهەم ئەوە دەتوانێ وەسیلەی باش بێ بۆ پاکانە حیسابی نەیارەکان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ یەکتر بەو بیانووە و سێناریۆیانەوە و ئەو کەسانەی بە خودییان نازانن لە مەیدان وەدەریان بنێن و بێسەروشوێنان بکەن.

**هەشت ساڵ دەوڵەتی "بەمشوور"ی ڕوحانی ڕۆژەکانی ئاخیری تێدەپەڕێنێ. ڕوحانی لەو ٨ ساڵەدا چەندە مشورخۆری کوردستان بوو؟**

ڕاستی نەک ئەو هەشت ساڵەی دەوڵەتی بەمشووری! ڕوحانی هیچ مشوورێکی لە کوردستان نەخواردووە، بەڵکوو لە هەموو ئەو ٤٢ ساڵەدا کۆماری ئیسلامی هیچ مشوورێکی لە کوردستان نەخواردووە. کوردستان لە پێشدا تەواو میلیتاریزە کراوە و تا ئێستاش هەر ئەمنییەتییە. لەو ماوەدا لە کوردستان شاهیدی زۆر ڕووداوی ناخۆش و تراژێدی بووین. لەو ماوە زۆرەدا خەڵکی کوردستان بەدەست هەڵاواردن، ئەمنییەتی کردنی شار و گوندەکان، بێکاری، گرانی و کۆڵبەری و سنووردار کردنی ژیانیان لە هەموو ئاستێکی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە دەناڵێنێ. بۆیە هەر لە سەرەتاوە ئەو حکوومەتە بۆ خەڵکی کوردستان بێگانە بووە و بە چاوی نەیار چاوی لە خەڵکی کوردستان کردوە. بۆ بێدەنگ کردنی خەڵک لە هیچ هەوڵێک کۆتایی نەکردووە و لە بەرامبەردا خەڵکی کوردستان بە هەموو شێوەیەکی گونجاو بە دژی نابەرابەری و نەهامەتی کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بۆی بە دیاری هێناون ڕاوەستاون و خەباتیان کردووە و نایان بەو ڕێژیمە گوتووە. ڕاستی هیچ چاوەڕوان نین کە ڕێژیمی ئێران مشووریان بخوا. بەڵکوو خەبات دەکەن بۆ پاراستنی غروووری نەتەوەیی و کەرامەتی ئینسانی و پاراستنی نیشتمان. هەر ئەوە شاهیدێکی ڕوونە کە چالاکانی مەدەنی کە بە دار و خاک و خۆڵ خەریکی کووژاندنەوەی ئاور لە دارستانەکانی کوردستانن، دەڵێن هیچ چاوەڕوانیمان لە ڕێژیم نییە. دەبێ خەڵکی کوردستان بۆخۆیان هیممەت بکەن و وڵات بپارێزن و ئاور بکووژێننەوە کە ئەوە زۆر مانادارە و ئەو پەیامەی تێدایە کە خەڵکی کوردستان چاوەڕوان نین ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی مشووریان بخوا.

**لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا تەیفێکی بەربڵاو لە چالاکانی سیاسی، مەزهەبی و نوخبەکانی کۆمەڵگە بەشداری ئەم هەڵمەتە بوون کە ئاکامە چاوەڕوانکراوەکەی هەڵبژاردنەکانی لێ کەوتەوە. ناوەندی هاوکاری، یان بزووتنەوەی سیاسیی کورد چۆن دەڕوانێتە ئەم زەرفییەتە؟**

کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی باوەڕمەندە و خاوەنی فەرهەنگ و کولتووری جوان و بەخشەندەیە. ئەگەر لە ڕوانگەی ئایینیشەوە سەیری ئەو کۆمەڵگەیە بکەین، کەم نەبوون ئەو کەسانەی کە لە ڕوانگەی پیرۆزی ئایینییەوە شەڕی ماف و ژیان و کەرامەتی خەڵکی کوردستانیان کردووە و بۆی تێکۆشان و لە پێناویدا گیانیان فیدا کردووە. لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و مافویستیی خەڵکی کوردستاندا باوەڕمەندان بە ئایین بەشداریی چالاکانەیان هەبوو، جێ پەنجەیان دیار و بەرچاوە و بوونی کەسایەتییە ئایینییەکان لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا نموونەی بەرچاوی ئەو ڕاستییەیە. ئێستا کە توێژ و چینی جۆراوجۆری کۆمەڵگە بە ڕەنگ و ئایدۆلۆژی جۆراوجۆر لە کوردستان دیار و پڕ ڕەنگترە بەڵام شتێک کە جێگەی دڵخۆشییە ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان بە هەموو بیر و باوەڕی ئایینی، سێکۆلار و نەتەوەیی لەسەر یەک ئامانج کۆکن، واتە خەبات و تێکۆشان بۆ وەدەست خستنی مافی خەڵکی کوردستان و بۆ دابین کردنی دێموکراسی و بە ئاشتیانە ژیان لە کوردستانی ڕزگارکراودا.

سروشتییە ناوەندی هاوکاری و بزووتنەوەی سیاسی کوردستان بە تایبەت حیزبی دێموکرات دەبێ ئەو ڕاستییە بزانێ و زەمینەی کۆکردنەوەی هەموو زەرفییەتەکان بۆ بەهێز کردنی بزووتنەوەی مافخوازی خەڵکی کوردستان دروست بکا و لە بیری هەماهەنگی و هاوکاری بە یەکەوە خەبات کردن دابێ بۆ دابین کردنی دێموکراسی لە وڵات و وەدەست خستنی مافی ڕەوای سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان.

**بزووتنەوەی سیاسی کوردستان دەبێ زەمینەی کۆکردنەوەی هەموو زەرفییەتەکان بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەی مافخوازی خەڵکی کوردستان دروست بکا و لە بیری هەماهەنگی و هاوکاری بە یەکەوە خەبات کردندا بێ بۆ دابینکردنی دێموکراسی لە وڵات و وەدەستخستنی مافی ڕەوای سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان**

**لە ئاستی گشتیی وڵاتیشدا ئۆپۆزیسیۆن چۆن دەبێ مامەڵە لەگەڵ ئەو زەرفییەتە بەربڵاوە لە وزە و خەباتگێڕییەی خەڵک بکا. پێتان وایە ئەو بایکۆت و ئەو "نا" گەورەیەی خەڵک چۆن دەبێ لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات دژی کۆماری ئیسلامیدا بەکار بهێندرێ؟**

ئۆپۆزیسیۆنی ئێران ئەزموونێکی باشی لە خەباتی جەماوەری و مەدەنی خەڵکی ئێران هەیە کە ئەگەر بە دروستی هیدایەت بکرێ دەتوانێ ئاکامی باشی هەبێ. نموونەی هەرە بەرچاوی خەباتی خەڵکی ئێران لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی‌دایە.

بە هاتنە سەرکاری ڕێژیمی تازە، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەزانن دەبێ چ بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتە بێنن، لەبەر ئەوەی ئەزموونی خەبات و مودیرییەتی شۆڕشی ١٣٥٧ یشیان هەبوو، دیتبوویان مودیرییەتی خەباتی جەماوەری چ کاریگەرییەکی لەسەر بزووتنەوەی خەڵک دادەنێ هەر بۆیە لە ڕۆژی یەکەمەوە کە کەوتنە ویزەی خەڵک و بە هەموو شێوەیەک نەیار و ئۆپۆزیسیۆنی ئەو نیزامەیان سەرکوت کرد و ئەوەندەی بۆیان کرا پرش و بڵاویان کردن.

تا ئێستا زۆر جاریش لێکۆڵەرەوان و ئەوانەی بەدواداچوونیان بۆ ئێران و هەلومەرجی ئێران و خەڵکی ئێران و نیزامی کۆماری ئیسلامی کردوە، بەو ئەنجامە دەگەن کە درێژە و مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو و کاریگەر لە دژی ئەو ڕێژیمە دایە. بۆیە پێویستە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران ئەو کەمایەسییە گەورەیە هەست پێ بکات کە من پێموایە هەستی پێ کردووە و لەبیری چاک کردنی دابێ. سروشتییە مادام چارەنووسی سیاسیی خەڵکی کوردستان لە ئێران لەگەڵ خەڵکی هەموو ئێرانە، کەوایە پێویستە هێزە سیاسییەکانی کوردستان کە ڕێکخراوترن لەبیر پێوەندی و بەهێز کردنی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکرات لە ئێراندا دابن کە باوەڕی بە ئێرانی فیدراڵ و دێموکراتیک و مافی گەلان لە ئێران و بە تایبەت خەڵکی کوردستان هەبێ.

**زۆر سپاس کە کاتتان بۆ ئەم دیمانەیە دانا**

سپاس بۆ ئێوەش، ماندوو نەبن.

# سەرکۆمارێکی تاوانباری سەپێنراو



مەنسوور مروەتی

هەڵبژاردنەکانی دەوری سێزدەهەمی سەرکۆماریی ئێران لە زۆر بوارەوە بێوێنە بوو. یەکەم بەرەی بەهێز و هەمەگیری بایکۆت و بە تایبەت دەنگهەڵبڕین و هەڵوێستی بایکۆت ئەم جارە نەتەنیا لە دەرەوەی وڵات، بەڵکوو ئەو هەڵوێستە لە نێوخۆی ئێران و تەنانەت لەنێو خودی ڕێژیمیش بابەتێکی مێژوویی سەیروسەمەرە بوو. لە لایەکی دیکەشەوە دەسەڵات هەندێ لە مۆرە گرینگەکانی خۆی وەکوو لاریجانی لا دا و لەوەش مێژووییتر هەڵوێستی سەرکۆمارە بەحەیس‌وباس و قەیرانخوڵقێنەکەی پێشووتری مەحموود ئەحمەدینژاد کە کار گەیشتە ئەو جێگایەی ئەویش گوتی دەنگ نادەم و دوایەش بە تانەوتوانج لە خامنەیی گوتی بەداخم بۆ ئەوەی کە ئەو هەڵبژاردنە بە سەرکەوتن ناو دەبا و ئەوە بەڕاستی بۆ پێکەنین دەبێ. جا کە هەڵبژاردنێک وای لێهات کە ئەحمەدی نژادیش تێیدا ڕەئی نەدا و دواتر پێکەنینی بە ئاکامەکەی بێ، ئیتر دیارە چییە و چی کراوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا چەند بابەتێک لەم هەڵبژاردنانە و ئاکامی هەڵبژاردنەکە دەردەکەوێ کە لە لایەک لە نێوخۆی وڵات و لە لایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات تووشی کێشەی جیددی دەکا.

کەسی هەڵبژاردەی خامنەیی و ئاڵقەی تەسکی دەسەڵات کەسێکە جیاوازتر لە سەرکۆمار و بەرپرسەکانی پێشووتری حکوومەت. ڕاستە ئەحمەدینژادیش کاتی خۆی هەروەک برایم ڕەئیسی بە سەر خەڵکدا سەپێندرا و ڕووداوەکانی ساڵی ٨٨ و دواتری لێکەوتەوە، لانیکەم ئەو دوای دانانی وەک سەرکۆمار ڕووبەڕووی کێشە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بوویەوە، بەڵام سەرکۆماری تازە سەپێنراو هەر لە جێوە و تەنانەت ڕابردوو و پاشخانەکەی خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی و خاڵی نگەتیڤە کە زۆر خراپتر لە ئەحمەدی نژاد بە سەر ڕێژیمدا دەشکێتەوە. بە واتایەکی تر برایم ڕەئیسی کەسێکە لە بەر دەستتێداهەبوونی لە کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ٦٧، وەک جینایەتکارێک دەناسرێ هەتا سەرکۆمار و دیپلۆماتێکی کۆماری ئیسلامی ڕوو بە دنیای دەرەوە. ڕەئیسی هەر لە جێوە لە بەر ئەو جینایەتانەی پێشووی و لە بەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە دەورانی سەرۆکایەتیی دەزگای قەزایی تەحریمی لە سەرە و تەنانەت ڕاپۆرتێری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان داوای کردوە کە لە سەر ئەو تاوانانەی کە کردوویەتی لێکۆڵینەوەی لێ بکرێ. لە لایەکی دیکەشەوە جگە لە هەندێ وڵاتی هاوپەیمانی ئێران هەتاکوو ئێستاش زۆرێک لە وڵاتان وەک لە عورفی دیپلۆماتیکدا باوە، پیرۆزباییان لە برایمی ڕەئیسی نەکردووە.

جیاواز لە دنیای نێودەوڵەتی لە لایەکی دیکەوە ئەوەی کە گرینگ بوو دەنگ هەڵبڕینی خەڵک و کەسان و جەریانەکانی نێوخۆی وڵات بوو کە ئەم بەشەی دەبێ بە گرینگیەوە لێی بڕوانی. لەم نێوەشدا ئەوەی کە گرینگ و جەوهەرییە هەڵوێستی خەڵکی کوردستان و حیزب و لایەنەکانی نێو بزووتنەوەی کوردستانە. ئەگەرچی هەڵوێستەکانی بزووتنەوەی کورد و نیشاندانی سەنگ و مەحەکی ئەو بزووتنەوەیە و بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ هەموان ڕوون و ئاشکرایە و ئەوەندەی ویستبێتی و بۆی کرابێ، توانیویەتی لە هەندێ لەو هەڵبژاردنانە توانایی و هێزی خۆی تێدا نیشان بدا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەم دەورەیە لە کوردستان هەندێ هەڵوێستی ئاشکرا و تازە هاتنە ئاراوە کە بە جۆرێک تازە بوو و بۆ ئەوە دەبێ کە بزووتنەوەی سیاسیی کورد ئاسایی بەلایدا تێنەپەڕێ.

ئەم دەورەیە جگە لە حیزب و جەریاناتی سیاسیی کورد کە سەرکردایەتییەکەی لە دەرەوەی وڵاتە هەندێ جەریانی دیکەش وەکوو بەرەی یەکگرتووی کورد و باڵێک لە مەکتەب قورئانی کوردستان و هەندێ کەسی دیاری نێو کۆمەڵگەی کوردستان بە دەرکردنی ڕاگەیاندراوی ڕوون ڕایانگەیاند کە بەشداری لەو هەڵبژاردنانەدا ناکەن و تەنانەت هەندێ لەو هەڵوێستانەش بە زمانێکی توند ڕوو بە دەسەڵات ڕاگەیندرا. بە گشتی دەتوانین بڵێین هەڵوێستی سیاسیی کورد لەم بوارەشدا یەکدەست و یەکڕیز بوو کە ئەمەیان یەک لەو خاڵانەیە کە بزووتنەوەی سیاسیی کورد دەبێ هەڵوەستەی لە سەر بکا.

خاڵی جیاکەرەوەی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لە گەڵ جەریاناتی سیاسیی ئێرانی ئەوەیە کە بزووتنەوەی کوردستان بزووتنەوەیەکی شوناس‌ویست و مافخوازانەیە و بۆ ئەو مەبەستە پێویستە خەڵک و بەتایبەت لایەنە سیاسییە جۆربەجۆرەکانی کوردستان هەرچی زیاتر یەکڕیز و یەکگرتوو بن. ئەمەی لە هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەدا دیتمان نموونەیەکە کە دەکرێ بە گرینگیەوە وەربگیرێ و کاری زیاتری لە سەر بکرێ. ڕاستە لە کوردستان هەندێ لایەنی تێدایە کە ڕەنگە لە باری فکری و تەنانەت ئیدئۆلۆژییەوە لە یەک دوور بن بەڵام لایەنە نەتەوەییەکەی زۆر بەرچاوتر و بەربڵاوترە، تا ئەو جێگایەی کە دەکرێ بگوترێ بیری نەتەوەیی و ناسیونالیزمێکی مەدەنی و بە کوردییەکەی کوردایەتییەکە بووەتە خاڵی کۆکەرەوە و هاوبەشی هەموان. ئەوڕۆ لە کوردستان لە چەپەوە تا ڕاست و لە نەتەوەییەوە بگرە تا مەزهەبی هەموان لە یەک ڕوانگەوە هاوفکرن، ئەویش ئەوەیە کە کورد لە ئێران مافەکانی پێشێل کراوە و پێویستە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی نەتەوەکەیان تێبکۆشن. بەڵام ئەوەی کە لەم مەیدانەدا گرینگیەکی تایبەتی و جەوهەریی هەیە ئەوەیە کە بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستان لە هەر کات و دەورانێکدا و هەرکەس و لایەنێک لە تاران لە دەسەڵاتدا بێ، پێویستە یەک دەنگ و یەکگرتووانە کار بۆ ئەم بابەتە بکەن.

# کۆمەڵگەی مەدەنیی مەریوان: کۆڵبەرکوژی مەحکوومە و تاوانە لە دژی مرۆڤایەتی



**بۆ ڕای گشتی کوردستان**

هەر وەک هەموو لایەک ئاگادارن، لەم ڕۆژانەدا چەند لاوێکی کۆڵبەری ناوچەی مەریوان و هەورامان بە دەستڕێژی ڕاستەوخۆ و بە گوللەی هێزە ئینتزامی و چەکدارەکانی حکوومەت گیانیان بەخت کرد. هەرچەندە ئەم ڕووداوە یەکەم جار نییە و ئاخر جاریش نابێ، بەڵام کوژران و بریندارکردنی کۆڵبەران بەم ڕێژە زۆرە و لەم ئاستە بەرینەدا، گومان و پرسیاری زۆری لای ئێمە وەک کۆمەڵگەی مەدەنیی مەریوان دروست کردووە.

هەروەک هەمووان دەزانن کۆڵبەری کارێکی نایاسایی نییە بەڵکوو ئەوە کوشتوبڕ و ڕەشەکوژیی کۆڵبەرانە کە کارێکی دژە یاسا و نائەخلاقی، نائینسانییە و لە دژی یاسای مافی مرۆڤە و مایەی قەبووڵکردن نییە. تەنانەت ئەم هێرش و تەقەکردنە دژی ئەو یاسانەیە کە حکوومەت خۆی دایناوە. بۆیە ئێمە وەک کۆمەڵگەی مەدەنیی مەریوان بە توندی ڕەوتی کوشتن و بریندارکردنی کۆڵبەران مەحکووم دەکەین و هەر جۆرە پێشێلکارییەکی مافی ئەوان بە تاوان دەزانین. کۆمەڵگەی مەدەنیی مەریوان بۆ مەحکوومکردن و بەرپەرچدانەوەی ئەم هێرشە ناڕەوایانە بەرامبەر کۆڵبەران خۆی بە بەرپرسیار ئەزانی و کاردانەوە و گرتنەبەری ڕێکاری ناڕەزایی دەربڕین بە شێوەگەلی جۆراوجۆر بە مافی خۆی دەزانێ.

ئێمە داوا لە بەرپرسانی سیاسی و ئیداریی ئەم ناوچەیە دەکەین، بێدەنگی بشکێنن و نەهێڵن هێزە چەکدارەکان ئەم دڕندەیی و هێرش کردنە بۆ سەر کۆمەڵێک لاوی بێکار و بێداهات درێژە پێبدەن و هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرایان هەبێ.

جێگای خۆیەتی ڕەخنەیەک لە کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی و هەموو چین و توێژەکان بەتایبەتی بگرین و دەڵێین ئێوە نابێ لە هەمبەر ئەم هەموو ستەم و پێشێلکردنی ماف و ناعەدالەتی و کوشتن و بڕین و پلیشاندنەوەی مافی ئینسان و سەرکوتکردنەدا بێدەنگ بن. ئەگەر ئەمڕۆ بە ناحەق خوێنی کۆڵبەرێک دەڕژێ، سبەینێ بە بیانوویەکی دیکە هەمان چارەنووس بەرۆکی ئێوەش ئەگرێ. بۆیە دەنگ هەڵبڕین و هەڵوێستگرتن و نیشاندانی ئیرادەیەکی ئینسانی و نەتەوەیی، پێویستییەکی مێژوویی و نیشانەی مرۆڤ بوونی ئێوەیە. پێچەوانەکەشی لە دەستدانی هەموو بەها و نرخەکانی مرۆڤایەتی و بەتاڵبوونەوەیە لە سروشتی ئەخلاقی مرۆڤانە. بۆیە تاک بە تاکی ئێمە لە بەرامبەر ویژدان و مێژوو و نەوەکانی داهاتوومان بەرپرسیارین و ئەبێ بە هەر شێوازێک کە ئەتوانین کاردانەوەمان هەبێ.

پەیامی کۆتاییمان بۆ خودی کۆڵبەران و ئەو کەسانەیە کە ڕێگەی کۆڵبەرییان گرتووەتە بەر. هەرچەندە ئێمە وەک کومەڵگەی مەدەنی، کاری کۆڵبەری بە شیاوی ئێوە نازانین و بە ئەرکی حکوومەتی دەزانین کە کار و پیشەی گونجاوتان بۆ دابین بکا، بەڵام لە ئێستادا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو هێرشانە کە دەکرێتە سەرتان پێویستە یەکگرتوو و یەک هەڵوێست بن و کاردانەوەتان هەبێ. ئێوە لە هەموو کەس زیاتر دەبێ لە ئێش و ئازاری یەکتر تێبگەن و نابێ ئەم کوشتار و ڕەشەکوژییە وەک چارەنووسی خۆتان قبووڵ بکەن. ئێوە ئەگەر بە یەک دڵ و یەک ئیرادە یەکگرن ئەتوانن بۆ بە دەستهێنانی مافەکانتان تێبکۆشن و بەرپەرچی ستەم و سەرکوت و کوشتن بدنەوە.

**کۆمەڵگەی مەدەنیی مەریوان**

۱۲ی پوشپەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی

***

بەشێک لەو چالاکە مەدەنییانە هەمان ڕۆژ لە بەرزاییەکانی تەتەی مەریوان کۆ بوونەوە و بە بەرکردنەوەی دروشم و پلاکارد تەقەکردنی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کۆڵبەرانیان مەحکووم کرد. ئەو کۆمەڵە چالاکە دەڵێن تەنیا لە ماوەی حەوتوویەکدا ٦ کۆڵبەر لە پارێزگای سنە بە تەوقەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم کوژراون یا بریندار بوون.

کوژران و بریندار‌بوونی زیاتر لە ١٥ کەس لە نیوەی یەکەمی مانگی پووشپەڕ لەحاڵێکدایە کە لە ماوەی سێ مانگی سەرەتای ئەمساڵیش‌دا ٥٣ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان ببوونە قوربانیی سیاسەتی پەرەنەسەندنی کوردستان لە ڕووی ئابووری و، ڕەفتاری نادادپەروەرانەی کۆماری ئیسلامی. لەو ٥٣ کۆڵبەرە ١٥ کەسیان کوژراون و ٣٨ کۆڵبەریش بریندار بوون. هەروەها لە ساڵی ڕابردوو (١٣٩٩)یشدا ٢٢٨ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆ، تەقینەوەی مین، بەربوونەوە لە بەرزایی لە سۆنگەی ڕاوەدوونان و هەروەها ڕەقهەڵاتن لە سەرما گیانیان لەدەست دا و بریندار ببوون. لەو ٢٢٦ قوربانییەی ساڵی ڕابردووی هەتاوی ٨٠ کەسیان کوژرابوون و هەروەها ١٤٦ کەسیش بریندار ببوون.

# بۆ قاسملوو لە ڕێبازی‌دا بە زیندوویی مایەوە؟



سمایل شەرەفی

٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ (١٤٠٠)ی هەتاوی، ٣٢ ساڵ بە سەر تێرۆری ڕێبەری ناوداری کورد و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی لە وییەنی پێتەختی وڵاتی ئوتریش بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا تێدەپەڕێ. لە ماوەی ئەم زیاتر لە ئەم سێ دەیەدا گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان چ لە ئاستی جیهانی و چ لە ئاستی ناوچەییدا قووڵ و چارەنووسساز بوون؛ گۆڕانکارییە فکری و ئیدئۆلۆژییەکانیش شوێنەواری بەرچاویان لە ڕیزبەندییە جیهانییەکان و دیاریکردنی بەرژەوەندییەکاندا داناوە. پێشکەوتنی زانست و دەسکەوتەکانی تێکنۆلۆژی، شوێنەواریان بە سەر ڕێبازە سیاسی و ئابوورییەکاندا حاشا هەڵنەگرە و، لەم نێوەشدا و لەم سی ساڵەدا بێگومان کۆمەڵی کوردەواری و دۆخی بزووتنەوەی سیاسیی کورد و پرسی نەتەوایەتیی ئەم نەتەوە –هێشتا بێدەوڵەتە – گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

ئەوەندەی پێوەندیی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و مەبەستی ئەم بابەتەوە بێت، کۆمەڵگەی کوردستان لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و شێوازی ژیان و گوزەرانەوە گۆڕاوە و لە ڕووی سیاسی و نەتەوەییەوە ئاستی شعوری نەتەوایەتیی خەڵک لە پەرەسەندن و گەشەسەندن دایە. هەر لەم پێوەندییەدا حیزبی دێموکرات بە پاشخانێکی نزیک بە هەشت دەیە لە خەبات و تێکۆشانی بێوچانی خۆی، ئێستاش بەرزترین پێگەی سیاسی لە ئاستی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە.

پاراستنی ئەم پێگەیە بۆ حیزبی دێموکرات لە نێو خەڵکەکەی خۆیدا بۆ کۆمەڵێک فاکتەری جۆراوجۆر دەگەڕێتەوە کە یەکێک لە گرینگرینیان بوونی ڕێبەرانێکی لێهاتوو، خاوەن بیر و ئەندێشە و لێبڕاو و، هەتا سەر وەفادار بە ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان؛ پێشەوا و سەرۆک کۆماری کوردستان شەهید قازی محەممەد، شەهیدانی سکرتێری حیزب، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندی‌یە.

سەرەڕای هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی کە دوای تێرۆری شەهید دوکتور قاسملوو هاتوونە ئاراوە و بە کورتی ئاماژەمان پێدا، وەک دەبینین ناوی دوکتور قاسملوو و باسکردن لە بیر و ئەندێشەکانی ئەو کە وەک ”ڕێبازی قاسملوو“ ناوی دەرکردووە، هەروا وێردی سەر زمانانە و ڕێبوارانی لە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵی کوردستاندا درێژەدەری ئەم ڕێگایەن.

ئێستاش دوای زیاتر لە سێ دەیە کە ئاوڕ لە بیروباوەڕە سیاسییەکانی شەهید دوکتور قاسملوو دەدەینەوە، هەروا جێی تێڕامان و کەڵک لێ وەرگرتنن و، وەک بەحەق باس دەکرێ، ”ڕێنیشاندەری خەبات و تێکۆشانمانن“. باوەڕمەندبوون بە بیروئەندێشەکانی شەهید دوکتور قاسملوو و ئەو نەخشە ڕێگایەی کە ئەو لە حیزبی دێموکراتدا بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان وێنای کردوون، نەتەنیا لە بازنەی تێکۆشەرانی حیزبەکەیدا قەتیس نەماوەتەوە، بەڵکوو لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستان و ئێراندا، بەوپەڕی متمانەوە ئاوڕیان لێ دەدرێتەوە و پشتی پێ دەبەسترێ و ئەندێشەکانی قاسملوو هەر زیندوو و وڵامدەرن.

**بۆ قاسملوو لە ڕێبازیدا بە زیندوویی مایەوە؟**

شەهید دوکتور قاسملوو لە دوو دەیەی ٥٠ و ٦٠ی هەتاوی و، لە چوارچێوەی نووسینەوەی مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەڵاڵەکردنی هەڵوێست و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە و لە دوایین دەیەی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی پاشایەتی و یەکەم دەیەی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی و دەسەڵاتی ئیسلامیی ئێراندا، باوەڕەکانی تیوریزە دەکا و بەکردەوەش دەیخاتە خزمەت بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانەوە. دوو دەیەی تایبەت بە شەڕی سارد و پێکدادانی ڕێبازە فکرییە سیاسییەکانی دوو جەمسەری زەبەلاحی ئیمپریالیستی و سۆسیالیستی کە زۆر ڕەوت و جەریانی لۆکاڵییان، یان لە خۆدا تواندەوە و یان بە تەواوەتی هاڕییانن. دوکتور قاسملوو لەم بەستێنەدا ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەیەکی لۆکاڵی و نەتەوەیی لەئەستۆیە و هاوکات لەگەڵ بینین و دەرک بە هێژموونیی ئەم جەمسەربەندییە فکری و سیاسییانە لە سەر دەوروبەر و تەنانەت حیزبەکەیشی، خەمی پاراستنی تایبەتمەندیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکەکەیشیەتی و بە دیاریکردنی سنووری نێوان دۆستایەتی و سەربەخۆبوونی حیزبەکەی، ئازایانە سەربەخۆیی هەڵدەبژێرێ و پێداگری لە سەر مافی خۆبڕیاردان دەکات. د. قاسملوو بەم تێفکرینەوە، حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێران لە بەستراوەیی فکری و ڕێکخراوەیی دەپارێزێ و شوناسێکی سەربەخۆییخوازانەی پێ دەبەخشێ.

د. قاسملوو کە کەسایەتییەکی کراوە، گۆڕانخواز و دژ بە دوگماتیزم بوو، لە حاست نەتەوەیی بوونی پرسی سیاسیی میللەتەکەیدا، ڕێبەرێکی لێبڕاو و پێداگرە. ڕاشکاوانە و بێپەروا قسە لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ میللەتەکەی دەکا و پشتیوانیی حیزبەکەی لە بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بە مافێکی سیاسی و نەتەوەیی بۆ حیزبەکەی دادەنێ. کەڵکوەرگرتن لە هەر شێوازێکی گونجاو لە چوارچێوەی خەباتی بەرەنگاری بۆ حیزبەکەی و نەتەوەکەی بە مافێکی ڕەوا دەبینێ. لە هەمووی گرینگتر، دوکتور قاسملوو لە پێناو سەربەستی خاک و خەڵکەکەیدا و بۆ گرتنە پێشی خەباتێک کە بێگومان دەرکی بە تێچوو و هەزینە ماڵی و گیانییەکانی دەکرد، خۆی لە دەستپانکردنەوە و لە مەترسیخستنی سەربەخۆیی حیزبەکەی دەپاراست و پشتی بە هێزی خۆماڵی دەبەست. لەم پێوەندییەدا لە گەڵ ئەوەیکە لێکدانەوە و هەڵوێستەکانی لە سەر بنەما و ئەسڵی واقعبینی و تێگەیشتن لە باڵانس و هاوسەنگی بوو، پێداگری لەسەر خۆماڵی بوونی ئامرازەکانی هێزی خەباتکارانە و جۆری پەرژین و پشتیوانی لە خەبات دەکرد. دوکتور قاسملوو، هێزی پێشمەرگەی کوردستانی – کە لە کۆماری کوردستانەوە بۆ حیزبەکەی بە میرات بەجێ ماوە – بەو ئامرازە خۆماڵییە خەباتکارانە دەزانی کە بۆ دیفاع لە مان و مەوجودییەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و یارمەتیگەیاندن بە بەئامانج گەیشتنی و پاراستنی دەسکەوتەکانی لە قۆناغی جۆراوجۆرا درووست بووە. هەروەها باوەڕێکی چەسپاوی بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە حیزبی دێموکرات و خەباتەکەی هەبوو. بۆیە هەمیشە پێی وابوو، بۆ بەئامانج گەیشتنی حیزبی دێموکرات، سێ مەرج پێویستن؛ یەکیان سیاسەتێکی واقعبینانەی دروووست، دوهەمیان بوونی هێزی پێشمەرگە و سێهەمیان و لە هەمووی گرینگتر، پشتیوانیی خەڵکی کوردستان.



ئێستا دوای ٣٢ ساڵ بە سەر تێرۆری شەهید دوکتور قاسملوودا، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە زەمەنێکی جیاواز و لە بارودۆخێکی تایبەتدا هەروا لە سەر ئەساسی بیروئەندیشەکانی ڕێبەرانی شەهیدی خۆی و بەتایبەت ڕوانینەکانی شەهید دوکتور قاسملوو، ڕێی خەبات و تێکۆشانی خۆی دەپێوێ. ئەوە بەو مانایە نیە کە حیزبی دێموکرات و ڕێبەرایەتییەکەی و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە بە تێکڕایی، نەیانتوانیبێ شتێکی زیاتر لەوەی دوکتور قاسملوو و ڕێبەرانی دیکەی، پێوە زیاد بکەن، بەڵکوو ڕاست بەو مانایەیە کە بیر و باوەڕ و نەخشە ڕێگایەک کە شەهید قاسملوو بۆ حیزبی دێموکراتی دیاری کردوە، ئەوەندە بەربڵاو و زیندوو و قابیلی کارپێکردنن کە دەکرێ زۆر هەڵوێست و ڕێکار و نەخشەڕێگای دیکە و تازەیان لە سەر بنیات بنرێ و هەر بۆن و بەرامەی ئەو بدەن کە؛ بێگومان هاوسەنگەران و ڕێبوارانی شەهید دوکتور قاسملوو، دوای نەمانی ڕێبەرەکەیان بە درێژەدانی ڕێگا و ڕێبازی ئەو، سەرەکیترین هۆکاربوون بۆ بەزیندوویی مانەوەی ئەم ڕێبازە.

ئاستی جیهانبینیی شەهید دوکتور قاسملوو کە تا ئێستاش بۆ لێفێربوون دەبێ، بەرهەمی لێهاتوویی ئەو لە لێکدانەوەی ڕووداو و پێشهاتەکان، بەرهەمی ئازایەتی لە دەربڕین و ڕاشکاوبوونێکی نەترسانە لەگەڵ خەڵک و هاوسەنگەرانی و بە عیلم و مومکین زانینی سیاسەتە. دوکتور قاسملوو هیچ کات لهسەر ئەساسی دەمارگرژی و لە پێناو بەرژەوەندیی خۆی و قازانجی بەرتەسکی حیزبەکەیدا هەڵوێستێکی نەگرت کە بارگرانی لە سەر خەڵک و بزووتنەوە دروست بکات. تەوەری ئەساسیی بیر و ئەندێشەکانی قاسملوو، خەڵک و بەرژەوەندیی گشتیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بوو.

لە گەڵ ئەوەیکە خۆی و ڕێبەرایەتیی ئەوکاتی حیزبەکەی بە نوێنەری نەسڵێک لە موبارەزە و خەباتی نەتەوایەتیی میللەتەکەی دەزانی و بە تێگەیشتن لە جیاوازی لە ماهییەت و نێوەرۆکی داواکاریی نەسڵەکانی خەبات، مافی نوێنەرایەتیی نەسڵەکانی داهاتووی بە خۆی نەدەدا، بەڵام ئێستاش ڕێبازەکەی و ئەندێشەکانی ڕێنیشاندەری خەباتی حیزبەکەی و بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستانن. چونکی ئەندێشەکانی ئەو و، ئەو ڕێبازەی کە دوکتور قاسملوو وێنای کردووە، بیرکردنەوەی تازە و نەخشە ڕێگای نوێ لە خۆ دەگرێ. ئەوەش سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەم ڕێبازە نەتەنیا دوگم و داخراو و ماوە بەسەرچوو نییە، بەڵکوو ئیستعدادی خۆنوێکردنەوە و تەفسیری بەڕۆژی هەیە.

ئەگەر دوکتور قاسملوو زیاتر لە سی ساڵە بە جەستە تێرۆر کراوە و وجودی فیزیکیی لەنێوماندا نەماوە، بە بیروئەندیشەکانی، بە ڕێبازە هەردەم تازە و پڕ لە ڕێبوارەکەی، بە زیندوویی ماوەتەوە. هۆگریی نەسڵ لە دوای نەسڵی تێکۆشەرانی کورد بە گشتی و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بە تایبەتی بە دوکتور قاسملووی شەهید و ڕێبازەکەی، سەلمێنەری ئەم ئیدیعایانەن. ئەمڕۆ نەسڵێک لە کوڕان و کچانی خەڵکی کوردستان بە پۆشینی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە ڕیزەکانی حیزبەکەی قاسملوودا و بە پەیوەستبوونیان بە تەشکیلاتی ئەم حیزبە لە نێوخۆی وڵات و بە دانی درووشم و بڵاوکردنەوەی وێنە و تراکت و قسەکانی دوکتور قاسملوو، ”قاسملوو قاسملوو“ یانە کە دە پازدە ساڵ دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو لە دایک بوون. کەوابوو ”قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە“.

# پێشمەرگە و مافی بەرگریی ڕەوا



زانیار حوسێنی

بەرگریی ڕەوا وەک چەشنی دیکەی میکانیزمە یاساییەکان ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو، پێویستی و عورفە دەوڵەتی و نێودەوڵەتییەکان. لە ڕاستیدا مافی بەرگریی ڕەوا یەک لە بنەما جیانەکراوەکانی هەر نەتەوەیەک، گرووپ و تەنانەت هەر کەسێکە کە لە سۆنگەی حەوجێ، ئەمنییەت و سەقامگیری لە جوغرافیای شوێنی ژیانیاندا کۆمەڵە پرەنسیپێک لەسەر بنەمای خواستی گشتی و لەپێناو بەرەوپێشبردنی ئامانجە گشتییەکان و پاراستن و داکۆکی لەو بەرژەوەندییانە دادەڕێژن و ڕەچاوی دەکەن.

مێژووی نووسراوی تیۆریی مافی بەرگریی ڕەوا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆمی کەونارا و هەر لە کۆنەوە لەنێو گەلاندا مافی بەرگریی ڕەوا چ بۆ تاک و چ بۆ کۆ و کۆمەڵ بە پێناسەی جۆراوجۆر شەرعییەتی دراوەتێ و نەتەوەکان ئەمەیان بە بەشێک لە مافی زاتی و سرووشتیی خۆیان زانیوە. هەربۆیەشە بە درێژایی مێژوو فەلسەفەی ڕەواییەتی بەرگری یان بەرگریی ڕەوا لە فۆڕمی جۆراوجۆردا پاساو دراوەتەوە، چونکی پشتی بەو ئەسڵە بەستووە کە مادام بوون و ژیان مافی سرووشتییە، هەر کاتێکیش ئەو مافە بکەوێتە مەترسییەوە بەرگریلێکردنیشی ڕەوایە. هەشن ئەو مافناسانەی مافی بەرگری و ڕەواییەتەکەی لە گۆشەنیگای پەیمانی کۆمەڵایەتی و شکاندنەکەی لێک دەدەنەوە و لە بەرەی ئەولاش بە پشتبەستن بە پێویستیی قەرەبووی کرێتی بە کرێتی، مافی بەرگریی ڕەوا تەواو بە ڕەوا دەزانن. لایەنگرانی ئەو بۆچوونە دەڵێن دادپەروەرانەترین سزای خراپە و کرێتی قەرەبووکردنەوەیەتی لە ڕێگەی بەرگریکردنەوە و، بەمجۆرەیە کە نەزم و سەقامگیری لە کۆمەڵگەدا جێ دەخرێ. بۆچوونێکی دیکە لەو پێوەندییەدا تیۆریی نەبانی و ناتەبایی دوو ماف لەگەڵ یەکترییە، بەو پاساوە کە مافی ئەو کەسەی دەستدرێژیی کراوەتە سەر دەبێ پتر لە مافی دەستدرێژیکار لەبەرچاو بگیردرێ. بۆچوونێکی دیکەش بە پشتبەستن بە بنەمای ”ڕەچاوکردنی ماف و بەرژەوەندیی کۆمەڵگە“ ڕەوایی بە ڕەواییەتی بەرگری دەدا. ئەو بۆچوونە لەسەر ئەوە دەوەستێ کە بەرگری نەک هەر بەرژەوەندیی کەسی پەلاماردراو دەپارێزێ، بەڵکوو لەو ڕێگەیەوە لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەش دەشکێتەوە، چونکی لەو بەستێنانەدا کە کۆمەڵگە ناتوانێ دابینبوونی ماف و جێبەجێبوونی دادپەروەری لە هەموو پانتاییەکدا جێ بخا، ئەوە تاکەکانن کە ئەو کەمایسییە قەرەبوو دەکەنەوە. ئالێرەدا ئیدی بەرگری نەک وەک ماف، بەڵکوو بە ئەرکی تاکەکانی کۆمەڵ دادەنرێ.

مافناسەکان بۆ پاساوی بەرگریی ڕەوا لەسەر دوو بۆچوونی گشتی دەوەستن و بنەمای ئەو بەرگرییە بۆ یەک لەوان دەگەڕێننەوە: یەکەم جەبر و ناچاری، دووهەم دەستەبەری ماف و بەجێهێنانی ئەرک.

### ئا. تیۆریی جەبر و ناچاری

بەپێی ئەم بۆچوونەوە کاری کراو لە کاتی بەرگریی ڕەوادا تاوانە، بەڵام تاوانێک کە لەسەری سزا نادرێ. لایەنگرانی ئەم بۆچوونە دەڵێن پەلاماری ناڕەوا ئازادیی ئیرادە و بڕیاردان دەکوژێ و تاوانەکە لەژێر کاریگەریی گرژییە ئیرادەییەکاندا دەکرێ. بە واتایەکی دی لەژێر کاریگەریی غەریزەی پاراستنی ”من“دا تاوانەکە کراوە و ئیرادەی مرۆڤ لە کردنەکەیدا ڕۆڵێکی ئەوتۆ نابینێ؛ چونکی ئەو زۆر و جەبرەی لە دەستدرێژییەکی ناڕەواوە سەرچاوەی گرتووە، کەسەکەی ناچار بە کردنی ئەو تاوانە کردووە.

### ب. تیۆریی دەستەبەری ماف و بەجێهێنانی ئەرک

بەپێی ئەم ڕوانگەیە تاک یان گرووپ لە بەرگریی ڕەوادا مافێکی جێبەجێ کردووە و تەنانەت دەتوانین بڵێین ئەرکێکی سەرشانی خۆی لەپێناو دابینکردنی عەدالەتدا بەجێ هێناوە. هێگل گوتەنی: ”هێرشکردن پێخۆستکردنی مافە، کەواتە بەرگری لە پێخوستکردنی ئەو پێخوستکردنەش بەمانای دەستەبەری مافە.“ بۆیەش لە بنەڕەتڕا بەرگریی ڕەوا تاوان نییە هەتا بکرێ سزای بۆ لەبەرچاو بگیردرێ.

بە سەرنجدان بە هەموو ئەوانەی باس کرا، دەکرێ ئەم پێناسە گشتییە بۆ بەرگریی ڕەوا بکرێ: بەرگریی ڕەوا بەرپەرچدانەوەی دەمودەستی هێرش و پەلامارێکی ناڕەوا بە ڕەچاوکردنی هەلومەرجی یاسایە، بە واتایەکی دی سەرەڕای خوێندنەوە و پاساوە جۆراوجۆرەکان، دەبێ یاسا سنوور و چوارچێوەی ئەو بەگژداچوونەوە و بەرپەرچدانەوەیە دیاری بکا.

### بەرگریی ڕەوا لە یاسای وڵاتاندا

لە مافەکانی ”کامێن لا“، واتە مافە عورفییەکانیشدا بڕیاری پاکانە بۆ ئەوانە دەدرێ کە لەپێناو بەرگریکردن لە خۆیاندا ناچار بە کوشتنی کەسێک بوون. لە مافەکانی ”ژێرمەن“یشدا مافی دەستپێشخەریی بەرگریکار لە هەمبەر دەستدرێژیکەردا بە ڕەوا داندراوە، چونکی کەسی پەلاماردەر بەهۆی کردەی دەستدرێژیی خۆی لەحەق کەسێکی دیکەدا چیدی پشتیوانیی یاسا نایگرێتەوە.

لە ڕووی نێونەتەوەییشەوە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پەسندکردنی چەند بڕگەیەکی قانوونی چەندی و چۆنیی مافی بەرگریی ڕەوای ڕوون کردووەتەوە و بەندی ٤ی ماددەی ٢، ماددەکانی ٣٩ هەتا ٥١ی مەنشووری ئەم ڕێکخراوەیە گرینگی و بایەخ بەو ئەو بابەتە دەدەن و شەرعییەتی نێونەتەوەیی دەدەنێ. لە دەلاقەی ئەو ماف و پەسندکراوە جیهانی و نێونەتەوەییانەوە دەکرێ ئاوڕ کە مافی بەرگریی ڕەوای پێشمەرگە بدرێتەوە.



### ڕەواییەتی بەرگریی پێشمەرگە لە مافی ڕەوای خۆی

یەکەم شت لەو پێوەندییەدا و لە ڕووی مێژووییەوە بوونی هێزی پێشمەرگە بۆ پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی نەتەوەیەک لە بڕگەیەکی مێژوویی دیرۆکی ئەو نەتەوەیە دەگەڕێتەوە کە کۆماری کوردستانە. لەم ڕووەوە پێشمەرگە پارێزەری دەسکەوتەکانی بزووتنەوەیەکی گەلییە و بەرگری لە ماف و کەرامەتی نەتەوەیەک دەکا کە دەستدرێژیی کراوەتە سەر و پەلامار دراوە. پێشمەرگە هێزی پارێزەری خەباتی نەتەوەیەکە بەپێی ڕێوشوێن و ستانداردە نێونەتەوەییەکان داوای مافەکانی دەکا بایکۆتی ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامی لە بەهاری ١٣٥٨ لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە کە لەسەر داوای حیزبە سیاسییەکانی خاوەن هێزی پێشمەرگەوە بەرز کرابۆوە، ڕەواییەتی گەلیبوون و خەڵکیبوونی ئەم هێزە پێشان دەدا.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە دوو بەرەی دژدا جێ دەگرن. پێشمەرگە و حیزبە سیاسییەکان لە چوارچێوەی مافە جیهانداگرەکاندا داوای مافی خۆیان و پارێزگاری لە خاک و نیشتمانی خۆیان دەکەن، دەسەڵاتی ناوەندگەراش بە هەموو توانای نیزامی و لۆجستیکییەوە پەلاماری ئەم خاک و هێزەی داوە، کەواتە بەرگریی هێزی پێشمەرگە نەک هەر مافی ڕەوا، بەڵکوو ئەخلاقی و مرۆییشە.

باسەکە ئەوەیە کە دەسەڵاتی ناوەند مافویستی و داوای ئاشتیخوازانەی کوردی بە ئاگر و ئاسن داوەتەوە و حوکمی جیهاد لە دژی کورد و هێرش بۆ سەر خاک و هەرێمەکەی داوە و هیچ ڕێگەیەک جیا لە بەرگریی بۆ هێزی پێشمەرگە وەک پارێزەری ماف و بەرژەوەندییەکانی گەلی نەهێشتووەتەوە. بە واتایەکی دی هەموو بەرگرییەکانی هێزی پێشمەرگە لەڕووی ناچاری و بەهۆی ئەم زۆر و زەبروزەنگ و سەرکوتە بووە کە لەپێناو نەهێشتن و قڕکردنی لەدژی کراوە. بۆیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەک هەر بەرگریی لە مافە زاتی و بنەڕەتییەکانی گەلی کورد لە ئێران کردووە، بەڵکوو بەرگریی لە مافی هەڵبژاردنی ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو نەتەوەیەش کردووە، بۆیەش ئەگەر لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا و لە هەندێ بڕگەشدا مافی بەرگریی ڕەوا بۆ دەوڵەتەکانیش پێناسە کرابێ، بەڵام نێوەرۆکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و ڕێگریی ئەم ڕێژیمە سیاسییە لە دابینبوونی مافەکانی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئەم وڵاتە، ئەم مافەی لێ مایەپووچ دەکاتەوە. چونکی ڕەواییەتی مافی بەرگری لە گەل بە دەوڵەت هەر لەجێدا گەل دەیداتە دەوڵەت و لە نەبوونی دەوڵەتێکی خودموختاردا کە نوێنگەی ویست و داخوازەکانی گەلی کورد بێ، ئەو مافە لەلایەن خەڵکەوە دراوەتە هێزە سیاسییە نیشتمانییەکان و هێزی پێشمەرگەیان.

بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان هیچ پاساوێکیان نییە، ئەم دەسەڵاتە وەک هێزێکی داگیرکەر بە هەموو توانای سەربازیی خۆیەوە هێرشی کردووەتە سەر نەتەوەیەک و ئەو نەتەوەیەش لە نەبوونی یاسایەک لە نیزامی نێونەتەوەیی لەپێوەندی لەگەڵ نەتەوە بێدەوڵەتەکاندا چۆکی دانەداوە و بەرگری لە خۆی دەکا. بۆیە ئەو مافە لە هەموو ماوەی پتر لە چوار دەیەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بۆ پێشمەرگە پارێزراو بووە.

مافی بەرگریی ڕەوا چەند ڕەهەندی هەیە کە هێرشی دەستپێشخەرانە و بەرگری بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو پەلامارانەی دەکرێنە سەرت دوو لەوانن. هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەهۆی سیاسەتی حیزبە سیاسییەکانی ئەم گۆڕەپانە قەت هێرشیان نەکردووەتە سەر ڕێژیم لە ناوچەیەکی دەرەوەی کوردستان، لەحاڵێکدا ئەوە مافی ڕەوای خۆیان بووە. بەڵام کاتێک کە خاک و نیشتمان و کەرامەتی نەتەوەیی گەلەکەیان پەلامار دراوە، ڕاساون و بەرگرییان لەو بایەخانە کردووە کە بەپێی هەموو قانوونە نێودەوڵەتییەکان ڕێگەپێدراون. چونکی بوون و چالاکیی مەیدانیی هێزەکانی پێشمەرگە لە خاکی کوردستاندا لەسەر داوای خەڵک و بۆ داکۆکی لە ماف و بەرژەوەندییەکانی ئەو خەڵکە بووە و ئەو مافە لەهەموو فۆڕم و شێوەیەک و بەپێی هەر تاکتیک و ستراتیژییەک بۆ هێزی پێشمەرگە پارێزراوە. وەک چۆن زۆر بڕیارنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕوونی ئەو مافە بۆ کورد و هێزی پێشمەرگە بە ڕەوا دەزانێ. بۆ نموونە بڕیارنامەی ٢٧٨٧ کە باس لەوە دەکا نەتەوەکان مافی خۆیانە بۆ دەستەبەری مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەر شێوەیەک لە خەبات و یەک لەوان خەباتی چەکدارییش بگرنە بەر. یان وەک چۆن لە بڕیارنامەی ٣٩٧٠دا کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان داوا لە ئەندامەکانی دەکا داکۆکی لە مافی دیاریکردنی چارەنووس و سەربەخۆیی نەتەوەکان بکەن و هەموو چەشنە یارمەتییەکی ماددی و مەعنەوی و دیپلۆماتیکیان پێ بکەن.

کەوابوو مافی بەرگریی ڕەوا نەک ڕێکارێکی قانوونی بۆ پارێزگاری لە مافی نەتەوەیەک، بەڵکوو چەکێکی ڕێگەپێدراوە بۆ ئەو ئامانجە و، حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەو مافە بە هەموو شێوەیەک بۆ خۆی بە ڕەوا دەزانی.

## پێشمەرگەی وێژمانساز



شەمزین ئەحمەدنەژاد

ئادریان هێستینگێز لەو باوەڕە دایە نەتەوەی مۆدێرن لەژێر کاریگەریی زمانی دایکی و ئیرادەی دەوڵەتێک دروست دەبێت. لەدرێژەدا باس لەوە دەکات ئەوکاتەی زمانی دایکی گەلان لە فۆڕمی سینگاوسینگ و گێڕانەوە بۆ فۆڕمی نووسینەوە باز دەدا و لە ئاستی ئەوەدا کە بۆ بەرهەمهێنان و نووسینەوەی مێژوو و ئەدەبیات کەڵکی لێوەرگیرێ، ئۆتۆماتیک قەوم دەبێ بە نەتەوە. ئەوەی باس کرا لەبەر هەستیاریی بابەتەکەیە کە چەندە لای بیردۆزانی نەتەوە گرینگی پێدەدرێ، ئەگینا کەوتنە داوی ململانێی دووانەی قەوم و نەتەوە وەک فیلێکی تیۆریی داتاشراوی فارسەکان بۆ بەتاڵانبردن و ماندووکردن و لێدان لە حەقیقەتی شوناسی نەتەوەییمان هیچ بارێکی لۆژیکی پێوە دیار نییە.

بۆچوونەکەی هێستینگێز دەکەمە بیانوو بۆ ئەوەی ئاوڕێک لە کۆبەرهەم و کتێبەکانی کاک برایم چوکەڵی بدەمەوە کە وێڕای ئەوەی فەرماندەیەکی بەوەجی نیزامیی حیزبە، هاوکات بە نووسینەوەی ئەو شەڕ و ڕووداوانەی وەک پێشمەرگەیەک تێیاندا بەشدار بووە، ئاگایانە پێ دەنێتە مەیدانێکی دیکەی پڕبایەخی دروستکردنی نەتەوە. بە هەڵوێستەکردن لەسەر کتێبی «دشواریهای راه مبارزە» کە لەو ڕۆژانەدا پەردەی لەسەر لادرا، دەردەکەوێ شۆڕشگێڕێکی بەباوەڕ ڕۆ دەچێتە قوڵایی مێژووییەک کە بۆخۆی یەکێک لە ئەکتەرە دیارەکانیەتی. کلیل وشەکانی ئەدەبیاتێک کە دەتوانێ وێنایەکی دروستی ئەو ڕۆژانەمان بداتێ. پێشمەرگە، شەڕگە، حەماسە، گیانبازی، کایە بە مەرگ کردن، جەسارەت، خوێن، شەهید، کەم ئەندام، ئەمەگ، وەفا، ئیرادە، شکاندنی سیکلی عادەتە عاتفیەکان و ئیرادەن.

### نووسینەوەی بیرەوەری، مێژوویەک بۆ وێژمان سازی

ئەگەر چەمکی شۆڕش بە واتای بەکارهێنانی مێتۆدی توندوتیژیی ڕەوا بۆ خەبات دژی ڕێژیمە خۆسەپێن و دیکتاتۆرەکان دەکار بکەین، بێگومان تەمەنێک خەباتی پێشمەرگانە ملکی بەباڵا بڕاوی ئەو چەمکەیە. پرۆسەی داگیرکاریی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵات بەردەوامە و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەورازی زیاتر لە چەند دەیە ململانێی نەرم و سەخت دەگەڵ ئەم دەسەڵاتە تۆتالیتێرەدا هەنگاو دەنێ. شەڕی پێشمەرگانە لە فۆڕمە سیستماتیکەکەی ڕاگیراوە و وەک دەگوترێ لە قۆناغی دەرگیریی «یەخزەدە» داین. چ بکرێ بۆ ئەوەی وانەکانی قوناغی خەباتی سەخت تەنیا لە بیرەوەریی نەوەی ئەنجامدەری ئەو شۆڕشەدا نەمێنێ و نەوەکانی هەرسێ دەیەی ٦٠، ٧٠ و ٨٠ ئاشنا بەو ڕۆژانە بن؟ بێگومان وەڵامی ئەو پرسیارە لەلای فەرماندە چوکەڵی و «دژوارییەکانی ڕێگەی خەباتە».

کاک برایم چوکەڵی بە زمانێکی سادە و پاراو جگە لەوەی بە نووسینەوەی ئەو ڕۆژە پڕ لەسەروەرییانە بەردێکی گران لەسەر بەردی سەرچاوەمەندکردنی ڕۆژژمێری ئەو ڕۆژانە دادەنێ، هاوکات هەوڵ دەدا ئیمپاتی و هاودڵیی نەوەی نوێی ڕۆژهەڵات و بەشدارانی بزاڤی سیاسیی ئاشکرامان بۆ حیزب و تێکۆشانی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرز بکاتەوە.

میرۆسلاو هێرۆش لە خوێندنەوەیەکدا کە بۆ بزووتنەوە نەتەوەییەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی ئورووپا کە دابەشی سێ قۆناغی دەکا، دەڵێ: قۆناغی سێهەمی نەتەوەسازی ئەو کاتەیە کە چەمکی نەتەوە بچێتە نێو قوڵایی دڵ و زەینی خەڵک. کاک برایم چوکەڵی لێرەدا وەک ملیتانێکی نەتەوەیی بە پیرۆزکردنەوەی خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی و بێمنەتکردنی ماندووبونی پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ گەلەکەی دەبێتە نوێنەرێکی ڕاستەقینەی ئەم ڕێبازە و ئەکتەرێکی زیندووی وێژمانسازی ناسنامەیی.

ئێمە دەزانین پەروەردەی ڕێژیمی ئێران و بۆرۆکراسیی حکومەتی و دەزگا سەربازییەکانی لەسەر بنەمای بێئیرادەکردن، شکاوی کەسایەتی و بێمێژوو کردنی کوردستان هەنگاو دەنێن و دەیانەوێ کاراکتێرێکی بێهەستی بێدەنگ لە کۆمەڵگەی کوردستان درووست بکەن، واتە وێژمانی شکان. ئانتی تێزی ئەو وێژمانە زمانی ئاگرینی پێشمەرگەیەکی قەڵەم بەدەستە کە بە نووسینەوەی دژوارییەکانی ڕێگەی خەبات و نیشاندانی ئەو هەموو قارەمانێتیەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات نواندوویانە دەبێتە بەشێک لە پڕۆسەی تێکشکاندنی وێژمانی شکان و ئێلیمێنتەکانی وێژمانی سەرهەڵدێری لە دووتوێی نووسینەوەی بیرەوەریکانیدا بەگژ گیانی کز و لارەوەبووی دوژمنیدا دەکا. لەولاش دۆزێکی بێوێنەی بوێری و پێشەنگ بوون بە شادەمارەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا دەکاتەوە. چونکی ئەو کاتەی لاوانی کورد بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەیەکی بەبیروباوەڕ دەخوێننەوە، هەستی نەتەوەیی هاوبەشیان لەلا دروست دەبێ.

ڕەنگە مانگ و ساڵی بەسەرداچووی ئەو بیرەوەرییانە زۆر نەبن، بەڵام بە بەرزکردنەوەی وشیاریی سیاسی گەل، دەبنە بەشێک لە پرۆسەی ئالنگارسازی ئانتی هەژمۆنیک بۆ دەوڵەت نەتەوەی دوژمنی ماف و ئازادییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دروستبوونی ناسنامەیەکی دژە هێژمۆن.

کاک برایم بە نووسینی ئەم کتێبە و وەرگێرانی بۆ سەر زمانی فارسی دەگەڵ دوو بەردەنگ دەکەوێتە گفتوگۆ. بەردەنگی یەکەم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و بەردەنگی دووهەم ئەویتری ئەو گەلەیە. ئەوانەی حاشا لە ناسنامەی کورد دەکەن و قایل بە بوونی حاکمییەتی سیاسیی ئەو نەتەوەیە لەسەر خاکی خۆی کە کوردستانە نین. کاک برایم وەک ئەکتەرێکی چالاکی وێژمانساز بە وەبیرهێنانەوەی ستەمی کۆماری ئیسلامی و تاوانەکانی سوپای پاسداران و لە لایەکی دیکە بە نیشاندانی جەزرەبەی پێشمەرگە لە بەرابەر ئەم دەسەڵات و هێزە تاوانکارە سنوورێکی وێژمانی دیاری دەکا و پێشمەرگایەتیی ئەو سنوورە دەکات. ئۆستوارت هال لە پێناسەی وێژماندا دەڵێ: کۆمەڵێک ئەزموونی لەپێشدا شکڵ گرتوویە و ئامادەیە بۆ ئەوەی لەڕێگەی زمانەوە ڕێکوپێک بکرێ و نمایش بدرێ. لێرەدا پێشمەرگەی نووسەری کتێب دژوارییەکانی ڕێگەی خەبات هەنگاوێک زیاتر دەچێتە پێش و بیرەوەرییەکانی دێنێتە سەر لاپەڕەی کاغەز و لەو ڕێگەوە هەست و تێگەیشتنەکانی دەگەڵ کۆمەڵانی هەراوی خەڵک هاوبەش دەکاتەوە و لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان هان دەدا گیانبازی کردن بۆ ئازادی تاڵ نیە چێژبەخشە، ڕێگەی خەبات ناهەمواریش بێت ئازادی شیرینترە و ئازادی بە ئاسایش و ئەمنیەت و فەردییەتێکی ئاسوودە معامەلە ناکرێت و ئەگەر بشکرێ سەودایەکی نابەرابەرە و کاڵای ئازادی لە قیمەت نایە.

دەستخۆشیکردن لە کاک برایم بۆ ئەو کارەی کەمترین ئەرکە، لەو سۆنگەیەوە کە هەستی بەرپرسایەتی بەرامبەر گەلەکەی و مێژووی خەباتی حیزبەکەی حەجمینی لێ هەڵگرتووە و، هیوادارم بەردەوام بێت لە نووسین و هاوڕێیانی دیکەی پێشمەرگەی سەردەمی خەباتی چەکداریش بێنە مەیدان و نەهێڵن قارەمانیەتیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات تەنیا لە حافزەی ئەواندا بمێنێتەوە و بە نووسینەوەیان و هاوبەشکردنیان دەگەڵ چین و توێژە جیاجیاکانی گەلەکەمان قارەمانەتییەکان ببەنە نێو حافیزەی نەتەوەییمان و کورد ڕەمز و هێماکانی خۆی بناسێت.

# ڕەوتی جیابیرکوژی لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا



دیاکۆ دانا

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بەرهەمی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ بوو، لەگەڵ ئەوەی هەر لە سەرەتاوە هەموو خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ڕێژیمی پێشووی لە سەرکوتی ماف و ئازادییەکان بە میرات وەرگرتبوو، بۆخۆیشی داهێنەرانە کەوتە قایمکردنی بناغەی دەسەڵاتەکەی و بۆ ئەوەش هەموو مێتۆدێکی ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و توتالیتێری گرتەبەر. یەک لەو مێتۆدانە کپکردنی هەر دەنگێکی نارەزایەتی و نەهێشتنی هیچ ڕایەکی جیاواز بە هەموو نرخ و تێچوویەک بوو، کە ئەو ڕەوتەی سەرکوتی جیابیران و کپکردنی دەنگی گۆڕانخوازان لە فۆڕمی جۆراوجۆردا ئێستاش درێژەی هەیە.

سروشتییە کە خەڵکی جیابیر لە هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆییدا هەبێ و لە سیستمە دێموکراتیکەکاندا ئەو دەنگانە هەم گوێیان لێ دەگیرێ و هەم دەتوانن بە دروستکردنی گوشار و کاریگەری لەسەر شەقام و بیروڕای گشتی، لەسەر بڕیارەکانی ناوەندی دەسەڵاتیشدا شوێنکاریان هەبێ. بەڵام لە نیزامە دیکتاتۆرییەکاندا -کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ نموونە- کە هەبوونی جیابیری و دەنگە جیاوازەکان کە خوڵقێنەری دۆخ و هەلومەرجەکانن، بە مەترسی بۆ سەر ئایدۆلۆژی و بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی سیاسی دادەنرێن و لەو سۆنگەیەوە بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێن.

لەبارەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەنیسبەت جیابیرییەوە سێ شت گرینگە باس بکرێن: یەکەم ئەوەی کە ڕەوتی سەرکوتی جیابیران لە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا زۆر توندوتیژ بووە، کەم نین ئەو جیابیرانەی گیانیان لەپێناو دەربڕینی باوەڕەکانیان داناوە، یان سزای زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا سەپاوە، یان بەهۆی گوشاری لەڕادەبەدەری ناوەندە ئەمنیەتییەکان بەناچار و بۆ پاراستنی گیانیان زێد و وڵاتیان بەرەو هەندەران جێ هێشتووە. دووهەم ئەوەی کە ڕەوتی نوخبەکوژی و سەرکوتی بیری جیاواز لە کۆماری ئیسلامیدا تایبەت بە بڕگەیەکی مێژوویی تەمەنی ئەم ڕێژیمە نەبووە. ڕێژیمی خومەینی هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی پاڵدانەوە بە دەسەڵاتەوە پشتی لە هەموو وادە و بەڵێنەکانی پێش سەرکەوتنی شۆڕشی پشتگوێ خست و بە پشتیوانی هەست و کەفوکوڵەکانی دوای شۆڕش کەوتە قەڵتوبڕی هێزە سیاسییە دژبەرەکان -لە چەپ و ڕاست و هێزە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان وتەنانەت ئیسلامییە میانەڕەوەکان- و پاکتاوکردنی دەنگ و بۆچوونە جیاوازەکانی کۆمەڵگە. سێهەم ئەوەی ڕێژیم بۆ ئەو قەڵتوبڕ و پاکتاوەش هەموو چەکێکی -بەتایبەت تێرۆر- دەکار کردووە و هیچ سنووڕێکیشی نەناسیوە و لە نێوخۆ بە دەستئاوەڵایی زیاترەوە و لە دەرەوەی وڵات بە پێشێلکردنی هەموو پرەنسیپێکی دیپلۆماتیک و نێونەتەوەیی جیابیران و دژبەرانی سیاسیی خۆی لەسەر ڕێ لابردووە.

سیاسەتی زەبروزەنگ و تۆقاندنی ڕێژیم لە هەموو بەستێنە سیاسی، کولتووری و مەدەنییەکان قوربانیی لە جیابیران وەرگرتووە کە کوشتنەکانی دەیەکانی ٦٠، ٧٠، ئەو قەڵتوبڕانەی بە "قەتڵە زنجیرەییەکان" ناوی دەرکرد و تێرۆرەکانی پاریس و ڤییەن و بیرلین چەند لوتکەیەکی ئەو ڕەوتی جیابیرکوژییەن کە کۆماری ئیسلامی وەک سیاسەتێکی نەگۆڕ دەیباتە پێشێ. لەو نێوەدا بڕیاری دادگای مێکونووس ئەگەرچی پاشەکشەیەکی کاتیی بە تێرۆر و نوخبەکوژییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات کرا و پلانەکانی ئەم ڕێژیمەی بە شێوەی کاتی وەستاندووە، بەڵام لە نێوخۆی وڵات و بە تایبەت لە دژی ئۆپۆزیسیۆنی کورد ئەم سیاسەتە هەروا درێژەی بووە.

پرسیار ئەوەیە کە ئاخۆ هیچ ڕێژیمێکی دیکتاتۆر هەبووە بتوانێ لەو ڕێگەیەوە دەسەڵاتەکەی هەمیشەیی بکا؟ لەو نێوەشدا ئایا کۆماری ئیسلامی توانیویەتی بەو سیاسەت و ڕەفتارە بێدەنگی و خەفەقان بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا زاڵ بکا و خۆی لە شوێنکاری بیری ڕەخنەگرانەی نوخبەکانی کۆمەڵ بدزێتەوە و بە ئارخەیانی دانیشێ و حوکمی خۆی بکا؟ ڕەوتی بەردەوامی نارەزایەتییەکان لە ئێران و پڕکاریی ناوەندە ئەمنیەتییەکان لە گرتن و سزادانی جیابیران و چالاکانی شوێندانەر لەسەر کۆمەڵ پێمان دەڵێن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەو سیاسەتەیدا سەرکەوتوو نەبووە. ئەویش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یەکەم کۆمەڵگەی ئێران —کوردستان بەتایبەت" کۆمەڵگەیەکی زیندوویە و پاشخانێکی دەوڵەمەندی لە خەبات و مافخوازی هەیە و لە بەرامبەر ستەم و بێعەداڵەتیدا بەچۆکدا نایە، "قانع" گوتەنی:

**"گرتن و کوشتن و لێدان عامیلی ئازادییە**
**قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە"**

دوهەم ئەوەی فۆڕمی پێوەندییە سیاسییەکان لە چاخی ئێستا و شوێندانان و کاریگەرییان لەسەر یەکتری یارمەتیی یەکگرتوویی و بەردەوامی ژیانی جیابیری دەدا و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بە هەموو توانای زەبروزەنگ و پۆلیسی و ئامرازەکانی سەرکوتی خۆیەوە ناتوانێ بەگژیدا بچێتەوە.

ماوە بڵێین ئەم ڕەوتی جیابیرییە و ئەم پۆتانسیەلی گۆڕانخوازییە کە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا سەرەڕای هەموو ئەو سەرکوت و زەبروزەنگ و پەراوێزخستنە بەرگەی گرتووە و لە گۆڕەپانەکەدا ماوەتەوە، چۆن دەتوانێ ڕەوتی گۆڕانکارییەکان لە ئێران لە بەرژەوەندیی خەڵکدا خێراتر بکا؟ گرینگترین فاکتۆڕ لەو پێوەندییەدا لیکنیزیکی و هاوپێوەندیی فکریی هەموو زەرفییەتانەیە کە دەتوانن خەڵک لە دژی حاکمییەتی سیاسی ڕێک بخەن. دواتر بەشدارییان لە دروستکردنی ئەقڵییەتێکی سیاسیی مۆدێڕندا کە ئێرانی داهاتوو بە هاوبەشیی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە دروست بکرێتەوە و سیاسەتی دووچاوەگی و دابەشکاری لە سەر بنەماکانی نەتەوەیی، ڕەگەزی، زمانی و ناوچەیی نەمێنی.

# ئەوەی گرفتە ئێرانە، نەوەک ڕێککەوتنی ئەتۆمی

ئاتلانتیک—جەیمز جێفری و دێنیس ڕاس



و: کەماڵ حەسەنپوور

هەڵبژێرانی ئیبراهیم ڕەئیسی وەک سەرکۆمار جێگای سەرسووڕمان نەبوو. هەموو ئەوانی کە لەوانەبوو بۆ هەڵبژێرانی ئەو هەڕەشە بن وەلا نرابوون. ئەو هەڵبژێراوی سەرۆکی گەورە، عەلی خامنەیی بوو و ئەوە شتێکی سەیر نییە: کەم کەس دەتوانێ باشتر لە ناوبراو ڕوخساری ئایدیۆلۆژی کۆماری ئیسلامیی بێ. ئەو ئێران بەرەوڕووی دنیای دەرەوە ناکاتەوە و بێگومان بە هیچ شێوەیەک بە تەمای ئاسانکاریی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان نییە. لە پێوەندیی لەگەڵ ڕەفتاری ئێران لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا، ئەو بە ئاشکرا گوتوویەتی "بۆ وتووێژ نابێ."

کێشەی ئیسرائیل – حەماس لە مانگی ڕابردوو، ئەوەی بیر خستینەوە کە هەموو شتێک لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست پێوەندیی بەیەکەوە هەیە و کاتێک ئێمە لە سەر مووشەکەکانی حەماس، کارەساتی هەنووکەیی لە یەمەن یان ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ئێران بدوێین، دەوری ناسەقامگیرکەری تاران هۆکارێکی هاوبەشە.

ئێمە تێدەگەین بۆچی سەرکۆمار بایدن هەوڵ دەدا بگەڕێتەوە نێو بەرجام. وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران بگەڕێنێتەوە دواوە و پاشان کەڵک لە کاتی بەردەست، پێش کۆتایی کاتی دیاریکراو وەرگرێ تا، یان بگاتە ڕێککەوتنێکی دوورودرێژتر و بەهێزتر کە بەرێوەبەرایەتیی بایدن بەتەمایە، یان هێزی چاوترسێنکردنی خۆمان بەهێزتر بکەین بە شێوەیەک کە تاران تێ بگا کە وڵاتە یەکگرتووەکان پێش بە ئێران دەگرێ بۆوەی نەبێتە وڵاتێکی خاوەن چەکی ئەتۆمی.

بەڵام ئەگەرچی ئێمە لە بایەخی سنووردار کردنی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران تێدەگەین، بەڵام ئەوە بەس نییە. پێویستە بەرێوەبەرایەتیی بایدن بەرپەرچی هەوڵەکانی ئێران بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی کێشەکان لە ناوچە بداتەوە: بەڵام سووککردنی ئابلۆقەکان کە ئاکامی گەڕانەوە بۆ بەرجامە، سامانەکانی گێرەشێوێنیی تاران زیاد دەکەن. کەمپەینی "ئەوپەڕی زەخت"ی دۆناڵد ترامپ سامانەکانی ئێرانی کە دەگەیشتنە دەست تاقمە میلیشیاکان وەک حیزبوڵڵای لوبنان، میلیشیا شیعەکانی عێراق و ڕێکخراوە فەلەستینییەکانی وەک حەماس و جیهادی ئیسلامیی، سنوردار کرد، بەڵام هەرگیز هەوڵەکانی ئێرانی بۆ ڕاهێنان، پڕچەککردن و یارمەتیی دیکەی کەرەسەیی و تەکنیکی نەوەستاند.

پاش کێشەی ئەو دواییانە دەگەڵ ئیسرائیل، ڕێبەرانی حەماس گەلێک سپاسی تارانیان کرد بۆ ئەو شتانەی پێی دابوون و ئێمە لە فایلە دەنگییە دزەپێکراوەکەوە دەزانین کە وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، محەممەد جەواد زەریف لە سوپای قودس توورە بوو کە بەردەوام ئەو ئامانجانەی بێ ئاکام دەکردن کە ناوبراو بە تەما بوو بە هۆی دیپلۆماسییەوە دەستەبەریان بکا. جگە لەوە، خامنەیی دەیهەوێ نیشانی بدا کە گەڕانەوە بۆ بەرجام بەو مانایە نییە کە ئەو دەست لە ئایدیۆلۆژی بەرخۆدان هەڵدەگرێ، کەوابوو ئێمە دەبێ چاوەڕوانی پەرەئەستاندنی ئێران لە یەمەن، عێراق، سووریە و لوبنان و هەروەها هەڕەشە لە وڵاتانی دراوسێ بین.

ئەو ترسە لە بەرنامەی ناوچەیی ئێران بەشێکی زۆر لە دژایەتی بەرانبەر بە بەرجام شی دەکاتەوە، هەم ئەو کاتی کە واژۆ کرا و هەروەها بە درێژایی ئەو ساڵانە تا ئەورۆ. ژمارەیەکی زۆر لە کۆنگرەی وڵاتە یەکگرتووەکان و هەروەها ڕێبەرانی وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ئەوکاتی نیگەران بوون، هەر وەک چۆن ئێستا نیگەرانن، کە بەرێوەبەرایەتی و هاوبەشانی ئەورووپایی بە هەڵە لە پرسی ئێران وەک پرسێکی "داخراو" دەڕوانن، چونکە ئەوان بە شێوەیەکی بەرتەسک دەڕواننە هەڕەشەی ئێڕان و تەنیا لە پرسی ئەتۆمیدا کورتی دەکەنەوە. بەڵام ڕخنەگرانی ناوچە، ڕابردوو وەک فووی چێشتێ سەیر دەکەن: هەر وەک چۆن ئێران دوای ڕێککەوتنی بەرجام گەلێک چالاکتر و شەڕانشۆتر بوو، ئێستاش کاتێک وڵاتە یەکگرتووەکان و ئێران بگەڕێنەوە بۆ جێبەجێکردنی بەرجام، چاوەڕوانی ئاکارە مەترسیدارەکانین. دروست یان نا، بەشێکی بەرچاو لە ناوچە دڵنیان کە بەرێوەبەرایەتیی ئۆباما لەبەر نیگەرانیی لە مەترسیکەوتنی جێبەجێ کرانی ڕێککەوتنەکە، شەڕانشۆیی ئێرانی پاشگوێ خست.

ڕوانگەی ناوچەیی لەبارەی ئێران ئاکامی ئەزموونی ئەو ڕێبەرانە دەگەڵ کۆماری ئیسلامییە. بۆ ئەوان، پرسی سەرەکی لە ئێڕان، وەک هێنری کیسینجێر گوتەنی، ئەوەی کە ئاخۆ وڵاتێکە یان پرسێک. بەڵگە بۆ ئەوەی دواتر بەهێزە و ڕەگی قووڵی داکوتاوە: ئێرانی شۆڕشگێڕ کەڵک لە وێژمانی ئیسلامیی شیعە و دژی کۆلۆنیالی بۆ ڕەواییدان بە بەرنامە دەستدرێژیکارانە و ناسیۆنالیستییەکەی وەردەگرێ. دەسبەجێ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، ئێعدامکردنی هەزاران بەرهەڵستکاری ڕاستەقینە و خەیاڵیی ڕێژیم دەستی پێ کرد و پشتیوانی لە تاقمە تێرۆریستییەکان لە سەرانسەری ناوچە، هەڕەشەی نەگۆڕ لە بوونی ئیسڕائیل، دژە هێرشی مەترسیدار بۆ نێو عێراق لە هەشتاکانی زایینی، هێرشی ١٩٨٣ بۆ سەر وڵاتە یەکگرتووەکان لە لوبنان و شەڕی نەوتهەڵگران دەگەڵ ئەمریکا، هەموو ئەوانە سروشت و هەڕەشەی ئێرانیان ئاشکرا کرد.

کاتێک، لە ٢٠٠٥، بەرنامەی گەشەپێدانی چەکی ئەتۆمیی ئێران ئاشکرا بوو، لە پێشدا وەک کەرەسەیەکی ئەگەرچی مەترسیداری ئێران لە سیاسەت بۆ دەسەڵات سەیر کرا. لەبەر ئەو هۆیە، بەرێوەبەرایەتیی بوش و ئۆباما ڕایانگەیاند کە وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ پێشگرتن بە ئێران بۆ گەشەپێدانی چەکی ئەتۆمی، کەڵک لە هێز وەردەگرن، هەڕەشەیەک کە بەرەوڕووی ئەفریقای باشوور، لیبی، هیندوستان یان پاکستان نەکرا کە هەرکام لەوانە لە کاتی جیاجیادا چەکی ئەتۆمییان بەرهەم هێنابوو. لە ڕوانگەی خۆرئاواوە ئەوە پرسێکی مەترسیدار بوو، ئێران وەک پەلاماردەرێکی خۆڕسک هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کرا.

بەرێوەبەرایەتیی ئۆباما بەحەق نیگەرانی ئەوە بوو کە ئەگەر بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران نەکرێ بە شێوەی دیپلۆماتیک پێشی پێ بگیرێ، ببێتە هۆی کێشەیەکی بەربڵاوتر، یان بە دەستپێشخەریی ئیسڕائیل، کاتێک هەست بە هەڕەشە لە بوونی خۆی بکا، یان وڵاتە یەکگرتووەکان، کە دەزانێ کێبڕکێی وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست چ مەترسییەکی مەزنە، کردەوەیەک لە خۆیان نیشان بدەن. پەنا بردن بۆ دیپلۆماسی وەک ئامرازی گۆڕینی ئاکاری ئێران نە تەنیا بە هۆی لۆژیکی بەڵکوو بە زۆر هۆ ڕێبازێکی پێویستە کە دەبێ ڕەچاو بکرێ. بێگومان، ئەوە بەو مانایە دەبوو کە ئێران ئێتر پرسێک نییە بەڵکو وڵاتێکە، کە خولیا ئەتۆمییەکانی، و ڕەنگبێ بەولاوەتر، هەڕەشە ناوچەییەکەی، دەکرێ بە دیپلۆماسی کۆنباوی گێزەر و قامچی، دەستەمۆ بکرێن.

هێندێک کەس لە بەرێوەبەرایەتیی ئۆباما لایان وابوو بەرجام دەتوانێ سیگناڵی سیاسیی "گۆڕینی ڕێژیم" بێ. چاوەڕوانی دەکرا بە دیتنی ڕێز و متمانەی خۆرئاوا، ئێران باوەشی بۆ دنیای بە جیهانیبووی دەسکردی ئەمریکا بکاتەوە. ئەگەر گرەوەکە ئەوە بوو، ئاکامێکی ئەوتۆی نەبوو. لە ٢٠١٣، کاتێک وتووێژی جیددی لە گەڵ دەوڵەتی ئێران دەستی پێ کرد، تا ٢٠١٨، کاتێک ترامپ ڕێککەوتنەکەی جێ هێشت، ئێران ئاکاری میانڕەوانەی ڕەچاو نەکرد. لە جیاتیان، دەستدرێژییە ناوچەییەکانی پەرە پێدا، کەڵکی لە ناسەقامگیریی دوای بەهاری عەرەبی و هەروەها سەرهەڵدانی داعش، بۆ پەرە پێدانی دەسەڵاتی خۆی وەرگرت. بۆ زۆر لایەنی ناوچە، وانەکە ئاشکرا بوو: ئێران بۆ متمانەپێکردن نابێ، چونکە بەرنامەی ئەو وڵاتە زاڵبوون بەسەر خۆرهەڵاتی نێوەڕاستە.

بە بێ لەبەر چاو گرتنی ڕوانگەی ئیسڕائیلیەکان، سعودییەکان، ئیماڕاتییەکان و ئەوانی دیکە لە بارەی بەرێوەبەرایەتیی ئۆباما، هەڵوێستی بایدن بەرانبەر بە ئێران بە ئاشکرا لە هی ئۆباما جیایە. بۆ وێنە بڕوانە ئەو نیشانانە کە تیمی بایدن بەرانبەر هەڕەشەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئێران دەستەوەستان نابن: هێرش بۆ سەر ئەمبەر ئەوبەری سنووری عێراق-سووریە، لە جوابی هێرشی مووشەکیی میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران دژی بنکەیەکی عێراقیی کە هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لێی جێگیر بوون؛ پێشگرتن بەو بەلەمانە کە چەکوچۆڵی ئێرانی دەبەن بۆ یەمەن؛ سەرەڕای زەخت، پشتیوانیی لێبڕاوانە لە مافی ئیسڕائیل بۆ داکۆکی لە خۆی لە بەرانبەر مووشەکەکانی حەماس. لە هەمان کاتدا، کاربەدەستانی ئەمریکایی لە وتووێژی نائاشکرا بەڵێنی بە هاوپەیمانانی ناوچە دەدەن کە ئیزن نادەن پرسی ئەتۆمی ئاڵوگۆڕ بەسەر ئەوشتانەدا بێنێ کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمریکا لە ئێرانیان قەبووڵ دەکا.

ئالنگارییەکە ئەوە دەبێ کە درێژە بەو هەنگاوە سەرەتاییانە بدرێ و، کاتێک هەردوو لایەن گەڕانەوە بۆ جێبەجێکردنی بەرجام، کە ئێمە هەردووکمان لەسەر ئەو بڕوایەین ئەوساڵ دەقەومێ، نیشان بدرێ کە بەرێوەبەرایەتیی بایدن دەگەڵ هاوپەیمانانمان کار دەکا و کاتێک ئێران ڕاستەوخۆ یان بە یارمەتیی بەکرێگیراوانییەوە هەوڵی پەرە پێدانی دەسەڵات و هەڕەشە لە لایەنەکانی دیکە بکا، دژی بوەستێتەوە. گاڵتەجاڕییەکە ئەوەیە، بۆ ئەوەی دیپلۆماسی کاریگەر بێ، چ لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ئەتۆمی بێ یان پرسە ناوچەییەکانی دیکە، تاران دەبێ بزانێ ئەو هەڵوێستە هێزی لە پشتە. ئەگەر زەخت نەبوایە، بەرجام نەدەهاتە ئاراوە و ئەگەر بمانهەوێ پێش بە ئاکارە خراپەکانی ئێران بگرین، دەبێ بتوانین بە ڕێبەرانیان بسەلمێنین کە ئەوان دەبێ تێچووەکەی بدەن.

ئێستا کە ئیسڕائیل دەگەڵ باقی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، بەشێکە لە ناوچەی ژێر بەرپرسیاریی فەرماندەیی ناوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان، بەرێوەبەرایەتیی بایدن دەبوو هاوبەشە عەڕەبەکانمان لێک کۆ بکاتەوە تا بژارەی دیاریکراو دەسنیشان بکەن و پلانی ئامادەیان بۆ هەڵسوکەتکردن دەگەڵ هەڕەشەکانی میلیشیا شیعەکان هەبێ. بەرێوەبەرایەتیی بایدێن دەبێ بە هەمان شێوە دەوڵەتانی کەنداو هان بدا تا باشتر پشتیوانی لە دەوڵەتی عێراق بکەن؛ کەڵک لە سامانە هاوبەشەکانمان وەرگرین تا زەختی زۆرتر بخەینە سەر هەناردەکردنی چەکوچۆڵ لە لایەن ئێرانەوە بۆ بەکرێگیراوانی و پشتیوانی لە بەردەوامیی هێرشەکانی ئیسڕائیل دژی هەوڵەکانی ئێران بۆ دروستکردنی ژێرخانی سەربازیی و گەشەپێدانی توانایی مووشەکی ڕێنوێنیکراو بۆ میلیشیاکانی سووریەیی و حیزبوڵڵا بکەین.

لە ماوەی بەرێوەبەرایەتی ترامپ، واشینگتۆن کەڵکی لە ڕێکاری جیاوازی لە وڵاتانی جیا جیا لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی نێوەڕاست وەردەگرت، بەڵام بە گشتی زەختی سەربازیی، ئابووری و سیاسی دەخستە سەر ئەو وڵاتە تا پێش بە بەروپێشچوونی ئێران بگرێ. ئاکارەکانی لە لایەن هاوپەیمانانی ناوچەیی پشتگیریی دەکرا کە لە کۆتاییدا بووە هۆی پەیمانی ئیبراهیم. پەرە پێدانی ئەو ڕێککەوتنانە نە تەنیا لە ڕوانگەی نزیک بوونەوەی عەڕەب لە ئیسڕائیل بۆ هاندانی



# زمانی دایک، پرسێک بۆ هەموو وەرزەکان

**مەسعوود تەهازادە**

زمان وەک ئامێرێکی بنەڕەتی، پێویست و کاریگەر، ئەو شتەیە کە مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا بە کەلکوەرگرتن لێی، پێوەندییەکانی ساز دەکا. مرۆڤ بە کەلکوەرگرتن لە زمان، هەندێ واتا و چەمک دەخولقێنێ و ئەم چەمکانەش بۆ ئەو کەسانە دەرک دەکرێن کە لە هەمان کۆمەڵگەی کارپێکەری ئەو زمانەدا دەژین.

بوون لە دەستەی بێژەرانی زمانێکدا، بەرژەوەندیگەلێک بە هەر تاکێک لە ئەندامانی دەبەخشێ کە بێژەری زمانەکانی دیکە نییانە؛ بۆ نموونە تەنیا بێژەری ئەو زمانە دەتوانێ بە تەواوەتی مەبەست وەرگرێ و سەرەڕای ئەوەی زمانەکان ئەو تایبەتمەندییەیان هەیە کە وەرگێڕدرێن، بەڵام بەردەوام بەشێک هەیە کە وەرگێڕان دەیفەوتێنێ و بە هیچ شێوە ڕێی تێ ناچێ بگوازرێتەوە سەر زمانی دووهەم و ئەو کەسەی بە زمانی دووهەم دەئاخفێ، بە تەواوەتی هەڵیسەنگێنێ و لێی تێ بگا و هەروەک لە وتەی زۆر وەرگێڕدا دووپاتە دەبێتەوە، «وەرگێڕان هەرچەند بەهێزیش، ناتوانێ گواستنەوەیەکی بێخەوشی مانا و مەبەست بێ» و، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندیی ڕاستەوخۆی زمان و فەرهەنگ و چوارچێوەی بێژەیی زمان. تەنانەت نەک بۆ گفتوگۆ و ئاخافتن و پێوەندیی ئاسایی و نەک هەر بۆ زانستی مرۆیی، بەڵکوو بۆ زانستە تەجرەبییەکانیش هەندێ توێژەر وەک «بێنیامین وۆرف» (Benjamin Lee Whorf) پێیان وایە کە ئەم لێک تێگەیشتنە بە تەواوی سەر ناگرێ و دەڵێ دوو فیزیکزانی خاوەن دوو زمانی جیاواز، هەرگیز تەنانەت لە بارەی باسێکی زانستی، بە پوختی و تەواوی لێک تێ ناگەن.

ئەم مەسەلەیە خۆی وڵامی یەکێک لە بۆیەکانی پێویستیی گرینگی دان بە زمانی دایک لە هەر نەتەوەیەکدا نیشان دەدا؛ ئەوەی کە تەنیا بێژەرانی هەر زمانێک خۆیان بە باشی دەتوانن بەرهەمی پێ بخولقێنن و ئاوێنەی کۆمەڵگەی مەبەست بن و بە پێچەوانەشەوە، بە خۆبواردن لە کەلکوەرگرتن لە زمانی دایک و گوتن، نووسین و خوێندنەوە و خولقاندن بە زمانێکی دیکە، لە باشترین ئاستیشدا، هێشتا مرۆڤ هەرگیز ناگاتە کەسێک کە ئەو زمانە، زمانی زگماکییەتی و بێگومان هەر بە دانانی ئەم هەوڵ و توانایە، لە زمانی خۆیدا سەرکەوتووتر دەبێ؛ چون بەردەوام شتێک هەیە کە دەرک نەکرێ یا نادروست بگوازرێتەوە یا لە هەڵگرتنەوەی مانادا، هەڵە بکرێ.

وڵامی یەکێکی دیکە لە بۆیەکان، ڕۆڵی زانینی زمانی دایک لەسەر توانای فێربوونی مرۆڤ لە زمانەکانی دیکەیە. بە پێی توێژینەوەکانی «پرۆفسۆر جیم کامینز» (Commins, j – 2001) لە زانکۆی تۆرنتۆ و هەروەها گەلێک توێژینەوەی ناوەندەکانی زمانەوانی و پەروەردە، ئەو منداڵانەی زمانی دایک دەزانن و پێی ڕاهاتوون، فێربوونی زمانەکانی دیکە لایان هاسانتر دەبێ، هەروەها ڕاهاتن و فێربوونی زمانی دایک، دەورێکی بەرچاوی دەبێ لە پێگەیشتن و پێشکەوتنی منداڵدا.

مەسەلەی دیکە، مەسەلەی زیانێکە بە مرۆڤ دەگا، بە تایبەت لە سەردەمی منداڵی و دەستپێکی فێربووندا، کاتێک کە ناچار دەبێ بە زمانێکی جیا لە زمانی دایکی پەروەردە و فێربوونی بۆ بکرێ و بخوێنێ و بنووسێ، هەر بەم هۆیەوە ناتوانێ بە تەواوی کەلک لە توانا و تێگەیشتن و هەست و فامی خۆی وەرگرێ. لەم بارەیەوە، «ئێرینا بۆکۆڤا» (Irina Bokova–) کارگێڕی ڕێکخراوی فەرهەنگیی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسکۆ)، ئاماژە دەکا کە زمانی دایک کارتێکەریی لەسەر کەسایەتی و فەرهەنگی مرۆڤ دەبێ و پاشان ڕاهێنان بە زمانێکی بێجگە لە زمانی دایک، نابێتە چوارچێوەیەک بۆ ئەوەی منداڵ بە چرووپڕی و تەواوی کەلک لە تواناکانی وەرگرێ و بەردەوام زیانی پێ دەگەیەنێ.

مەسەلەی دیکە، مەسەلەی ئێزن نەدانە بە ئاسیمیلاسیۆنی زمانی و هاوسانکردنی فەرهەنگی. لە بارودۆخێکدا کە بێژەرانی زمانێک دەسەڵاتیان پێ بێ، زمانی زاڵ دەبێتە بنەمای کارپێکردن لە وڵاتەکەدا و کەلکوەرگرتن لێی لە شوێنە جیاجیاکاندا و لە دۆخە دووپاتەکانی ڕۆژانەدا، وا دەکا کە وردەوردە زمانە پەراوێزخراوەکان لە زمانی زاڵدا بتوێنەوە و ڕەنگیان نەمێنێ و دواجار لەنێو بچن –ئەمە مەسەلەیەکە ئێستا لە زۆر ناوچەی کوردستان دەبینرێ، چ بە تێکەوتنی وشەی بیانی لە زمانەکەدا و نەمانی پاراوی و چ بە شێوەی خۆبواردنی تاکەکان لە ئاخاوتن و نووسین و خوێندنەوە بە زمانی دایک–. بە تایبەت کاتێک سیستمی پەروەردە بە زمانی زاڵ بێ و زمانەکانی دیکە لەم پرۆسەیەدا پەراوێز بخرێن، واتا پەروەردەی فرەزمانی نەبێ، کارتێکەریی ئەم ڕەوشە یەکجار زیاتر دەبێ. ئەمە بارودۆخێکە کە «ڕابێرت فیلیپسۆن» (Robert Philipson) وەک ئیمپریالیزمی زمانی (Linguistic Imperialism)" ناوی دەبا. لێکۆڵەرانی بواری زمان، ئەمە وەک جۆرێک «زمانچییەتی» (Linguicism) دەهێننە ئەژمار؛ واتا دەستەیەک ئیدۆلۆژی، چوارچێوە و کردەوە بۆ سەپاندن و زاڵبوونی زمانێک و هەروەها دابەشکردنی هەموو شتێک لە نێوان کۆمەڵاندا بە پێی زمانێک کە پێی دەدوێن.

لەم ڕەوشەدا، هەندێ لە بێژەرانی زمانی پەراوێزخراو خۆیانیش، بە تایبەت هەندێ خاوەنبەهرە و هونەرمەند، بە پاساوی «پارێز لە ئیزۆلەبوون» و پچڕانی پێوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوە، پشت لە زمانی دایک دەکەن و وا بیر دەکەنەوە کە نووسین و خوێندنەوە و ئاخاوتن و بەرهەمهێنان بە زمانی دایک، دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگەی جیهانی و ئیزۆلەبوون لە دۆخی باودا؛ کەچی بە پێچەوانەوە، زمان و فەرهەنگ ئەو شتانەن کە دەرفەتی گۆڕینەوە و هاوبەشکردنی بیر و هزر و ڕوانگە دەڕەخسێنن و نەتەوە جیاجیاکان لەگەڵ یەکتر ئاشنا دەکەن. لە ڕاستیدا خولقاندنی هونەری، ئەو شتەیە کە ڕوانینی بیانییەکان لە بارەی زمان و فەرهەنگی مەبەستدا فۆرم دەدا و پەی بە دەوڵەمەندیی ئەو نەتەوەیە دەبەن و هەر دوو دەتوانن لە ئەزموونەکانی یەکتر کەلک وەرگرن.

ئێستاکە جیهان، زمانی کوردی بە مۆسیقای مەزن و دەوڵەمەندی کوردی، شێعرەکانی بێکەس، ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی، سینەمای بەهمەن قوبادی و ... وە دەناسن و ئەمە نەک بەسترانەوە و چوارچێوەدار بوونی بیر و ڕوانین، بەڵکوو ئاڵوگۆڕ و مامەڵەیە لەگەڵ جیهان.

بە پێچەوانەی بۆچوونی هەڵەی باو لە لای ئەو کەسانەی نایانەوێ فێر بن یا کەلک وەرگرن، فێربوون و پێداگری لەسەر کەلکوەرگرتن لە زمانی دایک، نەک دەمارگرژی و تەعەسسوبی نەتەوەیی و ڕەگەزی، بەڵکوو تەواو دژی ئەمەیە و لە ڕاستیدا بەرپەرچدانەوەی ئەم ڕوانگە ڕەگەزپەرستانەیەیە کە هەوڵی ئاسیمیلاسیۆنی زمانی دەدا و دەیەوێ زمانەکانی دیکە لەنێو ببا. ئەمەش کە لایەنگرانی ئەم توندڕەوی و بیرکردنەوە نالۆژیکییە بە بیانوو دەیهێننەوە و دەڵێن فرەزمانی لە وڵاتێکدا دەبێتە هۆی چەندبەرەکی و هەڵوەشان، بێگومان و بە پێی ئەزموونی زۆر وڵاتی ئارام و پێشکەوتووی چەندزمانە وەک کانادا (فەرانسەوی و ئینگلیسی)، سویس (ئینگلیسی، فەرەنسەوی، ئیتالیایی و ئاڵمانی) و زۆر وڵاتی دیکە بێبنەمایە و تەنیا پاساوێکە بۆ هەوڵی نابەجێ و درێژەدانی ئەم هەڵسوکەوتە.

هەوڵدان بۆ پاراستنی زمانەکان، شتێکی لۆژیکی و پێویستە، چون هەر زمانێک خۆی هەڵگری هەندێ تایبەتمەندی و ئامێری کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییە کە مرۆڤ بە کەلکوەرگرتن لێیان لە جیهان و دەوروبەری خۆی دەگا و بە زاڵبوونی زمانێکی سەپێندراو، مەترسیی لەنێو چوونیان هەیە. لەنێو چوونی هەر زمانێک، واتە نەمانی جیهانبینییەکی تایبەت و ئەمەش خەسارێکی گەورەیە و کارتێکەریی مەزنی دەبێ. زمان ئەو شتەیە ڕابردوو و ئێستەی کۆمەڵگە لێک گرێ دەدا و فەرامۆش کردن و کەلک وەرنەگرتن لە زمانێک، واتا پچڕانی پێوەندییە مرۆییەکانی ئەندامەکانی.

جیا لە هەر هەڵوێست و لایەنگری و ڕەنگ و ڕەوشتێک، پاراستن و هەوڵدان بۆ گەشەی زمانی دایک و کارپێکردنی، ئەرکێکی مرۆییە و پاراستنی ئەو هەزاران ساڵ ئەزموونەیە کە لە وجوودی تاک بە تاکماندایە. لە سەردەمێکدا کە ئەرک بووە بە مەسەلەیەک بە دەگمەن دەبینرێ ڕەچاو بکرێ، بەڕێوە بردنی ئەم ئەرکەش، کارێکی خەباتگێڕانەیە؛ سا با بە گوتن، نووسین و خوێندنەوە بە زمانی دایک، ئەرکمان بەجێ بێنین.

بێکەس گوتەنی:

**"ئێستا زمانی کوردی،**
**لە بەڕووی بێکڵاو و**
**لە گوندی ڕاگوێزراو و**
**لە هەتیوی کزی بەر بەڕۆچکە و**
**لە چۆلەکەی کەسیرە و**
**لەو نیشانە بەستەزمانە ئەچێ،**
**ڕۆژێ هەزار تیری نەزانیی تێ ئەگیرێ."**

کەواتە با بە ژیری و سەرنجدانمان، ببینە قەڵغانێک دژی ئەو تیرانە کە زمانی دایکیان کردووەتە ئامانج.

***

* لە "کوردینووس"، کاناڵی تێلێگرامیی نووسەر وەرگیراوە.



# جیاوازییەکانی سیستمی دێموکراتیک و مۆبۆکراتیک

شۆڕش شاباز

ڕۆژی ۲٥ی مانگی مەی ساڵی ڕابردوو (۲۰۲۰) لە ئەمریکا کەسێک بە ناوی جۆرج فلۆید بە دەستی پۆلیسێکی ئەم وڵاتەوە کوژرا. دیمەنی گرتن و ئەشکەنجە و گیاندانی فلۆید کە لەلایەن ڕێبوارانەوە وێنەی گیرابوو، نەک بیروڕای گشتیی ئەمریکا بەڵکوو دنیاشی هەژاند. ڕۆژی دوای ڕووداوەکە ئەو ئەفسەرەی پۆلیس کە ببووە هۆی کوژرانی فلۆید دەسبەسەر و بەڕێی دادگای تاوان کرا و ئێستا دوای ۱۳ مانگ لەو ڕووداوە، دادگای تاوانەکانی ئەمریکا ناوبراوی بە ۲۲ ساڵ و ٦ مانگ زیندان سزا داوە.

مردنی فلۆید لەوکاتدا بوو بە بیانووی هێرش بۆ سەر ئەمریکا لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، کار گەیشتە ئەو جێیەی کە خامنەیی بۆخۆی هاتە قسە و گوتی: "جینایەت دەکەن، خەڵکی خۆیان دەکوژن، داوای لێبوردنیش ناکەن و زمانیشیان درێژە."

ئەو قسە وروژێنەرانەی خامنەیی بەڵام لە نەشارەزایی و کورتبینییەوە سەرچاوەی دەگرت، چونکی یەک ڕۆژیشی بڕ نەکرد و وەڵامەکەی لە دەزگای داد و قانوونی سزادانی ئەمریکا وەرگرتەوە. ڕاستە لەو ڕووداوەدا پۆلیسێکی ئەم وڵاتە بووە هۆی گیانلەدەستدانی مرۆڤێک و ئەمە تا هەتایە لە ویژدانی بەخەبەر و زیندووی ئەم وڵاتەدا دەمێنێتەوە، بەڵام دەسەڵاتی قانوون و بەڕێوەبەرانی حکوومەتی ئەمریکا لە بەدواداچوون بەو بابەتەدا نیشانیان دا قانوون و دادپەروەری لە سەرووی هەموو شتێکە و واباشە خامنەیی دەستی چەوری خۆی بە خەڵکانی دی نەسڕێ! دیارە خامنەیی بە بیانووی مردنی فلۆید بە دەستی ئەفسەرێکی پۆلیس دەیویست ئەو پەیامەش بە هێزە چەکدارەکانی خۆی بدا کە مادام لە ئەمریکای دێموکراتدا کوشتن هەیە، ئێوەش دەتوانن لە هەر کوشتن و جینایەتێک دەست نەپارێزن و ئەمە بۆ ئێوەش ڕێگەپێدراوە.

۱۳ مانگ دواتر قانوون لە ئەمریکا بڕیاری یەکلاکەرەوەی دا و پۆلیسی تاوانبار سزای قورسی سەرپێچییەکەی وەرگرت. ئەمە وەڵامیک بوو بە کەمپەینی "ناتوانم هەناسە بدەم"ی سۆسیال مێدیاکان کە ناوەکەی لە دواقسەکانی فلۆید وەرگیرابوو، هەروەها وەڵامێک بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەزگای دادەکەی کە تاوانی دەیان هەزار جینایەتیان بە تەوێڵەوەیە و پەروەندەی ئەم تاوان و جینایەتانە هەروا کراوەن. ئەم بڕیارەی دەزگای دادی ئەمریکا ئەو وەڵامەی لە دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی دەوێ کە پەروەندەی کۆمەڵکوژییەکانی دەیەی ٦۰ گەیشتە کوێ؟ لە گرتنگەکانی "کەهریزەک" چ باس؟ ئاخری نەتانگوت لە خۆپیشاندانەکانی بەفرانباری ۹٦ و خەزەڵوەری ۹۸دا چەندەتان کوشت و چەندە ئێستاش لە گرتنگە و لەژێر ئەشکەنجەدان؟ پەروەندەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە کە بەئانقەست بەرتان دایەوە بوو بە چی؟ ڕۆژ نییە هێزەکانیان لە کوردستان و بەلووچستان خەڵکی مەدەنی و کاسبکار نەکوژن، کوا کێتان سزا داوە؟ مەگەر ئەوە نییە بکوژانێکی وەک ڕەئیسی، قالیباف و ئێژەیی مزی جینایەتەکانیان دەدرێتێ و پلە و بەرپرسایەتیی حکوومەتییان بەرز دەکرێتەوە و، خەڵکی بێتاوان کە بۆ نارەزایەتیدەربڕین بە گرانبوونی "بێنزین" دەڕژێنە سەر شەقام بە "داردەستی بێگانە" ناو دەبرێن و دەدرێنە بەر گوللە؟

حکوومەتی ئەمریکا بەرپرسایەتیی سەرپێچیی ئەفسەرێکی خۆی گرتە ئەستۆ و دەزگای دادی وڵاتەکەش سزای شیاوی ئەم تاوانەی بەسەر تاوانباردا سەپاند، بەڵام کوا لە مێژووی ٤۲ ساڵە دەسەڵاتدارەتیی ئێوەدا بەرپرسایەتیی کام تاوان و جینایەت و کۆمەڵکوژییەکتان گرتۆتە ئەستۆ، سەیر ئەوە کە لە پرسی ڕوونبوونەوەی چارەنووسی هەموو ئەو کەتن و جینایەتانەدا، لەبری لێپرسینەوە و دادپەروەری کار دەگاتە جێیەک کە یەک لە بەربژێرەکانی سەرۆککۆماری (عەبدولناسر هیممەتی) بڵێ "ئەگەر ببمە سەرکۆمار پێتان دەڵێم کە لە خەزەڵوەری ۹۸دا چەندەمان لێ کوشتن!" ئەوە کۆی هەموو ئەو وەڵام و بەرپرسایەتییە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە خۆیاندا شک دەبەن.

ڕەهەندێکی دیکەی پەروەندەی جۆرج فلۆیدی بەڕەگەز ئەفریقی قەرەبووکردنەوەی بنەماڵەکەی بە ۲۷ میلیۆن دۆلارە و سەرۆککۆماری ئەمریکا لە دانیشتن لەگەڵ بنەماڵەکەی دڵنوایی کردوون و هیوای خواستووە ڕووداوی دیکەی ئاوا لەو وڵاتە دووپات نەبێتەوە. بەڵام دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە تاوان و جینایەتەکانی خۆی چیی کردووە. وەڵامەکەی ڕوونە: کۆماری ئیسلامی کوڕ و کچی خەڵک دەکوژێ و تەرمەکانیشیان شوێنبزر دەکا. بە عالەم ئاشکرا مووشەک لە فڕۆکەی مەدەنی دەگرێ و زۆر بەئاسان حاشاش دەکا، لە زینداندا پێش ئێعدامی بەندیی سیاسی دەستدرێژی دەکەنە سەری و ڕۆژی دوایی کەلوپەلەکەی بە قوتووە شیرینییەک دەدەنەوە بنەماڵەکەی! و ئەم چیرۆکە درێژە...

لەوێ کۆمیتەی "پۆلیتزر" خەڵاتی تایبەتیی ڕۆژنامەنووسی دەداتە ئەو مێرمنداڵە تەمەن ۱۸ ساڵەیەی ڕووداوەکەی کوژرانی جۆرج فلۆیدی تۆمار کرد و نەیهێشت مافێک بفەوتێ، بەڵام لە ئێران ئەوانەی گەندەڵی و تاوانەکانی کاربەدەستان ئاشکرا دەکەن، دەگیرێن و دەخرێنە بەندیخانەوە کە "یاشار سوڵتانی" یەک لەوانە...

دێموکراسیی ئەوان و مۆبوکراسیی ئێران لەکوێ؟ نیزامی مۆبۆکراسیی کۆماری ئیسلامی قەت ناتوانێ لەو قاوغ و هۆوییەتەی بێتە دەرێ و ئەم ڕێژیمە سیاسییە بوونەکەی نە شایانی خەڵکی ئێرانە و نە مانەوەی لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەی جیهانی.

دریژەی :

# ئەوەی گرفتە ئێرانە، نەوەک ڕێککەوتنی ئەتۆمی

ئەو وڵاتە تا بۆ ئاشتی دەگەڵ فەلەستینییان هەنگاو بنێ شتێکی عەقڵانییە، بەڵکوو لە ڕوانگەی بەهێزتر کردنی هاوپەیمانییەک کە بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ ئێران پۆشتە کراوە.

بۆ سەرکەوتن، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن پێویستی بە کارکردن دەگەڵ هاوبەشە عەرەب، ئیسرائیلی و تورکەکان لە پێوەندی دەگەڵ پرسە ناوچەییەکانی ئێران و پاراستنی زەخت بۆ سەر تاران و ئەو دەوڵەتانە هەیە کە وەسوەسەی ملکەچ بوون بۆ ئێرانیان هەیە. هەڵوێستێکی ئەوتۆ دیپلۆماسی وەلا نانێ؛ بە پێچەوانە، برەوی پێ دەدا. بە ڕاستی، ئەگەر بە شێوەی دروست جێبەجێ بکرێ، لەوانەیە ئێمە ببینە هۆی ویستی ئێران بۆ وتووێژ.

لە کۆتاییدا، ئەگەر وتووێژە ناوچەییەکان دەگەڵ تاران شانسی کەمکردنەوەی گرژییەکانی ناوچە و لاواز کردنی پۆتانسیەلی کێشە و شێواندنیان هەبێ، دەبێ ببنە هۆی وەها پاشەکشە پێکردنێک لە ناوچە کە بیانوویەک بدەنە ئێران تا بە ڕەفتاری خۆیدا بچێتەوە.

# سەلەفییەکان کێن؟ (٢-٢)

# ڕوانینی سەلەفییەکان بۆ پرسی نەتەوایەتی


لوقمان مۆئمینی

له پێوەندی لەگەڵ پرسە نەتەوایەتییەکان‌دا، سەلەفییەکان بە گشتی لە هەوڵی لاوازکردنی هەستی نیشتمانی لەنێو کۆمەڵگەدان و دژایەتی دەگەڵ هەڵوەشانەوەی هەر حکوومەتێکی ئیسلامی دەکەن جا لە هەر نەتەوەیەک بێت. ئەوان لە پارچەپارچەبوونی وڵاتانی ئیسلامی نارازین و دەیانهەوێ ئوممەتی ئیسلامی واتە هەموو موسڵمانانی جیهان بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازییە ڕەگەزی، نەتەوەیی، زمانی و کولتوورییەکان لەژێر ئاڵای یەک دەسەڵاتی ئیسلامیدا کۆببنەوە. لە ڕاستیدا ئەمە شتێک نییە جگە لە پان ئیسلامیزم کە دەگەڵ مۆدێل و شێوازەکانی حوکمڕانیی ئەمڕۆدا ناگونجێ و ناتەبایی هەیە. بەنیسبەت سەلەفییەکانی کوردستانیش بەهەمان شێوەیە، گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان زیاتر لە سەدەیەک بە سەرۆکایەتیی ڕێبەرانی ئایینی وەک مەلا و شێخە گەورە و بەنفوزەکانی کوردستان بۆ ڕزگاریی گەلی کورد و دروستکردنی کیانێکی سیاسی بۆ کورد لە کاتە جیاجیاکانی مێژوودا تێکۆشاون.



ڕێبەرانی ئایینی وەک، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، شێخ سەعیدی پیران، شێخ عەبدولسەلام بارزانی، شێخ مەحموودی حەفید، پێشەوا قازی محەممەد و مەلا مستەفا بارزانی و زۆری تر جیا لەوەی کە ڕێبەری ئایینی بوون، سەرۆکی نیشتمانی و نەتەوەیی گەلی کورد بوون کە بۆ دەسەڵاتێکی سیاسیی سەربەخۆی کورد سەرۆکایەتیی نەتەوەکەیان دەکرد. کەچی لەلای سەلەفییەکانی کوردستان نموونەی فکر نین و بە ئۆلگوو داناندرێن، لەحاڵێکدا، ڕێبەرە میللی مەزهەبییەکانی کورد هەریەکە و لە سەردەمی خۆیدا توانیوەتی ڕوحی دادپەروەریی ئیسلامی لە ژیانی نەتەوەکەیاندا پەیڕەو بکەن، خودی گەلی کوردیش لە ڕاستیدا لە بڕواهەبوون بە ئایینەکەیدا لە نەتەوە هەرە بە ئیمان و خواناسەکانی دونیای ئیسلام بووە. سەلەفییەکان لە قالبی حیزبی ئیسلامیدا هیچ ڕابردوویەکی شۆڕشگێڕی و خەباتگێڕی نەتەوەییان نەبووە و خاوەن فکرەکانیان لە ئاست هەموو نەهامەتییەکانی کە بەسەر گەلی کورددا هاتووە بێدەنگ بوون، ئەوان زیاتر پەنایان بردۆتە بەر بیروباوەڕی شۆڤینیستیی عەرەب و بڕوای زانایانی ئایینی شۆڕشگێڕی کوردیان قبوڵ نەبووە.

### ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە سەلەفییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

دوای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دوو ڕەوتی ئیسلامی دروست بوون کە ئەمە لە مێژووی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان یەکەم جموجۆڵەکانی ڕەوتە ئیسلامییەکان بوون. واتە پێش ئەم دوو ڕەوتە هیچ ڕێکخراوێکی ئیسلامی سیاسی نەبووە و تەنانەت هیچ کوردێکی ڕۆژهەڵاتیش نەبووە لەسەر ئیسلامی سیاسی و چالاکیی ئایینی گیرابێ و لە دژی حکوومەت تێکۆشانی هەبووبێ.

"ئەحمەد موفتیزادە" ساڵی ١٣٥٧ی لە مەریوان لەژێر ناوی قوتابخانەی ئایینی دەستی بەکار کرد کە دواتر وەک ڕەوتێکی ڕێکخراو بە ناوی "مەکتەبی قورئان" و بەم ناوە چالاکیی دەکرد و ئێستاش لە نێوخۆ بوونیان هەیە و وەک دوو باڵی زۆرینە و کەمینە جموجۆڵیان. لەساڵی ١٣٥٩ی هەتاویش، ڕێکخراوێک بە سەرۆکایەتیی "ماموستا شێخ جەلالەدینی حوسێنی" بە ناوی "سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامیی کوردستانی ئێران" دەستی بە چالاکی کرد کە دواتر پاشگری ئیسلامییان لەسەر ڕێکخراوەکەیان هەڵگرت.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین گرووپە ئیسلامییە چالاکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ئێستادا لە نێوخۆ جموجۆڵیان هەیە، لە سەر ئەساسی تیڕوانین یان بەستراوەیی سیاسییان بەسەر سێ دەستە یان جەریاندا دابەش بکەین.

١- ئەو گرووپانەی کە هەمیشە بانگەوازی توندوتیژی دەکەن و هەوڵ دەدەن لە ڕێگا و مکانیزمی ڕادیکاڵەوە ڕوانگە و بیری خۆیان بسەپێنن کە بە سەلەفییە جهادییەکان دەناسرێن. وەک گرووپی جەماعەتی "مەلا محەممەد عەلەوی" ناسراو بە "یەکشەوە" و "سەعید عالی" بە نازناوی "مەلا تریشقە".

٢- ئەوگرووپانەی کە بە ڕواڵەت باوەڕیان بە توندوتیژی نییە و میانەڕەوانە خۆ دەردەخەن و لە ڕێگای جۆراوجۆر وەک کۆڕ و کۆبونەوە و تەبلیغ کردن مەرامە سیاسیەکانی خۆیان دەبەنە پێش، وەک گرووپی "دەعوەت و ئیسلاح" بە سەرۆکایەتیی "عەبدوڵڕەحمان پیرانی".

٣- ڕەوتی زۆرایەتیی مەکتەبی قورئان ڕەوتێکی دیکەی ئیسلامی سیاسیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەم ڕەوتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕووی مێژووییەوە لەوانی دیکە کۆنترە و وا نیشان دەدەن کە لە هەموو چالاکییەکی سیاسی خۆ بەدور دەگرن و وا خۆ دەردەخەن باوەڕیان بە ڕوحانییەت و مەعنەوییەتی دین هەیە و پێیان وایە دین بۆ تەزکییەی ڕوحی و ڕەوانیی کۆمەڵگەیە. مامۆستا مەلا سەعدی قوڕەیشی سەرکردایەتیی ئەم ڕەوتە دەکا.

٤- ڕەوتی کەمینەی مەکتەبی قورئان بە سەرۆکایەتیی مەلا حەسەن ئەمینی کە ئەم ڕەوتە لەڕووی سیاسی و مێدیاییەوە پتر مانۆڕ دەدەن. هەردوو باڵەکەی مەکتەبی قوڕئان زیاتر لە ناوچە سوننی‌نشینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاکن.

ئەم چوار ڕەوتە فکرییە ئیسلامییەی ئێستا لە ڕۆژهەلاتی کوردستان مەجال و دەرفەتیی ئازادیی تێکۆشانیان هەیە و بە شێوەیەکی گشتی لە دوو سەرچاوەڕا بژیوی فکری و تەشکیلاتی وەردەگرن: ئیخوانولموسلیمین و ئەلقاعیدە. هەر چەندە مەکتەبی قورئان خاڵی هاوبەشی لەگەڵ هەردوو ئەو لایەنانە هەیە، بەڵام زۆر کەس پێی‌وایە تەشکیلاتێکی سەربەخۆیە. ڕەوتی یەکەمیش کە ئاماژەمان پێ کرد نوێنەرایەتیی بنیادگەرای ئیسلامی دەکا و ڕەوتی دووهەم وەک بۆخۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن نوێنەرایەتیی بیروباوەڕی نوێگەرایی ئیسلامی دەکەن.

ئەو گرووپانە بەپێی تاکتیک و بیرکردنەوەیان لەگەڵ یەک کۆک نین و دژایەتیی یەکتریش دەکەن، بەڵام لە ستراتیژیدا هەموویان بە دوای دروستکردنی ئوممەتی واحدی ئیسلامی، یان بەجۆرێکی‌تر دامەزراندنی ئیمپراتۆریی ئیسلامین.

هێزە ئیسلامییەکان لە واقعی ئێستای کوردستاندا بەهۆی ئەو بەربەستانەی لەبەردەم حیزبە نەتەوەیی، سێکۆلار و نیشتمانییەکان دروست کراوە و دەرفەتی ئازادیی تێکۆشانیان لێ گرتوون، هەروەها بە هۆی خوێندنەوەی ژوورە فیکرییەکانی کۆماری ئیسلامی کە بەهێزبوونی ڕەوتە ئیسلامییە کۆنتڕۆڵکراوەکان پێش بە گەشەی بیری نەتەوەیی دەگرێ کە ئەوان بە مەترسیی سەرەکی بۆ سەر خۆیانی دەزانن؛ توانیویانە جموجۆڵەکانی خۆیان بەرنە پێشێ و وەک ئەکتەرێکی نوێی سیاسی دەربکەون.

بە وردبوونەوە لە کار و تێکۆشانی دەیان ساڵەی ئەم گرووپانە دەردەکەوێ کە ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی دژی خەباتی نەتەوایەتییە و ئەوەش مەترسییەکە بۆ سەر بزووتنەوەی کورد. هەروەها ئیسلامی سیاسی دژی مۆدێرنیتە و چەمکەکانی دێموکراسی و سێکۆلاریزم و ناسیونالیزمە کە بەشێکن لە ئامانجەکانی کورد. ئەوان دژی حکوومەتی میللی و نەتەوەیین، دژی نیزامی سیاسیی دێموکرات و سێکۆلارن، دژی قانوونی مەدەنی، ئازادی، سیستمی حیزبی و دێموکراسی و خەڵکسالارین؛ چونکی بناژۆخوازیی ئیسلامی پێی‌وایە ئیسلام و خەڵکسالاری و نیزامی خەڵکی ناتەبا و دژی یەکترین. ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی خۆیان لە بەرامبەر دوو بنەمای بەهێزی سێکۆلاریزم و مۆدێرنێتەدا دەبینن و بۆ ئەوەش لەسەر دوو توێژی "لاو" و "کەم ئاگای" کۆمەڵگە کار دەکەن. ڕەوتە ئیسلامییەکان هەڵگری بەیداخی "قەرائەتی سیاسی" لە ئیسلامن لە بەرامبەر "قەرائەتی سوننەتی"دا. ئەوان دەڵێن قەرائەتی سوننەتی لە دین پاسیف بووە و نەیتوانیوە چارەسەری کێشە و شکست و کەماسییەکانی دنیای ئیسلام بکا، بۆیە پێویستە قەرائەتی سیاسیی ڕادیکال لە ئیسلام و گیانبازیی خەڵکی موسوڵمان قەرەبووی هەموو ئەوانە بکاتەوە.

### هۆکارەکانی گەشەکردنی ئیسلامی سیاسی و سەلەفیزم لە کوردستان

لە ساڵانی ڕابردوودا ئیسلامی سیاسی وەک باس کرا گەشەی بەرچاوی لە کۆمەڵگەی کوردستان‌دا بەخۆیەوە بینیوە کە ئەمە دەتوانێ چەند هۆکاری هەبێ، وەک: سوننی بوونی زۆرینەی خەڵکی کوردستان کە دەتوانێ هاندەری نفووزی سەلەفییەکان بێت. ساڵانێکی دوور و درێژ تەبلیغ و چالاکیی ئازادیی ئیسلامی سیاسی و سەلەفییەکان لە کۆمەڵگەبە بێ ڕێگریی حکومەت و تەزادی نێوان شیعە و سوننی لە ناوچە تێکەڵەکانی وەک پارێزگای کرماشانیش دەتوانێ هۆکارێکی دیکە بێت. لەگەڵ ئەوانەدا سەرکوتی سوننییەکان لەلایەن دەسەڵاتی ناوەند و دووربوونی هێزە میلی‌گەرا و ناسیونالیستەکان لە تەنیشت هەژاری و بێکاری و سیاسەتی بێ شوناس‌کردنی لاوان کەشێکی خوڵقاندووە کە بەشێک لە کۆمەڵگە ئەم شوناسە لە ئیسلامی سیاسی و سەلەفیزمدا بدۆزنەوە.

### ئەنجام

وەک گوترا ئەم ڕەوتە سیاسییە ئیسلامییانە بۆ تێکشان و هەڵسووڕانیان لە کوردستان ئازادن، کەمترین کۆسپ و تەگەرەیان بۆ دروست ناکرێ، مەگەر ئەوەی لایەنی سەلەفی جیهادییەکان بیانەوێ لە دەسەڵاتی تاران وەرگەڕێنەوە. بۆیەش کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی ناوەندە ئەمنیەتییەکانیەوە توانیویەتی چاودێری بەسەر هەموو چالاکییەکانیاندا بکا و مودیرییەتیان بکا.

کۆماری ئیسلامی لە نێوان خۆی و ئەم ڕەوتانەدا بەرژەوەندییەکی تاکتیکی و هاوبەش دەبینێ کە ئەویش بوونی هێزەکانی ڕۆژئاوا لە نیزیک سنوورەکانی و هەروەها بوونی حیزبە کوردییە نەتەوەییەکانە. هەتا ئەوکاتیش ڕەوتە ئیسلامییە سیاسییەکان دژایەتیی ڕۆژئاوا و حیزبە کوردییەکان بکەن، پشتیوانی و سپۆنسەریی کۆماری ئیسلامییان هەیە. بەڵام ئەو پشتیوانییە وەک گوترا تاکتیکییە، چونکی شیعیزمی جیهانی کە کۆماری ئیسلامی سەرۆکایەتیی دەکا، لە ستراتیژیی خۆیدا ناتەبایی زۆری لەگەڵ ئیسلامی سیاسیی سوننی هەیە و خۆی بە هاوخەباتیان نازانێ.

---

## هەگبەی شاخ و شۆڕش





برایم چووکەڵی

سەفەری ئەمجارەمان بۆ شومالی کوردستانە بۆ باس لە شەهید «خورشید پوولادی» شۆڕەسوارێکی دیکەی ئەم نیشتمانەیە، بۆوەی لە «هەگبەی شاخ وشۆڕش»دا یادێکی بکەینەوە.

خورشید پولادی ساڵی ١٣٣٠ لە گوندی «حەسەناوا»ی سەر بە ناوچەی سۆما لەدایک بوو. لە تافی مێرمنداڵیدا باوکی کۆچی دوایی کرد و ئەو کە گەورەترین منداڵی بنەماڵەکەیان بوو، دەبوو سەرپەرستیی دوو برا و خوشکێک و دایکی بگرێتە ئەستۆ، بۆیە هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ ئەو بارودۆخە ڕاهات و مووچە و مەزرا بووە هاودەمی ژیانی.

شەهید خورشید کە پاش کۆچی باوکی ماڵیان لە ئاوایی «دیزچی سیاوش» گیرسابۆوە، سەرەڕای کاری قورس لە قۆناغی مێرمنداڵی لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا خەمێکی دیکە هەژاندی و دایکیشی لەدەست دا. بەمجۆرە ئەرکی قورستری کەوتە سەرشانی و بۆ پەیداکردنی پارووە نانێک ساتێک لەکار ناوەستێ تا بتوانێ ژیانێکی نەمرمەژی تێپەر بکەن. ئەو ژیانە ناخۆشە خورشیدی فێری زۆر شتی بەنرخ کرد کە دواتر کەسایەتییەکی چاوکراوە و خەباتکاری پێ بەخشی. ئەزموونی باشی لە ژیان کۆ کردەوە، هەر بۆیەش پێی وابوو ئەو ژیانە تاڵەی بەسەر ئەو و نەتەوەکەیدا زاڵە، دەستێکی لە پشتە و ئەویشی لە ڕێژیمی پاشایەتیدا دەبینی. خورشید ئەوەندە لەو ڕێژیمە بێزار بوو کە دەمانچەیەکی کڕی و لە مەیدانی تیرهاوێژیی ورمێ پێشی بە کۆمەڵێک لە هێزە سەرکوتکەرەکان گرت و تەقەی لێ کردن و خۆیشی دواتر بە بریندارێ گیرا. ئەو لە ماوەی ٣ ساڵ زیندانی بوونیدا بە هیممەتی هێندێک لە هاوبەندییەکانی دەستی دایە فێربوونی خوێندن و نوسین و دوای ئازادبوونیشی لە بەندیخانە بە ئیجباری ڕێی سەربازیی گرتە بەر.

دوای تەواوبوونی سەربازی بۆ بژیوی ماڵەوە دەستی بە کاری شۆفیری کرد. خورشید دوای ئەو هەموو لە نەهامەتی دیتن و هەست پێکردنی زوڵم و زۆریی ڕێژیم بە سەر خەڵک و نەتەوەکەیدا بیری لە ڕێگای بەرەنگاری و هەڵوێستی شۆڕشگێرانە کردەوە و هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە پێویستە بەکردەوە قۆڵ لە بەرەنگاربوونەوەی ئەم ڕێژیمە هەڵماڵێ.

کاتێک خۆپێشاندانەکانی دژ بە ڕێژیمی پاشایەتی دەستی پێکرد، خورشید پوولادی بە چاو و گوێی کراوەوە لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا بەشداریی کرد و ڕۆڵی بەرچاو و سەرەکی لە ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکاندا گێڕا. بەو تێگەیشتوویی و شارەزاییەی کە لەسەر خەبات و تێکۆشانی سیاسی و نەتەوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەیبوو بە ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزب، دەسبەجێ هاتە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە و چەکی پڕ لە شانازی بۆ دیفاع لە مان و مەوجوودییەتی نەتەوەکەی کردە شان.

خورشید پولادی لە شەڕی سێ مانگەدا ڕۆڵی گرینگی گێڕا و لەنێو شاری ورمێ ئەرکی گرینگی کەوتە سەر شان و بە هۆی زیرەکی و هەست بە مەسئوولییەت کردن بە بەرپرسی دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی ئەو مەڵبەندە دیاری کرا. خورشیدی پولادی لە ئاست دوژمن وەک پۆڵا وابوو، نەترس و بە ورە، بۆ دوژمن توندوتیژ و، بۆ هاوسەنگەران و خەڵکی نیشتمانەکەی دۆستێکی مێهربان.

پاش زنجیرە عەمەلیاتی نێوشاری ورمی مەسئوولییەتی زیاتری پێ ئەسپێردرا و لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکان مەئمووریيەتی ناوچەی شیمالی کوردستان وەرگرت و گوند بە گوند و ناوچە بە ناوچە لەنێو خەڵکدا کاری حیزبی دەکرد.

شەهید خورشید ساڵی ١٣٦١ بوو بە فەرماندەری عەمەلیاتیی هێزی شەهید سەرگورد عەباسی. ئازایەتی و نەترسی و بەدیسیپلین بوون، لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی شەهید خورشید بوو، ئەو ناوی پیرۆزی پێشمەرگەی لەو ناوچەیە گەیاندە بەرزترین ئاستی خۆی و لە زۆربەی ناوچەکانی شیمالی کوردستاندا عەمەلیاتی سەرکەوتووانەی بەڕێوە برد. لە شەڕی ورمێدا فەرماندەی لێوەشاوە خورشید پوولادی زەبرێکی وەهای لە هێزی دوژمن وەشاند کە تا ئێستاش لە بیروزەینی خەڵکی ناوچەکەدا هەر زیندووە. شەهید خورشید لە عەمەلیاتەکانی دشتی مەرگەوەڕ، دەشتەبێڵ، چیای شپیران، دەشتی گونبەد دڵی دوژمنی هێنانە لەرزین. ئەو هەموو ئەم سەرکەوتنانەی لە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان و لە هێزی پێشمەرگەدا دەدی، بۆیە زۆر جاران بەهەواڵانی دەگوت: هێزی پێشمەرگە هیچ کات شکست ناخوا، چونکی پشتیوانێکی بەهێزی وەک خەڵکی هەیە».

خورشید پولادی لە شەڕ دژی دوژمناندا زیاتر لە ٥ جار بریندار بوو، و هەموو جاری پاش ساڕێژبوونەوەی برینەکانی لە ڕابردوو بەگوڕتر دەهاتەوە مەیدانی خەبات و بە ئیمانێکی پتەوتر بە ڕەوایی خەباتی خەڵکی کوردستان لە نێو هێزی پێشمەرگە دەستی بەتێکۆشان دەکردەوە.

ڕۆژی ٧ی خاکەلێوەی ١٣٦٢ ڕێژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی هێرشیکی گەورەی کردە سەر گوندی «کانییە ڕەش» لە ناوچەی سۆما. کاتێک کە شەهید خورشید و هاوسەنگەرانی بەم هێرشەی دوژمن دەزانن، قۆڵی هیمەت لە بەرەنگاربوونەوەی هێزی دوژمن هەڵدەماڵن و قارەمانانە بە گژ داگیرکەراندا دەچنەوە و تا دوایین فیشەک ئازایانە گیانفیدایی دەکەن و لە بەرامبەر تەسلیم بووندا مردنی سەربەرزانە هەڵدەبژێرن.

بەداخەوە خورشیدی پوولادی فەرماندە عەمەلیاتی هێزی سەرگورد عەباسی لەگەڵ ٥ هاوسەنگەری دیکەی بەناوەکانی کەماڵ فنک ناسراو بە کەماڵ بارزانی، کاکەی دلاوەری، عومەر فوولادی، عیسمەت محەممەدی و برایمی حاجی‌پوور دڵە پڕ لە ئاواتەکانیان لە لێدان کەوت. دوای شەهید بوونی خورشید پوولادی و ٥ هاوسەنگەرەکەی زۆری نەبرد کە ڕۆڵەکانی دێموکرات لە ناوچەی شیمالی کوردستان بەیادی هاوسەنگەرانی شەهیدیانەوە زەبرێکی گورچکبڕیان لە هێزەکانی دوژمن وەشاند.

یاد و ناوی سەرجەم شەهیدانی کوردستان بەرز و زیندوو بێ.

# بونبەستی هەڵبژاردن

## (خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆڵی هەڵبژاردن لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا)



مادح ئەحمەدی

هەڵبژاردن وەک یەک لە فۆرمەکانی دێموکراسیی ڕاستەوخۆ، دەرەتانی ئەوە بۆ هاووڵاتیان پێک دێنێ کە لە ڕێگای دەنگدانەوە بڕیار لەسەر داهاتووی خۆیان و چارەنووسی وڵاتەکەیان بدەن. واتە لەم فۆرمەدا هاووڵاتیان لە ڕێگای دەنگدانەوە بۆچوونی خۆیان لەسەر پرسە سیاسی و چارەسەنووسازەکان دەردەبڕن و یان نوێنەرانی خۆیان بۆ پارلەمان و بەڕێوەبردنی وڵات هەڵدەبژێرن. جیاواز لەمە، هەڵبژاردن لە کاتی قەیران و شڵەژانی سیاسی، لەکاتی ناکۆکی و ڕێکنەکەوتنی لایەنە سیاسییەکانی یەکەیەکی جواگرافی دیاری کراوە، لەسەر پرسێک کە پێوەندیی بە چارەنووسی گشتی و وڵاتەوە هەیە، مکانیزمێکی باو و کارپێکراوە.

دوای ئەوەی ساڵی ٢٠١٦ زۆرینەی خەڵکی بریتانیا دەنگیان بە هاتنەدەرەوەی وڵاتەکەیان لە یەکیەتیی ئورووپا دا، ناکۆکی و ململانێ نێوخۆیی بەرۆکی حیزبە دیارەکانی ئەم وڵاتەی گرت و بریتانیا تووشی قەیرانێکی جیدی سیاسیی بوو. بۆیە بۆ دەربازبوون لە قەیران و بونبەستی سیاسی، پەنا برایە بەر هەڵبژاردن. بە شێوەی نۆرماڵ هەر ٥ ساڵ جارێک هەڵبژاردنی گشتی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ دەوڵەت لە بریتانیا بەڕێوە دەچێ، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٥ ەوە تا دێسامبری ٢٠١٩ سێ هەڵبژاردنی گشتی بۆ دەربازکردنی وڵات لە قەیران و بونبەستی برێگزێت، بەڕێوە چوو. لە ئیسراییل، مانگی مارسی ئەمساڵ، هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە، بۆ جاری چوارەم لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵدا چوونە سەر سەندوقەکانی دەنگدان و لە ئاکامدا لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە، وڵاتەکەیان لە بونبەست و قەیرانی سیاسی دەرباز کرد. تەنانەت لە ئەرمەنیا، بۆ دەربازکردنی وڵات لەو بونبەستەی کە لە دوای شکستی وڵاتەکەیان لە شەڕ لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان لەسەر ناوچەی قەرەباغ تووشی هاتن، پەنا برایە بەر هەڵبژاردنی پێشوەخت و ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٢١/٠٦/٢٠ هەڵبژاردنەکە بەڕێوە چوو.

بێگومان لەم نموونانە زۆرن و بە درێژایی مێژووی هەڵبژاردن، خەڵک لە فۆرمی جیاوازدا توانیویانە لە ڕێگای دەنگدانەوە کاریگەریی خۆیان لەسەر کۆی کایە سیاسیی و جڤاکییەکان دابنێن. لە ڕاستیدا ئەمە سروشتی هەڵبژاردنە و لە وڵاتانی دێموکراتیک و نیمچە دێموکراتیکیش خەڵک لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکان و دیاری کردنی چارەنووسی وڵاتدا ڕاستەوخۆ بەشدارن. تەنانەت لە وڵاتێکی وەک عێراق کە لە ساڵی ٢٠٠٣ ەوە نوقمی قەیران بووە، تا ئێستا چەند هەڵبژاردن بەڕێوە چووە و پێنج جار سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران گۆڕدراوە و بڕیاریشە لە مانگی ئۆکتۆبری ٢٠٢١ دووبارە هەڵبژاردنی پێشوەخت بەڕێوە بچێ.

بەپێی ئەو نموونانەی سەرەوە، ئەگەر بێین هەڵسەنگاندن بۆ دەور و پێگەی هەڵبژاردن لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بکەین، ڕەنگە ئەنجامەکەی تەواو پێچەوانەی نێوەرۆک و ڕۆڵی هەڵبژاردن و دەنگی خەڵک بێ. لەم حاڵەتەدا ئەشێ بپرسین کە بۆ ڕۆڵی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا جیاوازە؟ ئایا هەڵبژاردن مکانیزمێکە بۆ دەربازبوون لە قەیران و بونبەستی سیاسی لە ئێران یان نا پێچەوانەیە؟ ئەگەر پێچەوانەیە، هۆکارەکەی لە چییەوە سەرچاوە ئەگرێ؟ کەی هەڵبژاردن و دەنگی خەڵک ئەتوانن ڕۆڵ بگێڕن لە ئێراندا؟

بۆ وڵامی ئەم پرسیارانە، ئەگەر چەمکی هەڵبژاردن و ڕۆڵی دەنگی خەڵک لە ئێراندا هەڵبسەنگێنین، لەگەڵ کۆمەڵێک بەربەست بەرەورووو دەبینەوە کە مانای ڕاستەقینەی هەڵبژاردنیان داماڵیوە و بەرگی شانۆیان لەبەر کردوە. وەک ئاماژەی پێدرا هەڵبژاردن یەکێک لە فۆرمەکانی دێمۆکراسی ڕاستەوخۆ و دێموکراسییش واتە دەسەڵاتی خەڵک. بەپێچەوانەی ئەم بنەمایە لە کۆماری ئیسلامیدا یەکەم بەربەستی بەردەم هەڵبژاردن و دێموکراسی ”ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهـ“ کە لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا هاتووە و سیستمی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەم بناغەیە بنیات نراوە. بەپێی ئەم تیۆرییە، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی ئەوەی پێدراوە لە هەموو بوارەکاندا -بەگوێرەی ویستی خۆی و پێچەوانەی ویستی خەڵک- فتوا و بڕیار دەر بکا، بەبێ ئەوەی وڵامدەر بێ و لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێ. کەواتە، لە سیستمی کۆماری ئسیلامیدا، پێچەوانەی بنەماکانی دێموکراسی و هەڵبژاردن هەموو دەسەڵاتەکان لە یەک دەستدا کۆ کراوەتەوە و خەڵک هیچ دەسەڵات و ڕۆڵێکیان نییە.

دووەم کۆسپی بەردەم هەڵبژاردن لە ئێراندا، ئەنجوومەنی پاراستنی یاسای بنەڕەتییە (شورای نگهبان) کە ئەندامەکانی لە لایەن ڕێبەر و بەرپرسی دەزگای داوەرییەوە (بەرپرسی دەزگای دادوەریش بۆ خۆی لەلایەن ڕێبەرەوە دەستنیشان دەکرێ) دادەنرێن و هەموو ئەوانەی دەخرێنە مەیدانی شانۆکەوە پێویستە فیلتەرەکانی ئەم ئەنجوومەنەیان تێپەر کردبێ و پەسەند کرابێتن. واتە ئەم ئەنجوومە ڕۆڵی بکوژ دەگێڕێ و هەڵبژاردن لە هەر چەشنە واتایەکی ئازاد و دێموکراتیک بەتاڵ دەکاتەوە. کۆسپێکی دیکەی بەردەم هەڵبژاردن، یاسای بنەڕەتیی ئێرانە کە سەرچاوەی هەڵاواردنە و تێیدا مافی خۆپاڵاوتنی لە ژنان، نەتەوەکانی دیکە و کەمایەتییە ئاینییەکان بۆ پۆستی سەرکۆماری، زەوت کردوە و پێویستە سەرجەم کاندیدەکانی پۆستی سەروککۆماری پیاو بن و شیعەی دوازدە ئیمامی بن. تەنانەت ئەگەر کەسێک سەرجەم ئەم فیلتەرگەلە ببڕێ و ببێ بە سەرکۆمار، لە ئەنجامدا دیسان بڕیارە گرنگ و چارەنووسسازەکان هەر لای ڕێبەرە و هەر دەبێ چاوی لە دەستی ئەو بێ.





ئەم فیلتەرگەلە وا چنراون کە ئەنجامەکەی هەر دەبێ ئەوە بێ کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ و بەدەر لەوە هیچ ئەنجامێکی دیکە قەبووڵ ناکا. بۆ وێنە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٣٨٨دا ئەنجامەکە پێچەوانەی ویستی ئەو بوو، بۆیە ڕێگری لێ کرد و بە هەموو نرخێک پشتی ئەحمەدینژادی گرت و وەک سەرکۆمار و براوەی هەڵبژاردن سەپاندیان و کاندیدە نارازییەکانیشیان دەستبەسەر کرد. یان لە دوایین هەڵبژاردندا هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی تەنانەت دەرەتانی ئەوەیان نەهێشتبووە کە گومان بکرێ لەوەی ئیبراهیم ڕەئیسی ناکرێتە سەرکۆمار. ڕەنگە ئەمەش تەنیا تایبەتمەندیی کۆماری ئیسلامی بێ کە کەسێکی وەک ئیبراهیم ڕەئیسی کە لە ئێعدامەکانی دەیەی ٦٠دا ئەندامی هەیئەتی مەرگ بووە، ئەمڕۆ بە پۆستی سەرکۆماری پاداشتی کارەکانی دوێنێ وەردەگرێتەوە.

لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا، لە ئێران لە چوارچێوەی هەڵبژاردندا کاراکتێری جۆراجۆر تاقی کرانەوە، کە هەموویان بە دەیان دروشمی بریقەدارەوە هاتن و بەدەستی بەتاڵ ڕۆیشتن. خاتەمی بە زیاتر لە ٢٠ میلۆن دەنگەوە بوو بە سەرکۆمار، کەچی لە ئەنجامدا ڕایگەیاند کە ئەو وەک سەرکۆمار هیچی بەدەست نییە و تەنیا جێبەجێکارە. ئەوەی کە ڕوونە، ئەوەیە کە بەهیچ لەونێک ڕێگا نادرێ خەڵک لە ڕێگای دەنگدانەوە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و بەپێی ویستی سەردەم گۆڕانکاریی دروست بکەن. تەنانەت چەند جار کە ڕێژی بەشداریی خەڵک چووەتە سەرەوە و دەنگ بە پاڵێوراوەکانی ڕیفۆرمخوازان بۆ سەرکۆماری یان پارلەمان و یان ئەنجوومەنی شار و گوندەکان دراوە، دواتر لێکەوتەکانی لە دژی بەرژەوەندیی خەڵک بووە و ژیانی خەڵک خراپتر بووە و مەوادی ئازادییەکان بەرتەسکتر کراونەتەوە. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش ئەتوانین ئاماژە بە هێرشی هێزە ئەمنییەکان بۆ سەر خوێندکاران لە ساڵی ١٣٧٨دا و داخستنی بە کۆمەڵی ڕۆژنامەکان لە سەردەمی ڕیفۆرمخوازەکاندا لە ساڵی ١٣٧٩ کە زۆرینەی پارلەمانیان بە دەستەوە بوو بکەین. هەروەها لە لایەکی دیکەوە ئەتوانین ئاماژە بە ژیان و گوزەرانی خەڵک لە سەردەمی سەرکۆماریی ڕۆحانیدا بکەین کە بەپێی قسەی بەرپرسی دامەزراوەی باڵای توێژینەوەی بژێویی کۆمەڵایەتی، ڕێژەی هەژاریی ڕەها لە نێوان ساڵەکان ١٣٩٦ بۆ ١٣٩٨ بە بەراوەرد لەگەڵ ساڵانی پێشووتر، دوو بەرابەر بووەتەوە. هەروەها ئامارەکانی ئەم ناوەندە باس لەوە دەکات کە ٢٥ ملیۆن کەس لە ئێراندا لە ژێر هێڵی هەژاری ڕەهادا دەژین.

ئەزموونی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتداریەتیی کۆماری ئیسلامی پێمان ئێژێ کە ئەوەی بایەخی پێ نەدراوە و ڕێگای نەدراوە ڕۆڵی خۆی بگێڕێ، هەڵبژاردن و دەنگی خەڵکە. لە چوارچێوەی پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا لە هەر لایەکەوە بڕوانینە بابەتەکەدا، دەبین بەربەرستێک لەبەردەم هەڵبژاردندا دروست کراوە. واتە هەڵبژاردن لە چوارچێوەیەکدا زیندانی کراوە و دەرەتانی ئەوەی پێ نادرێ کە ڕۆڵی چارەسەر بگێڕێ. ئەمەش خاڵێکی جەوهەرییە کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دیکە جیا دەکاتەوە. واتە، بەپێچەوانەی وڵاتگەلی دێموکراتیک کە بۆ چارەسەری کێشەکان و دەربازبوون لە قەیران پەنا دەبەنە بەر دەنگی خەڵک، لە کۆماری ئیسلامیدا هەڵبژاردن گەیشتووەتە بونبەست. تا ئێستا لە کۆماری ئیسلامیدا، نەتەنیا لە هیچ قەیران و کێشەیەکدا، وەک چارەسەر پەنا بۆ هەڵبژاردن نەبراوە، بەڵکوو دوای هەر شانۆیەکی هەڵبژاردن قەیرانەکان قووڵتر بوونەتەوە و ڕۆڵی دەنگی خەڵکیش زیاتر کەم کراوەتەوە. هەر بۆیە، جار لە دوای جار بازنەی بایکۆتی هەڵبژاردن لە ئێران فراوانتر دەبێ و بە جۆرێک لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا ئەم بازنەیە بەشێک لە پێکهاتەی خودی ڕێژیمی گرتەوە و وەک ساردترین هەڵبژاردن لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا دەکرێ بێتە ئەژمار. هۆکاری ئەمەش ئەگەرێتەوە بۆ ئەو بەربەستگەلەی کە لە فۆرم و وێستگەی جیا جیادا بۆ هەڵبژاردن دروست کراوە و هەلبژاردن بەتاڵ کراوەتەوە لە ناوەرۆک و ڕۆڵی ڕاستەقینە خۆی. لە ڕاستیدا ئەم کێشەش، کێشەیەکی پێکهاتەیی و تا ئەم پێکهاتەیە لەسەر کار بێ، ئەوا ڕێگا نادرێ هەڵبژاردن و دەنگی خەڵک دەوری خۆیان بگێڕن.

***

# دارسمە

دارسمە دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# گازگرتن و فیکەلێدان بە یەکەوە سەر-کەوتن مسۆگەر دەکەن

دوای دیاریکردنی سەرۆککۆماری کۆماری ئیسلامیی ئێران لەنێوان پێنج کەسی دیکە لەلایەن فەرماندەی تێژکەڵەوە، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی ئێرانیش بە گوێرەی تایبەتمەندیی خۆی هەر لەلایەن ئەم فەرماندە چرچەڵەیەوە هەڵبژێردرا. فەرماندەی هەموو هێزی چەکداری کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەرچی چەکداری چەمووشە لە عێراق و یەمەن و سووریە و لوبنان و چەند وردەشوێنی دیکەش لە دیوی لای خۆمان پێی دەڵێن ڕەهبەری موعەزەم.

لە خوارەوە چەند وردە ڕستەیەک بە دوای یەکتردا دەهێنم وهیوادارم وەک خەڵەفاوان نەچم.

ئەو زەمان ڕەفت عەلیە گۆج بە مەکر و فرت و فێڵی عەلیئەکبەری هاشمی لە مەجلیسی خوبرەگان، فشە بکەن و لەگەڵ خوبرە-گان ڕێگە بۆ میراتگری خومەینی خۆش بکەن.

ئەو زەمان ڕەفت عەلیە کۆسە بە عەلیە کۆڵ بڵێت تۆ بۆ ڕێبەر باشی و ئەویش بە فێڵ بڵێ من بۆ ڕێبەر نابم. عەلیە کۆسەش بڵێت با با بەدی، چۆن نابی؟ لە تۆ باشترمان دەست ناکەوێ.

ئەرێوەڵا ئەو زەمان ڕەفت عەلیە کۆسە کیسە بۆ سەرۆککۆمارییەتیی ئێران هەڵبدروێ و وای دابنێ عەلیە کۆڵ دەکاتە ڕێبەرێکی بێدەستەڵات و خۆی یاسای بنەڕەتیی ئێران هەموار بکاتەوە و سەرۆکوەزیران لە پێکهاتەی دەستەڵات لاببا و خۆی وەک سەرۆک کۆمار هەموو دەسەڵات بگرێتە دەست.

هێندەی گڵ لەسەر گۆڕی دایکی عەلیەکۆس و خۆیەتی، سەد ئەوەندە تەمەنی تۆی خوێنەر درێژ بێت. ئاخر دایکی عەلیە کۆسە کاتێک لە ڕەفسەنجان دەرودراوسێ دەیانگوت ئاغای ڕەفسەنجانی هێندە لە تاران چی دەکا؟ وێڕای تفکردنەوەی تۆێکڵەپستەیەکی بێخوێ، بە زمانە شیرینە فارسییەکەی خۆی دەیگوت" علی اکبر رفته تهران پادشاه بشه" (عەلی ئەکبەر چووەتە تاران ببێتە پاشا).

جا ئەو زەمان ڕەفت عەلیە کۆسە گوێی عەلیە کۆڵ بگرێ و لە جێگەی خومەینی دابنێت و خۆی بەلای سەرۆککۆماریدا بەرەو پاشایەتی هەڵکشێت.

بەڵی، ئەم دنیا حیزە هەتا سەر بەکەس نامێنێ. کەس نازانێ کێ دەیکا و کێی دیکە دەیخوا. بەڵام هەموو جارانیش وا نییە. ئەمجارەیان عەلیە کۆسە کردی و عەلیە کۆڵ خواردی.

ئەم عەلی ئەکبەرەی بەمن و بەتۆ ئاخری وای بەسەرهات دەگەڵ کاک مەحموود واتە خولەی ئەحمەدینژاد خرایە بەریەک و ئەویشی بەسەردا زاڵ کرا و ئاخری لەنێو حەوزێکدا لە کاتی مەلەکردن دایانە دەست نەمان و لەنێوچوونەوە.

ئێستا لە کاتێکدا خولە واتە ئەحمەدینژاد لەلایەن عەلیە کۆڵەوە ئیزنی پێنەدرا جارێکی دیکە خۆی بۆ سەرۆککۆماری بپاڵێوێتەوە. بە دەم بگەمبگەم و هەڕەشە و گوڕەشەوە خەریکە خۆی بەدەردی عەلیە کۆسە دەبات و هەربینا ئەویش بەدەست فەرماندەی هەموو هێزی چەکداری ئێران و هەموو چەکداری چەمووشی ئێراق و سووریە و لوبنان و یەمەنەوە شرت و گوم بکرێ.

عەلیە کۆڵ دوای ئەوەی پشتی عەلیئەکبەرە لووسەی لە نێو حەوزی مەلەکردن لە زەوی دا و دوای ئەوەی ئەم هەموو حەول و دەوڵەی بۆ خولە دا و کردی بە سەرۆککۆمار و ئێستا ئەویش لێی ئاڵەدین بووەتەوە و دەڵێ ئەم هەڵبژاردنەی ئەم دواییە هەر هیچ نەبوو، ئەمجار خۆی دەزانێت چی دەکات.

عەلیە کۆڵ بۆئەوەی دەست وپێوەندی خۆی تەماحی تێ نەکەن و بە تەمای خوراندنی کەنداڵی بن پێی نەبن، سەرۆککۆمار و سەرۆکی دەستەڵاتی دادوەریی وامان بۆ دادەنێ، هەر مەپرسە.

بلەی ڕەییسی دەکاتە سەرۆککۆمار. جا سەرۆک کۆمار لەوە باشتر لە یەکەم لێدوانیدا بڵێت، چاک چاکم کرد دەستم لە کوشتنی بەکۆمەڵی چوارپێنج هەزار کەسدا هەبوو و دەبێ بە هۆی ئەم کارەمەوە دەستخۆشیشم لێ بکرێ.

سەرۆک دەستەڵاتی دادوەرییەکیشی بۆ داناوین، دادوەری و قەزاوەت شەرع و نێوبژیوانی هەر لەخۆی جوانە. موحسنی ئێژەیی دەڵێم. کاکە موحسن تەنانەت حیسابێک بۆ ”زکچوون خوازان“ی خۆشیان ناکات. ”زکچوونخواز“ ناوێکی نوێیە دارسمە بۆ ” ئیسحاڵتەڵەب“ واتە ”اصلاح‌طلب“انی داناوە.

محسن ئێژەیی کاتێک چەند ساڵ لەمەوبەر دوو قەندانی بە عیسا سەحەرخیزی سەر بە لایەنی زکچوونخوازان دادا، و بە ددانی تیژی لاشانی گەست، هەر ئەودەم دیار بوو ددانی زۆر تیژن، بۆیە دواتریش کاتێک لە کۆڕێکی خوێندکارانی زانکۆ خوێندکارێک وەک دژایەتیکردنی لێدوانی فیکەی بۆ لێدا، موحسن گوتی ڕۆڵە تۆ دوو یا سێ ئەنگوست دەخەیە نێو دەمت و فیکەیان پێ لێ دەدەی. وا مەکە دەمت گەورە دەبێ، سەیری من کە چۆن بێ ئەوەی ئەنگوست بخەمە دەممەوە وەک بولبول فیکە لێ دەدەم؟

وادیارە گازگرتن و فیکەلێدانی بێ ئەنگوستیش وەک کوشتنی بەکۆمەڵی چەند هەزارکەسی بایەخی خۆی هەیە و ئەویش سەرکەوتنی بەدواوەیە. بە هیوای ”سەر-کەوتن“ی هەموویان. ببوورن، ”دا“ی پێش ” کەوتن“ەکەم لە قەڵەم کەوت.



# مارفی ئاغایی و خزمەتە ئەدەبییەکانی

**فەرزانە عوقابی**

مەعرووف ئاغایی ناسراو بە مارف ئاغایی کوڕی حاجی محەممەدی ئاغایی لە بنەماڵەی "پاشایی"، ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی لە گوندی وەزنێ لەنێوان شاری شنۆ و نەغەدە لەدایک بووە. مارف ئاغایی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری نەغەدە تەواو کردووە و لە گەرمەی خوێندنی ناوەندیدا لەگەڵ بنەماڵەکەی هاتوونەتە شنۆ. ئەو لە قۆناغی دواناوەندیدا ساڵێک گیراوە و لە خوێندن دابڕاوە.

بەداخێکی گرانەوە مارف ئاغایی ساڵی ١٣٧٧ لەگەڵ دوو هاوڕێی بە ناوەکانی جەعفەر قازی و سەرتیپ مەنسووری لەکاتی گەڕانەوەیان لە سەرەخۆشیی مینا خانم، خێزانی پێشەوا لە شاری مەهاباد بۆ ورمێ تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بوون و گیانیان لەدەست دا.

### پەیوەندیی و چالاکی مارف لە گۆڤاری سروەدا

مارف کەسایەتییەکی فرەڕەهەندی هەبوو، هەر لە کەسایەتییە ئەدەبییەکەیەوە بگرە تا کەسایەتییە ڕۆژنامەوانییەکەی. مارف وەکوو تاکێکی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە هەستی بە پەروەردەکردنی قەڵەمی گەنجەکان کرد کە لە داهاتوودا کۆمەڵگای کوردی پێویستی بە ئەو گەنجانە دەبێت. بۆیە زوو گۆڤاری "سروە"ی وەک باشترین شوێن بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەو کارە بینی. مارف لەو گۆڤارەدا بەشێکی بۆ وەڵامدانەوەی نامەکان دانابوو و زۆر بەوردی و لێپرسراوانە وەڵامی بۆ خوێنەرەکان و خاوەن بەرهەمەکان دەناردەوە و بەوپەڕی ڕێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردن، واتە مارف خۆی کردبووە پردی پەیوەندی لەنێوان سروە و خوێنەراندا. مارف جگە لەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ نووسەران و خوێنەراندا هەیبوو، پەیوەندییەکی پتەویشی لەگەڵ کەسایەتییە ڕۆژنامەوانەکاندا هەبوو و گرینگییەکی زۆری بە وتوویژ دەدا. یەکەم ژمارەی تایبەت بە وتوویژ کە هەم بوو بە دوایین ژمارەشی و وەکوو پاشکۆی سروە لە ساڵی ١٣٧٦ی هەتاویدا بڵاو بووە کە لەگەڵ زۆربەی کەسایەتییە بەناوبانگەکان وتوویژی کردبوو. ئەوەش کارێک بوو کە لە چەشنی خۆیدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێوێنە بوو. با ئەمەش لەبیر نەکەین کە مارف لە بواری ڕۆژنامەوانیدا، یەک لە چالاکترین و نوێخوازترین ڕۆژنامەوانی سەردەمی "سروە" بوو.

مارف ئاغایی لە ساڵی ١٣٧٥دا لەگەڵ هاوڕێیەکانی، هەوڵی دامەزراندنی «حەوتەمین ئەنستیتۆی کورد»ی جیهان لە تاران دەدەن، کە ئەو ئەنستیتۆیە بە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێک بە ناوی «کوردستان» دەست بە کارەکانی دەکا و بە دوای بڵاوکردنەوەی ژمارەیەکی ئەم گۆڤارە، وەزارەتی فەرهەنگ پێش بە بڵاوکردنەوەی دووبارەی گۆڤارەکە دەگرێ و چەند ساڵ دوای داخستنی گۆڤارەکە، ئەنستیتۆش بۆ هەمیشە دادەخرێت. (کتێبخانەی کوردیکا)

### بیرەوەریی فەتاح ئەمیری لە مارف ئاغایی

جارێکی ئەمن لە ماڵی مارف بووم، مارفیش ئەوکات لە دەبیرستان دەیخوێند و هاتە تەنیشتم و دەفتەری ئینشاکەی پێشان دام، کە چاوم لە نووسراوەکانی کرد زیاتر لە تەمەنی دەیاننواند. زۆرم بارەکەڵڵا پێ گوت کە لە خۆشییان سوور هەڵگەڕا. دەفتەرەکەی داوە دەستم و گوتی: ((خاڵە پێم خۆشە یادگارێکی تۆم لەلا بێ)). منیش پەخشانێکی کورتم بە کوردی بۆ نووسی:

"ئازیز بڕوانە، قرچە برژە، هاوینە ڕۆژێکی گەرمە، گەڵای گەشی شۆڕەبییەکان سیس و ژاکاو و ..." وشەکانی زۆر بە زەحمەت ساغ کردنەوە و پاشان گوتی: "شەرتە ڕۆژێکی ئاوا فێر بم." وەڵڵا زۆری نەخایاند زمانی کوردی فێر بوو بەتایبەت پاش دامەزراندنی ئینتشاراتی سەلاحەدین هەر زۆر چووە سەرێ.

کاک فەتاح ئەمیری هەروەها دەگێڕێتەوە کە ڕۆژێکیان لەگەڵ مارف دووبەدوو بووین و باسی مەستوورە و ژیلا و سوارەمان دەکرد کە باسی فرووغی فەڕوخزادیشمان هێنا نێو قسەکانمان. بۆم گێڕاوە کە لەگەڵ مامۆستا هێمن لە ڕۆژی مەرگیدا بە دیتنی وێنەکەی و شیعرێکی فرووغ گریاوین، کە بۆ مارفم خوێندەوە ئەویش دەستی کرد بە گریان، زۆرم دڵخۆشی داوە و گوتم ئەرێ براله ئەتۆ بۆ ئەوەندە گرینۆکی؟

گوتی: "ئەگەر ڕاستت دەوێ پێم وایە منیش هێندەم نەماوە." وتم ئەتۆ بۆ؟ خۆ تازە هەوەڵی لاوێتە.

گوتی: ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەست بە مردن دەکەم.

ئەو قسانە ساڵێک پێش مردنی بوون و کاتێک محەممەدی قازیمان دەناشت، لەگەڵ مارف لەسەر قەبرەکەی ڕاوەستابووین، دیسان گوتی خاڵە ئەمنیش لە هۆوەی بنێژە. ئەوجار لێی توورە بووم و ئەویش گوتی خاڵە ئەو هەستی مردنە وازم لێ ناهێنێ و هەر لێم توندتر دەبێ. بەداخەوە دڵە پڕ لە هیواکەی خەبەری کۆچی داوبوو.

### شارەزایی مارف بەسەر زمانەکاندا

مارف لە زمانەکانی فارسی و کوردی و ئینگلیزی و تورکییشدا شارەزایی هەبوو. جارێکیان کاک ئەحمەدی قازی گوتبووی: "کەسێک بیهەوێ لە ئەدەبیاتی ئەوڕۆدا سەرکەوێ، دەبێ زمانێکی خاریجی بزانێ و شارەزای تەواوی وڵاتەکەی خۆشی بێ." مارفیش بە شوێن ئەو قسە جوانەدا، دەستی کرد بە ئینگلیزی خوێندن و تا ڕادەیەک پێش چوو کە دەستی کرد بە وەرگێڕانی چەند کورتە چیرۆکی ئینگلیزی بۆ سەر زمانی کوردی و چەندین کورتە چیرۆکی تریشی لە فارسییەوە وەرگێڕانەوە بۆ سەر زمانی کوردی کە هەڵگری نێوەرۆکی بەرزی ئینسانی و دەردی کۆمەڵگەی کوردەواری بوون.

### گرینگیی شێعرەکانی مارف

مارف هیچ کات نەیتوانیوە لە بەرانبەر کارەسات و ڕووداوەکان بێدەنگ بێ. گرینگی لەوەدایە کە مارف نایهەوێ ڕووداوەکان وەکوو خۆی نیشان بدا یا دنیای دەورووبەری بە دیمەنی شێعر پیشان بدات. بەڵکوو دەستەواژە و نەخشەی تازەی ئەو خودی ڕووداو، مێژوو و خۆشەویستی تازەی خوڵقاندووە. بە گشتی دنیای ئەفسوون و تازەبەهاری شیعری مارف پڕاوپڕ لە خۆشەویستی خاک، جوانی، ئازادی، مرۆڤایەتی و، ئەوین و دابڕان و ... بوو:

*خاک*
*توانای کۆچی نییە*
*ئەوەیە ڕازی مانەوەی هەمیشەی من*
*لەم وڵاتەدا*

مارف هیچ کات وشە و کەڵکەڵەی دەروونیی لە خاک و وڵاتەکەی دوور نەکەوتوونەتەوە و سادە و ڕەوان نمەی باران و گەزیزەکانی کێلەشین لەگەڵ خۆی و خوێنەر دواون. مارف قسەی دڵ و زمان و کردەوەی یەک بوون.

*هەوون کامێرا*

*بڕووسکە: فلاش*
*نمنمەی باران*
*بۆ شووشتنەوە*
*دڵی منیش قاپ*
*ئای نیشتمانم*
*هەتا یەک چرکە*
*بۆ لێوەکانت*
*بزە قەرز کە*

لەنێو شیعرەکانیدا وشەگەلی لەو شێوەیە زۆر دەبینین وەکوو: مردن، مەرگ، گۆڕستان و ... کە ئەو وشانە نیشاندەری ئەوەن کە لە دەروون و نەست و هەستی شاعیر هەڵقوولاون.

شیعرەکانی مارف بە شێوەیەکن کە بیر و هزری مرۆڤ داگیر دەکەن و تووشی پرسیارت دەکەن لەو پرسیارانەی کە داددەچڵەکێنن.

### پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مارف

مارف یەکێک لەو کەسانە بوو کە هاموشۆی لەگەڵ خەڵک بەتایبەت لەگەڵ هونەرمەند و نووسەراندا زۆر بەهێز بوو. لەگەڵ کەسانێک وەکوو مامۆستا حەقیقی، شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، حوسێن عارف، حەسیب قەرەداغی، پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، مەسعوود محەممەد و ... وتوویژی هەبوو. لەگەڵ هەموویان پێوەندیی دەگرت و هاتوچۆی هەبوو و تەنانەت نامەگۆڕینەوەشی لەگەڵ ئەو بەڕێزانە هەبوو و لەگەڵ بەڕێز ڕەحیم لوقمانیش، پێش وەی یەکتریش ببینن بە نامەگۆڕینەوە پێکەوە وتوویژیان دەکرد و لە کار و چالاکیی یەکتر ئاگادار دەبوونەوە. بە گشتی پێوەندی کۆمەڵایەتیی مارف زۆر زۆر بەهێز بوو و دایم حەزی لە وتوویژ و کۆبوونەوەی ئەدەبی بوو و هەموو کاتیش قسەی خۆی پێ بوو. زۆربەی ئاشنایەتیی لەگەڵ نووسەران و هونەرمەندانیش هەر لە ڕێگای نووسین و شیعرەوە بووە. (کتێبخانەی کوردیکا)

### تایبەتمەندیی شێعرەکانی مارف

زمانی شێعریی مارف زمانێکی سادە و ساکار و ڕەسەنە و لەسەر بنەمای ڕێزمانێکی دروستی کوردی داڕژاوە. ئازاد بوون لەهەر قەید و بەندێک. کەڵکوەرگرتن لە هۆگەلی سروشتی وەکوو با، سەرما، سەهۆڵ، گەردەلوول ، باران کە ٤٠ جار دووپات بۆتەوە، هەور ٣٦ و گەڵا ٢٤ جار و بروسک و ئاگر و ... کە کردووینە بە موتیڤی خۆی و بە لێکگرێدانیان دیمەنگەلی تازە دەخوڵقێنێ. گرنگیدان بە باس و بابەتی کۆمەڵایەتی، کوردایەتی، مێژوویی و فۆلکلۆر و خۆشەویستی لەڕادەبەدەر بۆ نیشتمان.

لە باری زمانەوە، وشە و ڕەستەکان تەنیا و تەنیا لە خزمەتی شێعرییەتی شێعردان. ئەو بە تێکشکاندنی بونیادی کۆنی زاڵ بەسەر شیعری کوردیدا، توانی بونیادێکی تازە بخوڵقێنێ و شوێن پێی تازەگەری بنوێنێ.

هەرچەند دەقە شێعرییەکانی مارف زیاتر لە کورتەشێعردا خۆ دەنوێنن، کەچی هەڵگری مانای قووڵ و لێکدانەوە و خوێندنەوەی چەند لایەنن ( قوربانی، ئاوات، ئەزموون و ...). دەقەکان زیاتر لە شێوەی پرسیادا خۆیان ڕووبەڕووی بەردەنگ دەکەنەوە. (هیوا، بۆ؟، داوا، تینوو، پرسیار، دڵنیایی و ...). مردن و بێهیوایی خۆیان خزاندۆتە زۆربەی دەقەکانەوە (سێ هەنگاو تا مەرگ، چارەنووس، بەفر، تەنیایی، پێنج کۆپلە شیعری یاغی، دیدار و ...).

### نێوەرۆکی شیعرەکانی مارف ئاغایی

نێوەرۆکی شیعرەکانی مارف نێوەرۆکێکی ئینسانذۆستانەیە، لایەنگری لە گەلی کورد و دەربڕینی دەردی کورد و نیشتمانە. زۆرێک لە شێعرەکانی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و کینایە و ڕەمزی دەردەبڕین، واتە دەکرێ لە بواری نێوەرۆکەوە بیانکەینە دوو بەش:

– بەشێکیان ئەو شێعرانە دەگرنە بەر کە شاعیر دیمەن و باری فکری و کۆمەڵایەتی نیشتمان وەکوو مرۆڤێک کە ژیانی خۆی و گەلەکەی دابێتە دەست قەدەر، بێ ئەوەی هیچ هەوڵ و تەقەلایەک بۆ بارودۆخەکە بدرێ.

– بەشێکی تریش ئەو شێعرانەن کە لەژێر کارتێکردنی برووسکەگەلێک نووسراون کە تۆزێک ڕووناکاییان خستۆتە ناو تاریکخانەی نیشتمانەکەی و پڕن لە هیوا.

### شیکردنەوەی شێعرەکان

شاعیر لەو بەشەدا هەوڵی ناسینی خۆی و مێژووی گەلەکەی و هەستکردن بە هەلومەرج و کێشەکانی تایبەتی کۆمەڵگە دەدا، ئەویش بە شێوەیەکی زۆر ورد و زانستی کەموکووڕی و باری نالەباری وەسف دەکا:

*کاتێک فکری دوور بوون لە باڵای تۆ دەکەم*
*دەست بە تکا*
*یەک بەدوای یەکدا چاوەڕێن*
*دە پێم بڵێ! ئەمن کامتان بەجێ بێڵم*
*ژان و ئازار یا دەرد و ئێش؟*

شاعیر لە نیشتمانەکەیدا جگە لە ژان و ئازار ناسیاوێکی تری نییە کە ئەگەر ڕۆژێک ئەو نیشتمانە جێ بێڵێ خەمیان بۆ بخوا:

*لەم مێژوو پڕدووکەڵە*
*چۆن دووکەڵی ماڵ سووتان و تۆپباران و کیمیاباران*
*لەنێو ئەم ڕووبارە لێڵە چلۆن ئاو و فرمێسک و خوێن*
*لەیەک جیا دەکەیتەوە؟*
*تۆ لەناو خەونی ژیاندا، دەخولێیتەوە.*

شاعیر لێرەدا ژیان وەکوو کابووسێک دەبینێ، خەونێک کە جگە لە مەرگ و کوشتن و برین، تۆپباران و کیمیاباران و ئەنفال زیاتر هیچی تێدا نییە. شاعیر کەسێکی هوشیارە و ئاگاداری گەورەیی و شکۆی ڕابردووی گەلەکەی بووە، شاعیر ویستوویە ئەو ڕابردووە پڕ لە شانازییە، وەک ڕاسپاردەیەکی گرنگ بۆ داهاتوو ڕاگوازێتەوە.

مارف بەڕادەیەک لەگەڵ نیشتمانەکەیدا تێکەڵە، کە کاتێک دەیهەوێ باسی خۆشەویستەکەی بکا نازانێ لەو سێ وشەیە "خاک، نیشتمان، زێد یا وڵات" کامیان هەڵبژێرێ بەڵام کاتێک بیری دوورکەوتن لە نیشتمانەکەی هەڵی دەگرێ (( ژان و ئازار)) منەمنیانە و شاعیر داوا دەکا پێی بڵێی کامیان هەڵبژێرێت:

*کاتێک شێعری خۆشەویستیی تۆ دەنووسم*
*دەست بە تکا*
*وشە دوای وشە چاوەڕێن*
*دە پێم بڵێ: ئەمن کامیان هەڵبژێرم*
*خاک، نیشتمان، زێد یا وڵات؟*

### بەرهەمەکانی مارف ئاغایی

بەداخەوە مارف ئاغایی بە هۆی ماڵئاوایی زووی لە ژیان تەنیا یەک دیوانەشیعری لەپاش بەجێ ماوە بە ناوی "زەوی سەخت و ئاسمان دوور"، کە لە کۆتایی ساڵی ١٣٧٥دا شێعرەکانی کۆ دەکاتەوە تا لە کتێبێکدا بە نێوی "پردی برووسک" چاپیان بکا، بەڵام دوایی ناوی کتێبەکە دەگۆڕێ بە "زەوی سەخت و ئاسمان دوور" و هەموو شتێک بۆ چاپکردنی کتێبەکە ئامادە دەکات. بەداخەوە کە مارف ئاغایی دەرفەتی لە چاپدانی کتێبەکەی بۆ هەڵناکەوێ و کتێبەکەی لە لایەن بنەماڵەی ئاغایی و دوای مەرگی شاعیر لە چاپ دەدرێ. (کتێبخانەی کوردیکا).

زۆربەی نووسراوەکانی دیوانەشیعرەکەی بە شێوەی کورتەشێعرن، هۆی کورتبوونی شیعرەکانیشی ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێنەوە کە مارف ئاغایی هەوڵی دابێ ئەزموونێکی نوێ بێنێتە ناو دنیای شیعری کوردی. بەپێی ئەو شیعرانەی کە لە زەوی سەخت و ئاسمان دووردا هەنە، ئەوە دەردەخەن کە کاک مارف زۆرتر حەزی لە ساختارمەندکردن یا پێکهاتەکردنی شیعر هەبووە. بۆ نموونە وەکوو ئەو شیعرە:

*بە ڕواڵەت: گەنجی گەنج*
*بە دەروون: پیری پیر*
*دەترسێم زۆر زووتر ناچار بم دەروونم*
*لەو دیوی ڕواڵەتم بنێژم.*
*بە ڕواڵەت: گەنجی گەنج*
*بە دەروون: پیری پیر*

ئەوەیکە لەو شێعرەدا بەدی دەکرێ ئەوەیە کە لە سەرەتا و کۆتا بەشی شیعرەکە، لەسەر دوو حاڵەتی مرۆڤ پێ دابگرێ و لە نێوەڕاستی ئەو پێکهاتەیەدا بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو حاڵەتە پارادۆکس و دژوازەی وجوودی شاعیر هەبێت.

مارف ئاغایی تەنیا دوو شیعری درێژی هەیە بە ناوەکانی "سەفەری مەرگ و ژین" و "پەیام" کە لەژێر کاریگەرییەتی شێعری شێرکۆ بێکەس‌دان.

### دەرەنجام

مارف ئاغایی لەو شاعیرە هەڵکەوتووانەیە کە هیچ کات لە دەربڕینی ڕاستییەکانی کۆمەڵگە چاوپۆشی ناکا. شیعرەکانی مارف سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشن بۆ "وەرینی گەڵایەک، کوژرانی باڵندەیەک، پشکووتنی گوڵێک"، کە سەرنجی هەموو کەسێک ڕاناکێشن و بە لای هەموو کەسێکەوە گرنگ نین، بەڵام مارف بە هێنانە ئارای ئاشناییسڕینەوە لە هەر یەک لەم دیاردانەدا هەستێک بە دنیایەک حەقیقەتەوە دەردەبڕێ.

تا ڕادەیەک شیعرەکانی مارف تایبەتمەندی مەکتەبی ڕیالیسمیان هەیە. واتە مارف خۆی فریو نادا و هەر شتێک کە هەستی جووڵاندبا نیشانی دەدا. ئاواتەخوازی و چاوەڕوانی وەک دوو ڕاستەقینەی دیاریکراو لە شیعری مارفدا خۆ دەنوێنن.

***

### سەرچاوەکان:

١. ڕازی مانەوەی خاک (کۆکردنەوەی: هادی حەبیبی)
٢. کتێبخانەی کوردیکا (تەنیا ئەو شوێنانەی ئاماژەم پێ کردوون لە کتێبخانەی کوردیکام وەرگرتوون.)

* لەپۆرتاڵی زانکۆی "کوردستان" وەرگیراوە



# ڕۆڵی ئافرەت لە گوتنەوەی بەیتە فۆلکلۆرییەکاندا

## (ژنی کورد و بەیتبێژی)


ساباتت حەمید



**لە بەیتە کوردییەکاندا ژن بە چەند شێوەیەک دەردەکەون. بۆ وێنە لە بەیتی لاس و خەزاڵدا، خەزاڵ دەورێکی کردەیی و چالاکی هەیە و سەرۆکی عێل و عەشیرەتە و ئەمر و فەرمانی بە دەستە. بەڵام لە بەیتی سەیدەواندا، هەر دەنگی نییە جگە لەوەی ژن لەوێدا تەنیا لە ڕۆڵی ئەو بووکەدا دەردەکەوێ کە بە کچێتی دەگەڕێتەوە ماڵی باوان. لە بەیتی "کاکەمیر و کاکە شێخ"دا ژن واتە "ئەستێ و بوغدان" تەنیا شین دەگێڕن و هاوار و داد و فوغانێ دەکەن. لێرەش لە بەیتی سوارۆدا دەبینین یارکۆڵێی سوارۆ ڕۆڵێکی هاندەرانەی هەیە. سوارۆ هان دەدا لە مەیدانێ ورەی بەرز بێت. تەنانەت هەڕەشەشی لێ دەکات کە ئەگەر بێ و بە تێشکاوییەوە بگەڕێتەوە ئەوە لە خەوی سەر سینگ و مەمک و ماچی زەردەهەناران بێبەش و بێبەریی دەکات**

لە زۆربەی بەیتەکانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوەی هۆنەر و داڕێژەری دەقی بەیتەکەیە ئافرەتە نەک پیاو، بەڵام ئێمە هەر لە زاری پیاوانەوە بیستوومانەتەوە و بە داخەوە لەو بوارەدا دەنگی هیچ ئافرەتێک بەتۆمارکراوی نەماوەتەوە. بەیتی کاکەمیر و کاکە شێخ، ئازیزێ، بەشێکی زۆر لە حەیرانەکان، بەیتی سوارۆ و زۆر بەیتی دیکەمان هەن کە وێژەرەکەیان ئافرەت بووە، کەچی بەداخەوە بە دەنگی ئافرەت بەرهەمێکمان لەبەر دەستدا نییە و وەک باسمان کرد ئەوەی هەیە لە زاری پیاوانەوە بە ئێمە گەیشتووە. ئەو مەسەلەیە هەتا ئێستاش وەڵامێکی شێلگیری بۆ نەدۆزراوەتەوە و هەر کەسە و لە ڕوانگەی خۆیەوە هۆکارەکانی خستووەتە ڕوو. هەرچۆنێک بێ، ورد بوونەوە لەو دەقە بەیت و حەیرانانە ڕاستییەکمان بۆ ڕوون دەکەنەوە ئەویش ئەوەیکە ژنە کورد ئەگەر وەک پیاوان مەیدان و ڕێگەی پێ درابایە، لە تواناادا هیچی لە پیاوەکان کەمتر نەدەبوو و داهێنانەکانیشی ئەگەر لە پیاوان پتر نەبوایەن، لانیکەم شانیان لە شانی پیاوان دەدا. عەلی خزری نووسەر و ڕووناکبیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دیمانەیەکدا لە بارەی حەیرانەوە ئاوا وەڵامی دیمانەکار جەعفەر حوسێن پوور (هێدی) دەداتەوە:

**"ژنی کورد هەرچەند لەچاو ژنانی نەتەوە هاوسێیەکان سەربەستیی زیاتر بووە، بەڵام هیچکات ئەو سەربەستییە نەگەیوەتە ئەو ڕادەیە کە لە مۆسیقادا چالاکیی هەبێ. ئەگەر کوڵوکۆیەکی لە دەروندا بووبێ، بە بیانووی لاواندنەوەی منداڵ، ئەگەر ویستوویەتی ڕەخنە بگرێ و ڕق و کین بڕێژێ بە بالۆرە و ئەگەر ویستوویەتی بە ڕیتم دەروونی لە گرفتەکانی ڕوحیی پاک بکاتەوە، بە ئاهەنگی مەشکەژاندن سوکنایی هاتووەتێ. ژنی کورد زگماک هۆنەر بووە. ئەوەی ئەو لە لایەلایە و بالۆرە و مەشکەژاندن و شینگێڕیی مردوو و.. دا وەک هۆنراوە خوڵقاندوویەتی، لە باری نێوەرۆک و جوانیناسییەوە بێ وێنەیە و پیاوی کورد، لە کاری مۆسیقادا، ئەو سۆزە و دیالێکتانەی لە ژن وەرگرتووە و ئەوە کە لە حەیراندا لە زمان کیژەوە دەگوترێ، ئەمانەتدارییەکە لە لایەن پیاوەوە. ئەگینا ژن، ئەویش ڕاستەوخۆ، کەی ئەو دەرفەتەی بووە کە تواناییەکانی خۆی لە مۆسیقادا، ئەویش لە سەردەمێکدا کە تەنانەت بۆ پیاویش گۆرانی گوتن بە کارێکی سووک داندراوە، بهێنێتە مەیدانەوە؟"**

ڕەنگبێ ئاوڕدانەوەیەک لە شوێنی گرنگیدان بە بەیت و گوتنەوەی بەیت و حەیرانەکان، زۆر سەرەداوی گرنگمان بەدەستەوە بدەن لەسەر ئەوەی ئاخۆ بۆچی دەنگی ئەو ژنانە نەماونەتەوە.

بەسەرنجدان بەوەیکە ئەدەبی فۆلکلۆر ئەدەبی بەر لە خوێندەواری و قوتابخانەی میللەتە، دەبێ ئاوڕ لەو شوێنانە بدەینەوە کە ئەو ئەدەبەی لێ بەرهەم هاتووە یان لەوێوە پەرەی پێدراوە. هەموو بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن کە شوێنی پەرەپێدان بەیت و پشتگرتنی بەیتبێژان دیوەخانی ئاغا و دەرەبەگەکان بووە. ئەگەر لە دەرباری پادشاکاندا خەڵات پێشکەش بە شاعیرەکانیان دەکرا و دیارییان پێ دەبەخشران ئەوا کورد بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتێکی سیاسییەوە، جگە لەو چەند قۆناغە کورتەی سەردەمی ئەمارەتەکان، پێشتر دیوەخان باڵاترین دەسەڵاتی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری بووە و لە دیوەخانەکاندا حەیرانبێژ و خۆشخوان کۆ کراونەتەوە و بەخێویش کراون. مامۆستا هێمن لە پێشەکییەکەی توحفەی موزەفەرییەدا دەنووسێ: **"لە ناوچەی موکریان هەر ئاغایەک دانگە ملکێک، کۆنە دیوەخانێک، قوڵە بارگینێک، کەچە زینێک، پیرە تاژییێکی هەبایە، خۆشخوانێکی ڕادەگرت کە شەوانە لە دیوەخان بەیت و باوی بۆ بڵێ، لە وەختی نووستندا حیکایەتی بۆ بکا، لە شاییدا داوەت و ڕەشبەڵەکی بۆ بگێڕێ، لە سەنگەردا تانووتی لێ بدا. لە ڕاودا لەسەر تەماڵ پاییزە و ئازیزەی بۆ بڵێ، فڕان باوێتە دژمنی و بەندان بە دۆستی هەڵبڵێ و تەنانەت لە پاش مردنی شینی بۆ بگێڕێ."**

مام هێمن هەر لە درێژەی ئەو باسەیدا دەڵێ: **"تا ئاغا دەستڕۆیوتر، تا دێ ئاوەدانتر و گەورەتر، تا دیوەخان بە بێنە بێنەتر، تا ئەسپ ڕەسەنتر، تا زین و لغاو و ڕەحت و ڕێشمە پەرداختر، تا تاژی چێتر و دەم گەرمتر بان، خۆشخوانیش وەستاتر و شارەزاتر، نێر و پڕتر و کۆک و پۆشتەتر دەبوو."**

ئەحمەدی بەحریش لە کتێبی گەنجی سەربەمۆردا لەو بارەیەوە ئاوا دەنووسێ: **"لە زۆر ناوچەی کوردستان بە تایبەت لە موکریاندا ئاغا و دەرەبەگ لە گوند یا گوندەکاندا ژیاون. مانەوەی ئاغا لە دێدا داب و نەریت و هەندێک تایبەتمەندی داوە بەم ناوچەیە کە لە شوێنەکانی تر کەمتر بەرچاو دەکەوێ. یەکێ لە هۆیەکانی پەرەسەندنی پتری بەیت لە موکریاندا دەگەڕێتەوە سەر ئەم مەسەلەیە. هەر ئاغا و نیمچە ئاغا و قوڵەئاغایەک بەپێی دەستڕۆیشتنی، یەک یا چەند خۆشخوانی ڕاگرتووە تا لە کاتی شادی و کەیف خۆشی یا هاتنی میوان یا چوونە ڕاو، بە گوتنی خۆی مەجلیسیان بۆ بڕازێنێتەوە."**

ئەوە مەیدانێکی بەرین و هەراو بووە بۆ خۆشخوانە پیاوەکان و لانیکەم ئەوان ئەوەندە ئازادییەیان هەبووە بە کەیفی خۆیان دەنگ هەڵێنن و لەو پێناوەدا شاباش و خەڵاتیش وەرگرن. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا خۆشخوانە پیاوەکانیش بەردەوام کۆسپێکیان لەبەردەمدا بووە کە ئەویش فتوای مەلا و قسەی مەلا بووە. مامۆستا هێمن لە توحفەی موزەفەرییەدا لەو بارەیەوە دەڵێ: **"خۆشخوان لە دێدا هەر ناحەزێکی هەبوو، ئەویش مەلای گوند بوو. کەم وابوو دانوویان پێکەوە بکوڵێ. مەلا وشکەکان خۆشخوانە دڵتەڕەکانیان خۆش نەدەویست. ناویان نابوون چاوەش. بە چاوی سووک چاویان لێ دەکردن. تا مەلا تەشریفی لە دیوەخان بووبایە خۆشخوان دەبوو قڕوقاپ دانیشێ و متەقێ نەکا."**

بەو پێیە کە شوێنی حەوانەوە و تەنانەت پاڵپشتی حەیرانبێژ و بەیتبێژ و بە گشتی خۆشخوانەکان دیوەخانی ئاغا بووبێ، زۆر لایەنی دیکەمان بۆ ڕوون دەبنەوە. یەکێک لەو لایەنانە ئەوەیە کە دیوەخان شوێنی کۆبوونەوەی پیاوان بووە و ژن بە هیچ شێوەیەک ڕێی نەکەوتووەتە دیوەخانەوە و لە ئاکامدا هیچ پاڵپشتێکیشی نەبووە کە بە قەولی خەڵکی سەردەمی ئێستامان "سپۆنسەر"یان بێت. کە سەیری ئەو لایەنەی دیکەیش دەکەین کە تەنانەت پیاوەکانیش ڕێگەی هونەرەکەیان بێ کۆسپ و لەمپەر نەبووە و بەردەوام مەترسیی فتوایەکی ئایینییان لەسەر بووە، دەی دەبێ ژن چ ڕێگەیەکی لەبەر بووبێت. ئەو ژنەی کە لە کۆمەڵگاکەیدا تەنیا بەسەرچاوەی چێژگەیاندن بە پیاو و بەخێوکەری منداڵ سەیری کراوە و هەموو سووکایەتییەکیشی پێ کراوە؟ خۆی ئەو چەند نموونەیەی هێنامانەوە، ڕوون و ئاشکرا پێمان دەڵێن هۆکاری ونبوون و دیارنەمانی دەنگی ژن چ بووە.

کورتی ببڕینەوە، بەشێکی زۆر لە هۆنراوە و بەیت و حەیرانەکان وەک باسمان کرد، ژنان هۆنەر و دانەریان بوونە، ئێمە لە نێویاندا بەیتی سوارۆمان وەک نموونە هێناوەتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو بەیتە هەتا ئێستا بەپێی پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و کاری لەسەر نەکراوە.

### ژن لە بەیتی سوارۆدا

وەک پێشتریش باس کرا بەیتی "سوارۆ" یەکێکە لەو دەقە فۆلکلۆرییانەی کە پڕاوپڕە لە ڕەگەزی شێعری و خەیاڵی ناسکی شاعیرانە، کە دڵنیام، دانەری ئەو بەیتە ناخی پڕ بووە لە شێعری خۆشەویستی. هۆنەری ئەو بەیتەش ئافرەتە. ئەم بەیتەش بەمەرەدی دەقە فۆلکلۆرییەکانی دیکە چووە و پیاوان لە زمانی ئافرەتەکەوە دەیڵێنەوە. دیسانیش هەر پیاوە نوێنەرایەتیی ئافرەت دەکاتەوە.

بەیتی سوارۆ چیرۆکی ڕۆیشتنی فەرماندەیەکی سوارچاکە بۆ شەڕێکی پڕ لە مەترسی. سوارۆ بەر لەوەی بچێتە شەڕ، دێتە لای گراوی (مەعشووق)ـەکەی و وێڕای ماڵاوایی و گەردن ئازایی، داوای ماچێکی لێ دەکات. بەڵام کچە پێی نادات...

**"ئەوە دوێنێ چووکەڵە سوارەکەی من**
**دەچۆوە سەفەری کاولە لەحسایە**
**ئەوە دەیکوت کیژێ وەرە دوو ماچم**
**دەیە**
**بەسەری بەقوڕ و بە ملی بەکوێنم**
**ڕووم لێ وەردەگێڕا**
**هەی لاڵ ببم نەمدەدایە...**
**ئەوە لە دوایی دەچوومەوە پێش**
**چووکەڵە سوارەکەی خۆم**
**زولفی خۆمم لەبەر دەگێڕا و مەمکی**
**خۆمم بۆ دەبردەوە تکایە**
**شەرت بێ بە شەرتی خوداو ڕەسووڵان**
**چووکەڵە سوارەکەم بێتەوە لەوێ**
**شەڕێ هەرامەتە لەوێ هەڵایە**
**ئەمن سینگی خۆمت بۆ دەکەمە بە**
**کاغەزەکە مەرجان و**
**مەکی خۆمی بۆ دەکەم بە قەڵەمەکی**
**فەرەنگی**
**هەروەکوو مەلای دوازدە عیلم**
**شەوتا ڕۆژێ لێ بکا موتاڵایە..."**

لێرەدا ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر سەرنجمان ڕادەکێشێ ئەوەیە کە کچە لەو کاتە ناسکەشدا، ماچی پێ نادا و تەنانەت دواتریش کە خەم دایدەگرێ و دەچێتەوە پێش "چووکەڵە سوارەکەی خۆی..." دیسانیش ناچێتەوە ماچی پێ بدا، بەڵکوو دەچێ کۆمەڵێک مەرجی بۆ دادەنێ بۆ پێدانی ماچ و شەو ڕاموسانێ. کە دەبینین یەکەم مەرجەکەی ئەوەیە لەو شەڕە بگەڕێتەوە ئینجا ئەو ".. سینگی خۆی بۆ دەکات بە کاغەزێکی...."

زۆریان گوتووە و هەر دەشیڵێنەوە "لە پشت هەموو پیاوێکی سەرکەوتووەوە ئافرەتێکی مەزن هەیە" بەڵام کەمتر نموونەی خۆماڵیمان بۆ دەهێننەوە. لەم بەیتەدا ئەو دیاردەیە بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێ. لێرەدا ئافرەت ناڵێ "وەگەڕێ و مەچۆ شەڕێ، ئینجا ماچت دەدەمێ..." بەڵکوو بەجۆرێک لە جۆرەکان هانی دەدا و هیواداریشی دەکا ئەگەر بگەڕێتەوە نەک هەر ماچێک بەڵکوو لە نیشتیمانی سەوزی جەستەیدا سەربەست و ئازادی دەکات. دیسان هەر لە زمانی ئەو ئافرەتەوە لە درێژەی بەیتەکەدا وێڕای ئەوەیکە ئافرەتەکە بۆی دەپاڕێتەوە کەلە تیری ئەجەل دوور بێت و هاوارێ دەباتە بەر پیر و پیاوچاکان و بۆی دەپاڕێتەوە لە نەهامەتی بیپارێزن، هەر لەو کاتەشدا هانی دەدات کە دەبێ لە شەڕگەدا ئازا و نەترس و بەجەرگ بێت، ئەگینا لە باخی زەردە هەناران، بێبەریی دەکات. کەوابوو مەرجی ئەو ئازادکردنەی سوارۆ هەر ئەوە نییە بە سەلامەتی بگەڕێتەوە، بەڵکوو لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە پاڵەوانێتی بنوێنێت. کچە پێی دەڵێ: **"ڕەبی سوارۆ ئەمن خەبەری مەرگی تۆم بۆ بێت نەک ئەوەی ببیستمەوە تۆ سەری لەشکرێ خۆت وەرگێڕاوە لەبەر هەزار و پێنج سەت سواران، نەکەی ئەمن خەجاڵەت و شەرمەزار بکەیتەوە لە نێو شەدەشل و خاڵ لەمل و ناسک و نازداران..."**

لێرەدا خاڵێکی گرینگ و شاراوەی دیکەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە کچە، دیارە لەنێو کۆڕی دەستەخوشکانیدا زۆری تاریفاتی سوارۆ کردووە و وەک پاڵەوانێکی نەبەز بەوانی ناساندووە. هەربۆیە پێی خۆشە خەبەری مەرگی خۆشەویستەکەی ببیستێ بەڵام نەبێستێتەوە کە بەزیوە و ڕایکردووە ئەویش لەبەر چەند کەسان؟ لەبەر هەزار و پێنج سەت سوار!!

لە بەیتە کوردییەکاندا ژن بە چەند شێوەیەک دەردەکەون. بۆ وێنە لە بەیتی لاس و خەزاڵدا، خەزاڵ دەورێکی کردەیی و چالاکی هەیە و سەرۆکی عێل و عەشیرەتە و ئەمر و فەرمانی بە دەستە. بەڵام لە بەیتی سەیدەواندا، هەر دەنگی نییە جگە لەوەی ژن لەوێدا تەنیا لە ڕۆڵی ئەو بووکەدا دەردەکەوێ کە بە کچێتی دەگەڕێتەوە ماڵی باوان. لە بەیتی "کاکەمیر و کاکە شێخ"دا ژن واتە "ئەستێ و بوغدان" تەنیا شین دەگێڕن و هاوار و داد و فوغانێ دەکەن. لێرەش لە بەیتی سوارۆدا دەبینین یارکۆڵێی سوارۆ ڕۆڵێکی هاندەرانەی هەیە. سوارۆ هان دەدا لە مەیدانێ ورەی بەرز بێت. تەنانەت هەڕەشەشی لێ دەکات کە ئەگەر بێ و بە تێشکاوییەوە بگەڕێتەوە ئەوە لە خەوی سەر سینگ و مەمک و ماچی زەردەهەناران بێبەش و بێبەریی دەکات.

ئەو قەول و بەڵێنانەی کە کچە بە سوارۆی دەدا لە ڕووی دەروونزانییەوە ئەگەر سەیری بکەین، دەبێتە هۆی پتەوترکردنی ورەی جەنگاوەرەکە. خۆ ئەگەر سوارۆ بەردەوام تەنیا لەبیری ئەوە دابێت کە خێرا بگەڕێتەوە بەشکم نازدار حەیران سینگ و مەمکی بۆ ئاوەڵا بکات، ئەوە لەوانەیە ئەوەندەی خەیاڵی لای شەوژوانێکی داهاتوو بێت، نیو ئەوەندە بیری لە لای جەنگاوەرانی لەشکرەکەی و هێزی دوژمنەکەی و شێوازەکانی شەڕ و پەلاماردان و سەرکەوتن نەبێت. هەر بۆیە مەرجی ئەو پێکگەیشتنە نەک تەنیا گەڕانەوە بەڵکوو سەرکەوتنی پڕ دەستکەوتە.

***

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:802 6 July 2021

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312

بەر لە ماڵاوایی

# لە کانیی بیری قاسملووەوە

**پشتبەستن بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان**

«لەپێشدا با بایەخ بە هێزی بێپایانی گەلی کورد بدەین. ئەگەر پشتیوانیی خەڵکی خۆمان هەبێ، ئەو کاتە پشتیوانیی دیکەمان زۆر دەبێ و هەلومەرجی سەرکەوتن باشتر ئامادە دەبێ... ئێمە زۆر جارمان باس لە هۆکاری سەرکەوتنەکانی حیزبی خۆمان (حیزبی دێموکرات) کردووە. گوتوومانە کە سیاسەتی ئوسوولی و واقعبینانە و بوونی هێزی پێشمەرگەو قارەمانەتی پێشمەرگە، نوقتە قووەتی حیزبی ئێمەن، بەڵام لە هەمووی ئەوانە گرینگتر پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە.»

**سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی بڕیاردان**

«حیزبی دێموکرات، حیزبێکی سەربەخۆیە و سەربەخۆیی خۆی لە هەموو شتێکی دیکە بەلاوە گرینگرە. ئەوەی بە قازانجی خۆی و خەڵکی بزانێ جێبەجێی دەکا و هیچ کەس و لایەنێکیش ناتوانێ نەزەری خۆی بەسەردا بسەپێنێ».

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک سەرمایەیەکی نەتەوەیی**

«لەگەڵ ئەوەیکە بۆ ئێمە وەک حیزبی دێموکرات سەرمایەی هەرە گەورەمان پشتیوانیی گەلی کوردە، بەڵام هێزی پێشمەرگەش لە گەل جیا نییە و جیاش ناکرێتەوە. بۆیە پێشمەرگە و خەڵک دوو لا نین و من پێم‌وایە لە جێدا قسەکردن لە یەکگرتوویی خەڵک و پێشمەرگە درووست نییە».

**ڕێزگرتن لە کەسایەتیی فەردیی ئینسان**

«هیچ نێعمەتێک لە جیهاندا لە «ئازادی» بەنرختر نیە. ئازادی کەرامەت و شەخسییەت دەدا بە ئینسان. ئازادییە کە ڕێگە نادات ئینسان بکرێ بە مۆرە. ئینسان دەبێ لە حاڵەتی مۆرە بێتە دەر و ببێتە شەخسییەت و ببێتە «فەرد»ێکی زیندوو و چالاکی نێو کۆمەڵ».

**وتووێژ وەک پرنسیپ و شێوەیەک لە خەبات**

«لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا هیچکام لە داخوازییە بنەڕەتییەکانی ئێمە دەستەبەر نابن. بەڵام حیزبی دێموکرات وەک نوێنەری زۆربەی خەڵکی کوردستان هەر کات بە پێویستی بزانێ، حەقی خۆیەتی لە پێناوی گەیشتن بەداخوازییەکانی گەلی کورد لەگەڵ ئەم ڕێژیم یا ئەو ڕێژیمدا وتووێژ بکا. چونکی وەک بنەمایەک ئێمە وتووێژ بە شێوەیەک لە خەبات دەزانین.»

**چەسپاندنی یەکیەتیی فکری و سیاسی**

«پتەوکردنی «یەکیەتیی سیاسی و فکری»، ئەرکێکی بنەڕەتییە، کە دەکەوێتە سەرشانی هەموو ڕێکخراوە حیزبییەکان. دیارە هەموو ئەندامانی حیزب لە بارەی مەسەلە سیاسییەکان وەک یەک بیر ناکەنەوە. ئامانجیش ئەوە نییە کە وەک یەک بیر بکەنەوە. چونکی ئەوە نە مومکینە و نە بە قازانجی تێکۆشانی حیزبیشە. مەبەست لەو یەکێتییە، ئەستاندنەوەی داهێنانی فکری لە ئەندامانی حیزبی نییە. بیر و باوەڕی جیاوازی دێموکراتیکی ئەوان، کلیلی چارەسەریی دروستی گیروگرفتەکانی حیزب بۆ بەرەوپێشچوونیەتی. بەڵام ناکرێ ئەندامی حیزبی دێموکرات بین و پێڕەوی لە زەمینەی فکریی حیزب و سازمانێکی دیکە بکەین».

**باوەڕمەند بوون بە دێموکراسی، وەک ئامانجێکی بەرزی سیاسی**

«دێموکراسیمان بۆیە دەوێ، چونکی هەم خودموختارییەکەمان (ئامانجەکەمان) دەپارێزێ هەم خۆمان حیزبێکی دێموکراتین و ئیمانێکی قووڵمان بە دێموکراسی هەیە، بۆیە دێموکراسی بۆ ئێمە وەک حیزبێکی دێموکرات، هەدەفە... بوونی بیروبۆچوونی جیاواز لەنێو ڕیزەکانی حیزبدا نە تەنیا بە خراپ نازانین، بەڵکوو بە کلیلی چارەسەرکردنی درووستی گیروگرفتەکانی دەزانین کە دەبێتە هۆی بەرەپێشچوونی حیزب».

**بەرەنگاریی پێشمەرگانە (چەکداری)**

«ئێمە زۆر جارمان هەر لێرەوە ڕاگەیاندووە کە لایەنگری ئاشتیخوازانەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردین. زۆر جار وتوومانە کە میللەتی کورد شەڕخواز نییە، میللەتی کورد شەڕی ناوێ، بەڵام میللەتی کورد داوای حەقی مەشرووعی خۆی دەکا. زۆر جار هەر لەم مەیدانەوە ڕامانگەیاندووە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەموو وەختێک ئامادە بووە و ئامادەیە بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئاشتییەوە میللەتی کورد بە ئاواتی خۆی بگەیێنێت و وەزعێکی وا پێک بێنێ کە میللەتەکەمان پاش وەرگرتنی خودموختاری خۆی بتوانێ ژیانێکی بەختیار بۆ خۆی درووست بکا. ئەوە ئێمە نەبووین، پێشمەرگە قارەمانەکان نەبوون کە ئەو شەڕەمان دەست پێ کرد. شەڕ لە لایەن ئەو کەسانەوە دەست پێکرا کە بە فانتۆم، هێلیکۆپتێر، تۆپ و تانگ وڵامی پەیامی ئاشتیخوازانەی ئێمەیان دایەوە. بۆیە ئەوە شەڕێکە کە بە سەر خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا سەپاوە».

## پەردەلادان لەسەر کتێبی «دژوارییەکانی ڕێگای خەبات»




ڕۆژی دووشەممە، ١٤ی پووشپەڕ لە ڕێورەسمێکدا پەردە لەسەر کتێبی دژوارییەکانی ڕێگای خەبات (دشواری‌های راه مبارزه)، نووسینی فەرماندەی حیزبی دێموکراتی کوردستان «برایم چووکەڵی» لادرا. ئەم کتێبەکە بەسەرهاتی ئەم ڕووداوانەیە کە نووسەر لە قۆناغێکی ١٥ ساڵ خەباتی پێشمەرگانەیدا وەک ئەکتەرێکی مەیدانی دەوری تێدا بووە.

لەو ڕێوڕەسمەدا عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی لە نێوەڕۆکی کتێبەکە و ڕۆڵی نووسەر لە ساڵەکانی بەرگریی چەکداریی حیزب لە کوردستان کرد و نووسینی بیرەوەری و ڕووداوەکانی ئەو ساڵانەی بۆ مێژووی کورد و حیزبی دێموکرات و نەوەی داهاتوو بەرز نرخاند.

قسەکانی هەردی سەلیمی، وەرگێڕی ئەم کتێبە بۆ سەر زمانی فارسی، خوێندنەوەی شێعرێک لەلایەن ڕەسووڵ سوڵتانی لە وەسفی پێشمەرگەی نووسەردا و، هەروەها برایم چووکەڵی، نووسەری «دشواری‌های راه مبارزە» و پەردەلادان لەسەر کتێبەکە چەند برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

«ئەزموونی مودیرییەت و فەرماندەیی»، «لە چیاکانی موکریانەوە تا دەشتی کۆیە»، «قەڵای بەرخودان»، «ڕۆژە سەختەکان»، «فەرماندەرانی شەهید»، «ئەستێرە گەشەکانی ڕێی خەبات»، «چەپکێک لە حەماسەی پێشمەرگە» چەند بەرهەمێکی دیکەی پێشمەرگەی نووسەر برایم چووکەڵین.

## یادی شەهیدانی ژینگە لە مەریوان و سنە بەرز ڕاگیرا

ڕۆژی سێشەممە، ٨ی پووشپەڕ ئەندامانی ئەنجومەنی ژیوای پاوە، گرووپی شاخەوانیی قەندیلی ڕوانسەر و ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان بە چوونە سەر مەزاری گڵکۆی موختار خەندانی، یاسین کەریمی و بیلال ئەمینی و بە دانانی تاجە گوڵینە لەسەر مەزاریان، یادی ئەو شەهیدانانەی ژینگەیان بەرز ڕاگرت.

ڕۆژی پێشتریش ڕێکخراوی ژینگەیی پیرانشار ڕێوڕەسمێکی بەبۆنەی شەشەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی ڕێکخراوی ژینگەیی ئە شارە و، بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی شیمیابارانی سەردەشت و هەروەها یادی شەهیدانی ژینگەی ئەنجومەنی «ژیوای» پاوە بەڕێوە بردبوو.

ئەو سێ ئەندامەی ئەنجومەنی «ژیوای» پاوە، ڕۆژی ٨ی پووشپەڕی ساڵی ڕابردوودا لە کاتی کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی «مەڕەخێڵ» گیانیان لەپێناو سەوزی و بەرزیی نیشتمانەکەیاندا بەخشی.

هەروەها ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٨ی پووشپەڕیش کۆمەڵێک لە چالاکانی ژینگەیی و شاخەوانانی شاری سنە لە هەڵمەتێکدا بۆ بەرزڕاگردنی یادی چوار ئەندامی کۆچکردووی ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان بە سەر کێوی «ئاویەر»دا سەرکەوتن.

لەو چالاکییەدا یادی ئەو چالاکانەی گرووپی شاخەوانیی ئەنجومەنی سەوزی چیای «مەریوان» بەرز ڕاگیرا کە ڕۆژی هەینی ١٤ی جۆزەردان لەڕێگای «مەریوان- سەقز» تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بوون و گیانیان سپارد.





## ڕێژیم نەیهێشت ڕێوڕەسمی ڕۆژی «بۆز سینا» بەڕێوە بچێ



ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی ڕێگەیان نەدا ڕێوڕەسمی ڕۆژی «بۆز سینا» بەڕێوە بچێ. بڕیار بوو ڕۆژی پێنجشەممە ٣ی پووشپەڕ ڕێوڕەسمێک بەبۆنەی ڕۆژی «بۆز سینا» لە ناوچەی «مەرگەوەڕ»ی سەر بە پارێزگای ورمێ بەڕێوە بچێ کە سپای پاسداران بە جێگیرکردنی هێزەکانی پێشی پێ گرت.

جێی بیرهێنانەوەیە کە ڕۆژی ٣ی پووشپەڕ ساڵی ڕابردوو کەسانێکی سەر بە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم تابلۆی «بۆز سینا»یان بە ئامانجی نانەوەی ئاژاوە و ناکۆکی لەنێوان کورد و ئازەرییەکانی ئەو ناوچەیە هەڵگرتبوو.

بۆز سینا، یان واری سینا لە کوێستانەکانی نێوان شنۆ و ورمێ هەڵکەوتووە و یەک لە دیمەنە سروشتییە هەرە دڵڕفێنەکانی کوردستانە.

## کۆچەر بیرکار وەک یەک لە مامۆستایانی زانکۆکانی جیهان هەڵبژێردرا

زانکۆی «شینگ هوئا» لە چین کە یەکێک لە باشترین ناوەندەکانی زانستی لە ئاستی جیهان‌دایە پرۆفیسۆر «کۆچەر بیرکار»ی وەک مامۆستای ئەو زانکۆیە هەڵبژارد. فەریدوون درەخشانی، ناسراو بە کۆچەر بیرکار، ساڵی ١٣٥٧هەتاوی، لە گوندێ نێ، سەر بە شاری مەریوان لەدایک بووە. قوناغەکانی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی لە گوندی نێ و شاری مەریوانی تەواو کردووە و، لە زانکۆی تاران بڕوانامەی کارناسی و لە زانکۆی «ناتینگهام»ی بریتانیا بڕوانامەی دوکتورای بیرکاریی وەرگرتووە.

کۆچەر بیرکار تا ئێستا چوار خەڵاتی جیهانیی بەدەست هێناوە کە بریتین لە: خەڵاتی بنکەی بیرکاریی پاریس، خەڵاتی لێڤێرهووڵم، خەڵاتی مۆر بۆ وتاری لێکۆڵینەوەی ٢٠١٦ی زایینی و خەڵاتی جیهانیی بیرکاریی (فیلدز) لە ساڵی ڕابردوودا.

